٨
کانوونی دووەمی
٢٠٢٦

# نووسەری کورد

گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیرییە، یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ

رەخنەی رەخنە

❉د. ڕێبین خەلیل

ژ دزیێن ئەدەبی و هەتکبەرییێن مەزن د دیرۆکا ئەدەبیاتا جیهانیدا

❉شەماڵ ئاکرەیی

بۆچی خەیاڵی زانستیی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا هەژارە؟

❉فازڵ شەوڕۆ

پێگەی کۆمەڵناسیی ئەدەبیات لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا

❉ عەبدولخالیق یەعقوبی



## زمان بنچینەی داهێنانە لە چیرۆکدا

❉ سابیر رەشید

نووسەری کورد
گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیرییە، یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ
٨ کانوونی دووەمی ٢٠٢٦

8
Jan.
2026

# Nûserî Kurd

Kovareka Rewşenbîriye Êketiya Nivêserên Kurd Derdêxît



تابلۆی هونەرمەند: شاکار عومەر

# نووسەری کورد

8
کانوونی دووەمی
2026

**گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیرییە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ**

خاوەنی ئیمتیاز.
یەکێتیی نووسەرانی کورد

سەرنووسەر
پرۆفیسۆر د. هیمداد حوسێن

جێگری سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

دەستەی نووسەران
ئەحمەد عارف
نیازی حەمەعەزیز

پێداچوونەوەی زمان و ڕێنووس
حەمە ئەحمەد جاف

بەڕێوەبەری هونەری
سەید ئارام

بەرگ: فەهد شوانی

● ناوەرۆکی بابەتەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکات
● دەتوانن بابەتەکان بۆ ئەم ئیمێڵانە بنێرن:
nusarikurd@gmail.com
hemdad9@gmail.com

ژمارەی سەرنووسەر
009647504617267

بەڕێز ڕەوەند مەلا مەحموود تێچووی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆ گرتووە

■ نرخ (٢٠٠٠) دینار
■ تیراژ (٥٠٠) دانە

ناونیشان: هەولێر جووت سایدی عەداڵە

## لەم ژمارەیەدا

**رەخنەو توژینەوە:**


- د. ڕێبین خەلیل: رەخنەی رەخنە (١-٢) .......................... ٤
- کانیاو رەحمان: رووداوە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە ئافرەتان .... ١٨


**وتار:**


- فازڵ شەوڕۆ: خەیاڵی زانستی منداڵان.... ........................ ٤١
- عبدالخالق یەعقووبی: پێگەی کۆمەڵناسیی..... ................... ٥٧
- شەماڵ ئاکرەیی: ژ درێیێن ئەدەبی و هەتکبەرییێن مەزن ............ ٧٢


**دیمانە**


سابیر رەشید: زمان بنچینەی نوێگەرییە لە چیرۆکدا ............ ٧٧


**شیعر:**


- هلبین باقر: شەڤ تو تەنایی ..................................... ٩٧
- گوشاد حەمەسەعید: کچێک ناوی قوبادی جەلیزادەیە ............ ١٠٠
- سوهەیلە مێهەمی: تەعتیل دەبم لە پیاسەو چەتر ............... ١٠٢
- شلیر ئارۆشا: ناساریست ...................................... ١٠٤


**چیرۆک:**


- د. نەفیسە ئیسماعیل: بێهیڤیبوون ............................ ١٠٦
- سەلام عومەر: گۆڕان ........................................ ١٠٨
- مستەفا مەستور: کوشتن، و:مەحمود هۆمەر باوزێ ............... ١١٩
- لیلیکا ناکۆس: دایەنی، و. مەجید هەرشەمی..................... ١٢٧


**خوێندنەوەی کتێب:**


- مستەفا سوڵتانی: رۆمانی رەشە رەیحانە ........................ ١٣٢
- ئارام حاجی: لە جێگیربوونی مەراقەوە ......................... ١٤٣
- لودیوک وینگنشتاین: سنووری زمانەکەم، و. فەریدوون سامان .... ١٥٨

## ئەدەبیات لە روانگەی زمان و جێندەرەوە



سەرنووسەر

ئەدەبیات کردەیەکی مرۆڤە و بە زمان و شێوازی خۆی داهێنان دەکات و هەست و سۆز و هزری خۆی بە دەقیک لە چوارچێوەی قاڵبیکی ئەدەبی و هونەری دەردەبڕێت. وەک چۆن روانگەو دید و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بە تەواوی لەیەکناچن هەروایش شێواز و دەربڕینی دەقەکانیش پێک ناچن. لەلایەکی دیکەوە پێکهاتەی سووڕی ژیان و رەگەز و زمانی کۆمەڵایەتییش وەکو یەک نییە. هەربۆیە ئەدەبی ژنان و ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی نەوجەوانان یان مێردمنداڵانییشی لێکەوتۆتەوە. هەندێ کەس ئەم دابەشبوونە بە هەڵە دەزانێ و پێیوایە ئەدەبیات لە هەموو سەردەم و لە هەموو جیهاندا پەیامێکی مرۆڤدۆستانەی هەیەو ناکرێ ئەدەبی ژنان و پیاوان لێکجودا بکرێتەوەو ئەمە هەنگاوێکی دروست نییە و تاڕادەیەک غەدر و زوڵم لێکردنە لە رەگەزی ئەویتر. وەلێ دەگەڵ ئەوەشدا ژنان خۆیان ئەو راستییە دەدرکێنن،کە ئەوان جیاوازن لە زمانی گێڕانەوەو هزری تایبەتی خۆیان لە هەمبەر هەندێ مەسەلەی تایبەت بە ژنانەوە هەیە. خۆ ئەو مەسەلەیە تەنێ لای ئێمە نییە، لە ئەدەبیاتی دەرو دراوسێشمان کێشەی لەسەرەوو لە کن عەرەبەکان (السرد النسوي) و لای فارسەکان (نوشتاری زنانە) و لای ئەوروپاییەکانیش بە تەرزێکی دیکە و بە ناونیشانی (روانگەی فیمینیستی) جیاکاری کراوە.

زانستی زمان ئەو راستییەی دەرخستووە،کە زمانی ئاخاوتنی ژنانە لەگەڵ پیاوان جیایە. خۆ لە بواری رەخنەی ئەدەبییشدا مەبەست لە ئەدەبی ژنان ئەو دەقانەنەیە ژنان بە بوێرانە دەردەدڵی خۆیان دەکەن،بەتایبەتی ئەو هەستەی بەرامبەر بە پیاوان و روانینی ناجۆر و نادادپەروەری و نایەکسانی لە کار و ئەرکدا هەیانە یان بەرامبەر بە دەسەڵات و سیاسەت و ئالنگارییەکانی ژیانی رۆژانە. جاری وا هەیە سەرسامین بەو جورئەت و ئازایەتییەی زۆر راستگۆیانە ژنە نووسەرێک خۆی دەنووسێتەوە. بۆ دەبێ ئەو دەستەواژەیە نەنگی بێت ئەدەبی ژنان؟ بۆ ئاساییە ئەدەبی منداڵان و مێردمنداڵان هەبێت؟

ئێمە لە گۆڤاری (نووسەری کورد)دا لەو روانگەیەوە هەوڵماندواەو دەیدەین لە هەموو ژمارەیەکدا بەرهەمی داهێنەرانەی ژنە نووسەرەکان بڵاو بکەینەوەو بە باوەڕیکی بە هێزەوە ئەو جیاوازییە لە بەینبەرین و تەنانەت نووسینەوەی مێژووی ئەدەبییشمان بەبێ ئەو قەڵەمە جوانانە پڕ لە کەموکورتی دەبێت.

# ڕەخنەی ڕەخنە

**(١-٢)**



**د.ڕێبین خلیل**

## زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە:

یەکێک لەو زاراوانەی دونیای توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی و مەعریفی تەنیووە، (ڕەخنەی ڕەخنە)یە. زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە بۆ یەکەمجار لەلایەن (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ)ەوە بەکارهێنراوە، کاتێک ئەم زاراوەیەی کردە ناونیشانی کتێبەکەی بەناوی (ڕەخنەی ڕەخنە)،کە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەو شرۆڤەکردنی هەندێک بەرهەمی ڕەخنەیی، ئەو بەرهەمانەی کە لەبارەی ئەدەبەوە نووسراون و لە ڕوانینی جیاوازەوە ئەدەبیان خستۆتەڕوو، بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە ( (بوارێکی نوێیە، کە یەکەم نیشانەکانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە.

یەکەم هەوڵ لەم بـــــوارەدا لەلایەن (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ) لە کتێبی (ڕەخنەی ڕەخنە) ( un – critique la de critique apprentissage'd roman)دا بوو. لەم کتێـــبەدا هەوڵـــی ڕوونکـــردنەوە و پێـــداچوونەوەی هەنـــدێک بەرهەمـــی ڕەخنەیـــی دا، لە ڕوانـــگەیەکەوە کە لەسەر بنەمای دووبارە پێداچوونەوەو تــــوێژینەوە لە چـــۆنێتی شـــێوازی بیرکردنەوە لە ئەدەب لە قۆناغی نێوان ســـاڵانی (١٨٢٣) تـــا (١٨٢٩). ئەم خستەنەڕوو و ڕوونکردنەوەیەی ئەدەبی ئەو ماوەیە وایکرد (تـۆدۆرۆڤ) یەکەم کەس بێـــــــــــت، کە ئەم زاراوەیە بەکاربێنێـــت)) (جوینی، ٢٠١٩، ١٨٣). لەم بـارەیەوە دەڵێـت:لێرەدا ئامـانجم بـریتییە لە چارەسەرکردنی دوو بابەتی بەناویەکـداچوو، کە لە هەر یەکێکیانـدا بەدوای ئامـانجێکی دوانەییدا دەگەڕێم. لەلایەک ئامـانجمە بایەخ بەو چۆنێتییە بدەم کە تێیدا بیر لە ئەدەب و ڕەخنە کـراوەتەوە، لە هەمـان کاتیشدا هەوڵـی ڕوونکردنەوەی ئەوەش دەدەم، کـام بیـر و تەوژم لەبـارەی ئەدەب و ڕەخـــنەوە دروستن (تودوروف، ١٩٨٦، ١٦). ئەم هەوڵەی (تـــۆدۆرۆڤ) بە یەکەمـــین هەوڵـــی قســـەکردن لەبـارەی بەرهەمە ڕەخنەییەکـان دادەنرێت، هەرچەنـدە لە کتێـبەکەی ئەودا هـیچ لایەنێکی تیـۆری لەبارەی ڕەخنەی ڕەخنەوە بوونی نیـیە، چونکە (تۆدۆرۆڤ) ڕاستەوخۆ ڕەخـنەی ڕەخـــــنەی لە بـــــواری پڕاکتیکـــــدا خســـتۆتەڕوو. تەنانـــەت لـــە پڕۆســـە پڕاکتیکییەکەیـدا پێـڕەوی هـیچ تیـۆر و میتــــۆدێکی ڕوون و دیاریکراویشـــــی نەکردووە. بۆیە ئەم کارەی (تۆدۆرۆڤ) بە سـەرەتای ئەو هەوڵانە دادەنرێـت کە لە بـــــواری ڕەخـــــنەی ڕەخـــــنەی پڕاکتیکییەوە نووسـراون و هەوڵـێکە بـۆ خســـتنەڕووی تێڕوانینێکـــی ڕەخنەیـــی لەبارەی ئاڕاسـتە و تەوژمە ڕەخنەیی و فیکرییەکـــان کە لە ئەدەب و ڕەخـــنەی ئەدەبـــی مـــاوەی ســـەدەی بیســـتەمدا باوبوون.

جگە لەم زاراویە زاراوەی تـر هەن کە هەمان مانا و چەمکیـان هەیە و بـۆ ئەم بـوارە یـان هاوشـانی ڕەخـنەی ڕەخـنە بەکارهاتوون، لەمانەش:

- شـــیکردنەوەی گوتـــاری ڕەخنەیـــی (تحلیل الخطـاب النقـدي) (یقطـین، ١٩٨٩: ٤٦).
- خوێنــدنەوەی خوێنــدنەوە (قــراءة القراءة)
- خوێنـدنەوەی ڕەخـنـە (قـراءة النقـد) (یقطین، ١٩٨٩: ٤٧).
- مێتـــا ڕەخــــنـە (مـــا وراء النقـــد métacritique) (ایغلتون، ١٩٩٥: ٥٤).
- ڕەخـنـەی دیـالۆگی (النقـد الحـواري) (تودوروف، ١٩٨٦: ١٤٣).
- گوتاری وەسفکاری ڕەخـنـە (الخطـاب الواصــف للنقــد) (ســویکي، ٢٠٢٠: ٤٦).
- دەقـــی ســـێیەم (الــنص الثالــث) (التمارة، ٢٠١٧: ١٣-١٤).
- ناسینی مەعریفەت (معرفة المعرفـة) (لحمداني، ١٤: ٧).
- ڕاڤەی ڕاڤە (تفســـیر التفســـیرات) (مجکوعة من الکتاب، ١٩٩٧: ٩).
- گوتــاری گوتــار یــان گوتــار لەســەر گوتـــار (خطـــاب علـــى الخطـــاب) (Barthes, 1974: 255).
- ڕەخــنـەی شــرۆڤەکار (النقد الشــارح) (عصفور، ١٩٩٨: ٢٧٣).
- داهێنانی ڕەخنەیی (ابداعیة النقد)
- ســــــتراتیژیەتی خوێنـــــــدنەوە (استراتیجیة القراءة)

لە ســـەرچاوە ڕەخنەییەکانـــدا ئەم زاراوانە بەکـــارهێنراون و هەمووشـــیان ئاماژەن بۆ هەمـان ئەو ئەرک و پرۆسـە مەعریفییەی کە (ڕەخنەی ڕەخنە) پێـی هەڵدەسـتێت، بەڵام زاراوەی (ڕەخــنـەی ڕەخــنـە) لە مەســـەلەی بەرکارهێنانـــدا پشکی شـێری بەرکەوتـووە و لە زۆربەی سەرچاوە و توێژینەوەکاندا ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە، کە لە زمانی عەرەبیـدا بە (نقـد النقـد) و لە زمـانی ئینگلیزیـدا بە (Criticism of the Criticism) و بە زمـــانی فرەنســـی (ritique de la Critique)ی بۆ بەکارهاتووە.

## چەمک و پێناسەی ڕەخنەی ڕەخنە:

چەمکـی ڕەخـنـەی ڕەخـنـە چەمکـێکە تاڕادەیەک ئاڵۆز و جیرە، تـا ئەمڕۆشـی لەگەڵدا بێـت چەمکـی ڕەخـنـەی ڕەخـنـە وەک چەمکێک بنیـات دەنرێت و پەرەی پێـدەدرێت و لە پەرەســەندنی بەردەوام


دایە. ئەم زاراوەیە وەک هەمـــــوو ئەو چەمکـــانەی کە لـــە ئێســـتادا بـــاون و بـــەکاردێن، لەنێـــو نـــاو و چەمـــکە گشـــتیەکانەوە گـــوزەر دەکـــات و لە جـــوڵەی بەردەوام دایە، هەروەهـــا بە قۆناغەکـانی پـــاڵاوتن و تـاقیکردنەوەدا تێـــدەپەڕێت پـــێش ئەوەی لەســـەر مانایەکی زاراوەیی دیاریکراو جێگیر بێت (مرتاض، ٢٠٠٥: ٢٢٧). بۆیـە چەمکەکـەی لـــە چەنـــد ڕوگەیـــەکی جیـــاوازەوە خراوەتـەڕوو و هەنـدێکجار لـە پێوەنـدی لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبی و هەندێکجاریش وەک بـــوارێکی ســـەربەخۆ مامەڵـــەی لەگەڵدا کراوە.

ڕەخـــنەی ڕەخـــنە یەکـــێکە لە بـــوارە بنەڕەتییەکـــــــان و مومارەســـــــــە پڕاکتیکییەکان لە بزووتنەوەی ڕەخنەیی ئەدەبی کۆن و نوێدا. زاراوەکە لە سێ بەش پێکهـــاتووە، (ڕەخـــــنە+ ی+ ڕەخـــنە)، ئەگەر ســـەرنج لەم زاراوەیە بدەین ئەوا دوو وشەی ڕەخنەی تێدایە، هەردوو زاراوەکە ئامـاژەن بـۆ پرۆسـەی ڕەخنەگرتن، بەڵام خـودی پرۆسـەکە لە هەردوو جۆری ڕەخنەکەدا جیاوازە وەک لەوەی تر. بۆیە پێویست دەکات پـێش ڕووچونە نێو بواری ڕەخنەی ڕەخنەوە، زاراوەی ڕەخـــــنە ڕوون بکەینەوە،بـــۆ ئەوەی بە تەواوی لە ڕەخـــنەی ڕەخـــنە تێبگەین.

دەکرێت بڵێـین ڕەخنـە چاڵاکییـەکی مرۆڤایەتییە،بەڵام ئەم چاڵاکییە تایبەتـە بە داهێنانی ئەدەبییەوە،بۆیە ڕەخنە بـە ئـــەدەبی وەســـفی ناســـراوە و نـــە مەدحکردنە و نـە تـوانج لێدانـە، بـەڵکو کردەوەیەکە بەهۆیەوە لە دەقی ئـەدەبی و هونـــــــەری دەکۆڵرێتـــــــــەوە و شـــیدەکرێتەوە، هـــەروەها بـــەهۆی ڕەخنـــەوە لایـــەنی جـوانی و باشـــی و چاکی و بەهێزی و لاوازی و کـەموکوڕی دەقـــی ئـــەدەبی دەزانـین، ئەمـەش بـە پشت بەستن بـە گرنگتـرین دەسـتوور و یاســـا و ڕێســـا و پێـــوەر و ئـــامرازە هونـــەریی و ڕەخنەییـــەکان و چێـــژو ســـەلیقەی ڕەخنەگر. (رینیـــە ویلیـــک) لـــەبارەی ڕەخنـــەوە دەڵێـــت: ڕەخنـــەی ئەدەبی لە واتا گشتییەکانیدا بریتییە لە ڕوونکردنـــەوە و هـــەڵســـەنگاندنی دەقـــی ئـــەدەبی و دەرخسـتنی چێـژ و ڕەگـەزە

ئەدەبییەکان و دیاریکردنی مەبەستی شاکاری ئەدەبی.

ڕەخنەی ڕەخنە بوارێکە لەدوای پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دروست دەبێت و ((لە نێو قەوارەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بۆ ئاستی قەوارەیەکی مەعریفی بەرز دەبێتەوە و ڕەخنەی ڕەخنەش دەبێتە گوتارێکی توێژینەوە و بەدیهێنان، کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی دەقی ڕەخنەییە بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە بۆ توخمە پێکهێنەرەکانی و ڕوونکردنەوەی ئەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە ئەم دەقە ڕەخنەییە دروست بووە لە هەوڵێکی جددیدا بۆ دیاریکردنی ئەو عەقڵیەتەی کە بەرهەمی هێناوە)) (عطیة، ٢٠١٠: ١٢). بۆیە دەکرێت بڵێین، ڕەخنەی ڕەخنە: واتە ئەو پرۆسە ڕەخنەییەی کە لەسەر گوتارێکی ڕەخنەیی بنەما و ئەدگارەکانی خۆی ڕەنگڕێژ دەکات. بەومانایەی ڕەخنەیەکیان پرۆسە ڕەخنەییەکەی لەسەر داهێنانی ئەدەبیدا ئەنجام دەدات. ئەوەی تریان، پرۆسەکە لەسەر خودی ئەو ڕەخنەیە ئەنجام دەدات کە پێشتر لەسەر داهێنانی ئەدەبیدا ئەنجام دراوە. هەروەک لەم هێلکارییەی خوارەوەدا روون کراوەتەوە (لحمداني، ٢٠١٤: ٩):




دەشێ ڕەخنەی ڕەخنە بە چەندین شێوە پێناسە بکەین، لە خوارەوە چەند پێناسەیەک دەخەینە ڕوو:

- ڕەخنەی ڕەخنە: بریتییە لە ڕەخنە لە ئاستێکی تری توێژینەوەی مەعریفی، ڕەخنەیێکە پەیوەستە بە ڕەخنەی داهێنانەوە، نەک داهێنانەکە خۆی (لحمداني، ٢٠١٤: ٩).
- ڕەخنەی ڕەخنە: بریتییە لە خوێندنەوە و پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەموو ئەوکارە ڕەخنەییانەی کە ئەرکیان شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبییە، کە ئەمەش لەپێناو

بنیاتنانی گوتاریکی ڕەخنەیی و مەعریفی کە تایبەتمەندێتی بابەتییانە و ئیستاتیکییانەی دەقی ئەدەبی ڕەچاو بکات (امین، ٢٠٠٩: ٤).

- ڕەخنەی ڕەخنە: توێژینەوەیێکە کار لەسەر خودی ڕەخنەی ئەدەبی دەکات، ئەگەرچی لەم کارکردنەدا توێژەر ناتوانێت بەیەکجاری دەقی ئەدەبی فەرامۆش بکات، بەڵام ستراتیژییەتی ئیشکردنەکەی جەختکردنەوەیە لە شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی، لە ڕووی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی میتۆدی ڕەخنەیی و چۆنیتی مامەڵەکردنی ڕەخنەگر لەگەڵ چەمک و زاراوە ڕەخنەییەکان و هەنگاوەکانی پڕاکتیزەکردنی میتۆدی ڕەخنەیی (رشید، ٢٠١٨: ٨٣).
- ڕەخنەی ڕەخنە: گوتارێکە هەرگیز لە داهێنانی ئەدەبی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو ئەرکی بنەڕەتی بریتییە لە تێڕامان و وردبوونەوە لە گوتاری ڕەخنەیی (سويكي، ٢٠٢٠: ٤٩).
- ڕەخنەی ڕەخنە: کۆمەڵە نووسینێکە کە لە ڕوانگەی وەسف و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەوە پێداچوونەوە بە چالاکیی ڕەخنەیی لە کردەی پڕاکتیکیدا دەکات (عصفور، ؟: ٢٦٧).
- ڕەخنەی ڕەخنە ئاستی دووەمی ڕەخنەی ئەدەبییە،کە وەک بابەتی توێژینەوە و شیکردنەوە مامەڵە لەگەڵ خودی ڕەخنەی ئەدەبیدا دەکات.

ڕەخنەی ڕەخنە بە یەکێک لە ستراتیژیەتە نوێیەکانی بواری ڕەخنە و مەعریفە دادەنرێت کە سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم بەخۆیەوە بینیووە. ئەم ستراتیژیەتە بۆ توێژینەوە لە پاشماوە و میراتە کەڵەکەبووەکانی سیستەمی ڕەخنەیی سەریهەڵدا، بۆ ئەوەی ڕەخنە بکاتە کەرەستە و بابەتێکی توێژینەوە بۆ خۆی، ئەویش بە پرسیارکردن و پشکنین و توێژینەوە لەپێناو نوێکردنەوەی بناغە تیۆریەکانی و میکانیزمە ڕێکارییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی (بوساحية، ٢٠١٩: ٤٥٩).

پێکهاتەیەکی مەعریفی کارنامەیییە کە بە یەک ستراتیژیەت کاردەکات، کە هەرگیز هەمان ستراتیژیەتی تیۆریزەکردن، یان تیۆری ئەدەبی، یان ڕەخنەی ئەدەبی نییە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە، لە ڕێگەی زانینی سروشتی مومارەسە و پراکتیزەکردنی ڕەخنەیی (میکانیزمەکانی، بنەماکانی، ئامانجەکانی، زانینی)، بگاتە یەکێک لەم ئامانجانە، کە بریتین لە: ئاشکراکردنی کەموکوڕی تێیدا، پشتگیریکردنی پرۆسەی پراکتیزەکردنی ڕەخنەیی، پاساوهێنانەوە بۆ ئەم پرۆسەی پراکتیزەکردنە، دیاریکردنی کارپێکردنی چەمکە ڕەخنەییەکان لە پرۆسەی پراکتیزەکردنی هەر میتۆدێکدا، نوێکردنەوەی کارپێکردنی ڕێکارەکان لە پرۆسەی پراکتیزەکردنی هەر میتۆدێکدا، پشکنینی تیۆرە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکان وەک بنیاتێکی مەعریفی (الدغومي، ١٩٩٩: ٥٢). بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە بە هەمان ئەو کارنامە و نەخشەڕێگایە کار ناکات , کە ڕەخنەی ئەدەبی لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا بەکاریدێنێت , بەڵکو بەگوێرەی سروشتی دەقە ڕەخنەییەکە کار لەسەر پرۆسەی ڕەخنەگرتنەکە دەکات، هەڵبەتە جیاوازی سروشت و ئەرکی دەقێکی ئەدەبی و دەقێکی ڕەخنەییش ئاسمان و ڕێسمانە، بۆیە ناشێ ڕەخنەی ڕەخنە بە هەمان ئەو میکانیزم و ڕێکارییانەوە کار بکات کە ڕەخنەی ئەدەبی لە کاتی توێژینەوە لە دەقی ئەدەبی بەکاریاندێنێت.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکی و بنچینەییەکانی ڕەخنەی ڕەخنە وەک کێڵگەیەکی مەعریفی بریتییە لە پرۆسەی توێژینەوەو ڕەخنەگرتن لە (گوتاری ڕەخنەیی)،واتە توێژەر لەجیاتی ئەوەی داهێنانی ئەدەبی بکاتە کەرەستەی توێژینەوە و پرۆسەکانی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنیان بەسەردا پراکتیزە بکات و وەک ڕەخنەگرێکی دەقی ئەدەبی مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکەی بەردەستی بکات،هەڵدەستێت بە توێژینەوەو شیکردنەوەی ئەو توێژینەوە ڕەخنەییانەی پرۆسەکانی شیکردنەوە و

هەڵسـەنگاندنیان بەسـەر داهێنـان یـان دەقی ئەدەبیدا پڕاکتیک کـردووە ( (واتە ئەم گوتارە لەو میکانیزمانە لانادات کە بەهۆیـانەوە گوتـاری ڕەخنەیـی کاردەکات، بەڵام ئەوەی ڕەخنەی ڕەخنە لە گوتـاری ڕەخنەیـی جیـا دەکـاتەوە، هەڵسەنگاندنی نووسـراوی ڕەخنەییە لە چوارچێوەیەکـدا، کە لەسـەر بنەمـای دووبـارە خوێنـدنەوەی ئەو گوتـارە ڕەخنەیـیەوە دامەزرا بێـت)) (جـویني، ٢٠١٩: ١٨٣)، بـۆیە ڕەخـنە ئەدەبـی و ڕەخنەی ڕەخـنە هەر لە ئەرکدا جیـاواز نـین، بەڵکـو لە کەرەسـتەی توێژینەوەشدا جیاوازن.

ڕەخـنەی ڕەخـنە گـوتەزا و تـوخم و ڕێکـاری و میکانیزمەکـانی ڕەخـنەی ئەدەبی هەڵدەوەشێنێتەوە بۆ توێژینەوە لەو توخمە ئایـدیۆلۆژییانەی کە بنەمـای بانگەشـە تیۆریەکـانن لە نێـو دەقـی ڕەخـنەی ئەدەبیـدا. هەروەهـا ڕەخـنەی ڕەخـنە سروشـتی ئەو کـاریگەرییە کولتـووری و کـۆمەڵایەتی و سیاسییانەش ئاشکرا دەکات , کە ژینگە سـیاقییەکەی بـۆ ڕەخـنەی ئەدەبـی پێکهێناوە و ڕەخنەگر ناچـار دەکـات بە پێڕەوکردنی میتۆدێکی ڕەخنەیی تایبەت و دیـاریکراو لەنێـو هەمـوو میتۆدەکـانی تـردا، هەروەهـا کارەکـانی ڕەخنەگـر و دەقـی ڕەخنەیـی لە چوارچێـوەیەکی گەورەتـردا دادەنێـت (جـويني، ٢٠١٩، ١٨٣). بەمەش ڕەخـنەی ڕەخـنە بە ئەرکـی هەڵوەشـاندنەوەی تـوخم و میکانیزم و بنەما ڕەخنەییەکانی دەقـی ڕەخنەی ئەدەبی هەڵدەستێت و هەمـوو ئەمـانە هەڵدەوەشـێنێتەوە و دەیـانگەڕێنێتەوە بـۆ بنچینـە و بـنەڕەتە فەلسـەفی و مەعریفـی و ڕەخنەیـی و میتۆدبەنـدییەکانیان، ئەمەش بـۆ ئەوەی بنیـات و پێکهـاتە و هەیکەلـی گشـتی دەقی ڕەخنەیی و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقـی ئەدەبـی بخـاتەڕوو و ئەو میتۆد و ڕێگە و میکانیزم و تێـڕوانین و تەکنـیکە ڕەخنەییـانە ڕوون بکـاتەوە کە لەمیـانی تـوێژینەوە لە دەقێکـی داهێنراودا بەکـارهێنراون. بـۆیە ( (وەک چۆن ڕەخنەی ئەدەبی زمانێکی دووەمی وەسـفکارە یـان شـڕۆڤەکارە کە بابەتەکەی زمانی یەکەمە، کە بناغەکەی

گۆڕینی جیهانە بۆ بوون و کیانێکی ڕەمزی زمانی، کە بریتییە لە زمانی ئەدەب، بە هەمان شێوە ڕەخنەی ڕەخنە گوتارێکی وەسفکارە، یان بریتییە لە زمانی دووەم کە لە وەرگرتنی ڕەخنەی ئەدەبی وەک بنیاتێکی زمانی تۆکمە کە ئامانجی وەسفکردنی سیستەم و ڕێساکانییەتی، سەرهەڵدەدات و میکانیزمەکان، و پێکهاتەکانی هەڵدەوەشێنیتەوە)) (سعدي،٢٠٢١، ٢٣٩). بەمەش هەریەکە لە دەقی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی ڕەخنە سێکوچکەیەکی بەهێز لەنێو خۆیاندا درووست دەکەن و دەشێ ڕەخنەگری ڕەخنەی ڕەخنە کاتێک لە دەقێکی ڕەخنەیی دەکۆڵێتەوە،کە لە دەقێکی ئەدەبی کۆڵیوەتەوە، ئەوا بۆ خودی دەقە ئەدەبییەکەش بگەڕێتەوە،بۆیە ( (خوێندنەوەی ڕەخنەی ڕەخنە، جەوهەرێکی دیالۆگی فرەلایەنەی هەیە. خوێنەر پاڵدەنێت بۆ گەڕانەوە بۆ دەقی ئەدەبی، هەروەها بۆ ئەو ڕەخنەیەی کە باسی کردووە)) (محمد، ٢٠٠٩، ١٢٠). بەمەش ڕەخنەگری ڕەخنەی ڕەخنە لە کاتی توێژینەوەدا لە یەک کاتدا بۆ دەقی ئەدەبی و ئەو دەقە ڕەخنەییەش کە باسی دەقە ئەدەبییەکەی کردووە دەگەڕێتەوە. هەموو ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ڕەخنەی ڕەخنە کاتێک لە خودی دەقە ڕەخنەییەکان دەکۆڵێتەوە، ئەوا هەوڵدەدات ئاستی پابەندی توێژینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان بە ڕوانگە میتۆدە ڕەخنەییەکان، تیۆرە ڕەخنەیی و ئەدەبییە جیاوازەکان و پرۆسەی پراکتیزەکردنیان لە توێژینەوەکان شی دەکاتەوە.

خاڵێکی گرنگ هەیە لە گوتاری ڕەخنەی ڕەخنەدا، کە دەبێت خوێنەر ئاگای لێ بێت و ڕەچاوی بکات، ئەویش ئەوەیە کە نابێت خوێنەر وا بزانێت کە ڕەخنەی ڕەخنە تەنیا پێوەندی بە زانیارییەکان و دژایەتی و ئاشکراکردنی کەم و کوڕی و هەنگاوە هەڵەکانەوە هەبێت لە گوتارێکی ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەڵکو ڕەخنەی ڕەخنە جگە لەمە هەوڵدەدات ڕۆشنایی زیاتر بخاتە سەر سەرچاوە و بنەماکانی ڕێبازی ڕەخنەیی

و سەرچاوە زانستییەکانی، بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە تەنیا لە نووسینە ڕەخنەییەکانی دەقە ئەدەبییەکاندا سنووردار نییە، بەڵکو لەوە زیاتر درێژدەبێتەوە و هەنگاو بۆ شەنوکەوکردن و وردبوونەوە و توێژینەوە لە گوتارەکان دەنێت بۆ ئەوەی ئەو پاشخانە فیکری و فەلسەفییانە ئاشکرا بکات کە لەسەری بنیات نراون (جويني، ٢٠١٩: ١٨٣). لە هەردوو ئاستی مەعریفی و ئاستی میتۆدبەندیدا

پێوەندی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی ڕەخنە پێوەندییەکی بوونی (وجودي) و زەمەنییە، چونکە پرۆسەی ڕەخنەی ڕەخنە ڕوونادات تا ڕەخنەگری یەکەم بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێت و کار لەسەر دەقی ئەدەبی نەکات و لێینەکۆڵێتەوەو نەیخاتە ژێر تیشکی میتۆدێکی ڕەخنەیی یان میتۆدە ڕەخنەییە جیاوازەکانەوە،تەنانەت ئەگەر ڕەخنەگری ئەدەبی کاتێک لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە پشت بە هیچ میتۆدێکی ڕەخنەییش نەبەستێت، ئەوکاتە دەقێکی ڕەخنەیی دێتە بوونەوە،کاتێکیش دەقێکی ڕەخنەیی لەدایک بوو، ئینجا پرۆسەی دووەم،کە ڕەخنەی ڕەخنەیە سەرهەڵدەدات. بۆیە ئەگەر لەم پرۆسەیە وردبینەوە دەبینین بە هەمان پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی و توێژینەوە و ڕەخنەگرتن لەو داهێنانەدا تێپەڕ دەبێت. تا دەقی ئەدەبی نەیەتەکایەوە، ڕەخنەی ئەدەبیش بوونی نابێت. ئەمە بۆ ڕەخنەی ڕەخنەش ڕاستە، واتە تا ڕەخنەی ئەدەبیش ئامادەیی نەبێت،ڕەخنەی ڕەخنەش لە گۆڕەپانی ڕەخنە و مەعریفەدا بوونی نابێت و زنجیرەکە هەموویان بە یەکترییەوە پەیوەستن. بۆیە لەڕووی بوون و زەمەنەوە دەقی ئەدەبی پێش ڕەخنەی ئەدەبی کەوتووە، لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی بوون و زەمەنەوە ڕەخنەی ئەدەبی پێش ڕەخنەی ڕەخنە کەوتووە.

### جۆرەکانی ڕەخنەی ڕەخنە:

ڕەخنەی ڕەخنە هەنگاوە مەعریفییەکانی خۆی لەسەر دوو ئاست

بنیات دەنێت، بەمانایەکی تر، ڕەخنەی ڕەخنە لە دوو ئاستدا بوونی هەیە، یان بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت. دەکرێت ڕەخنەی ڕەخنە بەم شێوەیەی ئێستای کە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێت بۆ دوو لق دابەشی بکەین، کە بریتین لە:

أ. **ڕەخنەی ڕەخنەی تیۆری:** بریتییە لەو جۆرە توێژینەوانەی،کە بنچینە تیۆرییەکانی میتۆد و ئاڕاستە ڕەخنەییەکان شیدەکاتەوە و گومان دەخاتە سەر بایەخ و رادەی وردبینیان و کێشە و گرفتەکانیان دەخاتەڕوو. ئامانجیش زیاتر پێشنیازکردنی چەند جێگرەوەیەکی دیکەیە بۆ تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکان.

ii. **ڕەخنەی ڕەخنەی پراکتیکی:** بریتییە لەو جۆرە توێژینەوانەی کە بەرهەم و دەقێکی ڕەخنەیی پراکتیکی شیدەکاتەوە و هەڵیدەسەنگێنێت، بە مەبەستی روونکردنەوەی چۆنێتی و چەندێتی مامەڵەکردنی ڕەخنەگری ئەدەبی لەگەڵ زاراوە و چەمکە ڕەخنەییەکان و لەبەر ڕۆشنایی جۆری ئەم مامەڵەکردنەش پەنجەدەخاتە سەر کەم و کورپییەکانی کارە ڕەخنەییەکە (محمد، ٢٠٠٩: ١١٩). هەروەها بەدواداچوون بۆ چەندیتی و چۆنێتی بەکارهێنان و پشتبەستن بە میتۆد و ئاڕاستە و تیۆری ڕەخنەیی پێڕەوکراو و بانگەشەکراو لەمیانی پرۆسە پراکتیکییەکەدا دەکات، بەمەش تیشک دەخاتەسەر هەموو ئەو پرس و لایەن و گرفت و هەنگاوانەی،کە ڕەخنەگری ئەدەبی گرتوویەتییەبەر لە توێژینەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا.

### ئەرکەکانی ڕەخنەی ڕەخنە:

ڕەخنەی ڕەخنە لەمیانی پرۆسە ڕەخنەییەکەی لەسەر گوتارە ڕەخنەییە جیاوازەکاندا، چەند ئەرکێکی هەیە،کە لە خوارەوە دیانخەینە ڕوو:

١. ڕەخنەی ڕەخنە لەمیانی هەمان میکانیزم و ئەرکە جیاوازەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، واتە لە ڕێی

کردەکانی (وەسف و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن)ەوە پێداچوونەوە بە چالاکی ڕەخنەیی لە ئاستی (تیۆری و پڕاکتیکی)دا دەکات.

٢. ڕەخنەی ڕەخنە کار بۆ ئەوە دەکات کە ڕۆشنایی زیاتر بخاتە سەر بنچینە و بنەماکانی میتۆد و ئاڕاستەکانی ڕەخنەی ئەدەبی.

٣. گەڕان و پشکنین لەنێو گوتارە ڕەخنەییەکاندا و ئاشکراکردنی سروشتی پێکهاتەی گوتارە ڕەخنەییەکان بە مەبەستی دەرخستنی ئەو پاشخانە فیکری و فەلسەفیانەی کە لەسەریان بنیات نراون (جويني، ٢٠١٩، ١٨٣).

٤. هەڵدەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی گوتەزا و کاتیگۆرییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ئەمەش بۆ پشکنینی ئەو تووخمە ئایدیۆلۆژیانەی کە لە بانگەشەی تیۆریدا شاراوەن و دیار نین. هەروەها سروشتی ئەو کاریگەرییە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانە ئاشکرا دەکات کە چوارچێوە سیاقیەکەی ڕەخنەیان پێکهێناوە و وایان کردووە ڕەخنەگر میتۆدێکی ڕەخنەی لەنێو چەندان میتۆدی تردا هەڵبژێرێت و لە کارە ڕەخنەییەکەیدا جێبەجێی بکات. لە هەمان کاتدا ڕەخنەگر و کارە ڕەخنەییەکەی لە چوارچێوەیەکی (سیاقێکی) گەورەتردا دادەنێت (محمد، ٢٠٠٩، ١٢٢).

٥. زانینی سروشتی پڕاکتیزەکردنی ڕەخنەیی (میکانیزمەکانی، بنەماکانی، مەبەستەکانی)، بۆ گەیشتن بە ئامانجی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی کەموکوڕی تێیدا، پشتگیریکردنی پڕاکتیزەکردنی ڕەخنەیی، پاساوهێنانەوە بۆ ئەم پڕاکتیزەکردنە، دیاریکردنی کارپێکردنی چەمکە ڕەخنەییەکان لە پڕاکتیزەکردنی هەر میتۆدێکدا، نوێکردنەوەی کارپێکردنی ڕێکارەکان لە پڕاکتیزەکردنی هەر میتۆدێکدا، پشکنینی تیۆرە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکان وەک بنیاتێکی مەعریفی (الدغمومي، ١٩٩٩: ٥٢).

٦. ڕەخنەی ڕەخنە لە سێ ئەرک و پرۆسەدا خۆی دەبینێتەوە. یەکەمیان پرۆسەی پشکنین و پێداچوونەوەیە کە لەسەر ڕەخنەی پراکتیکیدا ئەنجام دەدرێت لە ڕووی وەسف و زاراوەیی و یەکگرتوویی و هارمۆنیەتی کاری ڕێکاری و دروستی بنەما و گریمانەکانیەوە. ئەرکی دووەم ڕاڤەییە، چونکە ڕەخنەیەکی لێکۆڵینەوەیی لێکدانەوەییە، کە لە بەشێکدا بەدوای واتادا دەگەڕێت لە واتایەکی هەبوودا، زنجیرەیەک پرۆسەی عەقڵییە کە هەوڵی دۆزینەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی گوتاری ڕەخنەی پراکتیکی دەدەن، ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو گوتارە. ئەرکی سێیەم پرۆسەی ڕەگداکوتانە، کە لەسەر ئاستێکی تەواو میتۆدۆلۆژیدا ڕوودەدات، جۆرێکە لە پێداچوونەوەی هەمەلایەنە بەو چەمک و تێڕوانینە ڕەخنەییانەی کە پرۆسەی تیۆریزەکردنی ڕەخنەیی تێیدا بەکۆتا هاتووە و پرۆسەی پراکتیزەکردنی ڕەخنەیی قبوڵی کردووە (عصفور، ١٩٩٨: ٢٩٢-٢٩٦).

٧. توێژینەوەی زمانی گوتاری ڕەخنەیی و سروشت و میکانیزمەکانی ئەو زمانە.

٨. ئەو نەسقە دەروونی و کولتوورییە بنەڕەتییانە دەستنیشان دەکات، کە وایکردووە ڕەخنەگر میتۆدێکی ڕەخنەیی بگرێتەبەر جگە لە میتۆدەکانی تر.

٩. هەڵدەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ پشکنینی ئەو توخمە ئایدیۆلۆژییانەی،کە لەبانگەشە تیۆرییەکەدا هەن، هەروەها سروشتی ئەو کاریگەرییە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانە ئاشکرا دەکات کە وایکردووە ڕەخنەگر میتۆدێکی ڕەخنەیی بگرێتەبەر نەک میتۆدێکی تر، واتە کارەکانی ڕەخنەگرەکە دەخاتە نێو چوارچێوەیەکی گەورەترەوە.

١٠. خوێندنەوەیەکی دوو ئامانجی ئەنجام دەدات، لەلایەکەوە

هەڵدەستێت بە خوێندنەوەی دەقی ڕەخنەیی بەشێوەی دیالۆگ و جیاوازی، لە هەمان کاتدا، خوێندنەوە تایبەتییەکەی خۆی بۆ دەقی ئەدەبی جێبەجێ دەکات.

١١. کار لەسەر داڕشتنەوەی هۆشیاری خوێنەر دەکات، نەک بەرهەمهێنەری دەق، بۆ دیدێکی ڕەخنەیی نووسراو، بۆ ئەوەی خوێنەر بەرچاوڕوونیەکی هەبێت , هەروەها پرسی تێگەیشتن لەوەی ڕەخنەگر لەبارەی بەرهەمێکی ئەدەبی تایبەتییەوە چی گوتووە تێپەڕێنێت بۆ پرسی زانینی ئەوەی کە ڕەخنەگر چۆن ئەو قسەیەی کردووە و بۆچی ئەو قسەیەی کردووە؟ (محمد، ٢٠٠٩، ١٢٢-١٢٣).

١٢. کاری ڕەخنەی ڕەخنە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەیەکی بواری ڕەخنەی ئەدەبی پراکتیکییە لەڕووی میتۆدبەندیی و چۆنیەتی ئامادەبوونی زاراوە ڕەخنەییەکان (ڕەشید، ٢٠١٨: ٨٩).

١٣. بۆ توێژینەوە و دیاریکردنی میکانیزم و شێوازەکانی نزیککاری ڕەخنەیی لە دەقە ئەدەبییەکان و ئەو کەموکوڕی و هەڵخلیسکانەی کە توێژەران لەمیانی پراکتیزەکردنی میتۆد و تیۆرە ڕەخنەییەکانەوە لەسەر دەقی ئەدەبی کەوتونەتە ناویەوە.

١٤. پەرەپێدانی هۆشیاری ڕەخنەیی لای ڕەخنەگر و خوێنەران، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕەخنەگر و خوێنەران هۆشیارییەکی ڕەخنەیی ورد و بەهێز و پاڵپشتیکراو بە بۆچوون و تیۆر و میکانیزمە ڕەخنەییە جیاوازەکانەوە هەبێت و لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا بە هەڕەمەکی و بێ پلان و ئامانج نەکەونە نێو وردەکارییەکانی توێژینەوەوە. بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە وەک نەخشەڕێگا و ڕێنیشاندەرێک وایە، کە ڕێنمایی پێشکەش بە ڕەخنەگر و خوێنەران دەکات تا لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا چۆن بەدوای ئامانجەکانیاندا بگەڕێن.

# ڕوداوە کۆمەڵایەتییەکانی
# تایبەت بە ئافرەتان لە ئاوێنەی ئەدەب دا
# ڕۆمانی (کرێمستی)و (ماچی یەکەم)ی "کەریم کاکە" بە نموونە

کانیاو ڕەحمان حەمەد



## پێشەکی

ڕۆمان وەکو ژانرێکی تازەی ئەدەبیی سەردەمیانە، کە لە دایکبووی هەلومەرجی قۆناغێکی دیاریکراوە لە توانای دا هەیە جەنجاڵییەکانی واقیع لەهەناوی خۆیدا جێبکاتەوە، ئەو جەنجاڵییەی کە نەشیعر و نەهیچ ژانرێکی تری ئەدەبی توانای لە ئەستۆ گرتنی نەبوو، بەشێوەیەک ڕۆمان بووە گۆشەی سەیرکردنی واقیع و ڕۆماننوس بووە ئەو کەسەی کە بتوانێ تێڕوانینی خۆی بۆ ژیان بەورد و درشتییەوە دەرببڕێت.

دەتوانین چۆنایەتی کارەکانی زۆرێک لە ڕۆماننووسان لەجیهانبینی دەقەکانیاندا بدۆزینەوە، کە تا چ ئاستێک قۆلبوونەتەوە، تێڕوانینیان بۆ ژیان چۆنە، چونکە ڕۆمان لەتوانای دا هەیە بچێتە مێزگەردی گفتوگۆ لەگەڵ واقیع و گەنگەشەکردنی هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە کۆمەڵگا هەیەتی بکات، کە لەوانەیە دواجار کۆمەڵگا ناچار بەدیدێکی تر لەبیرکردنەوە بکات، بەواتای ئەوەی کۆمەڵگا والێبکات ڕێڕەوی بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێت. کەریم کاکەش وەک ڕۆماننوسێک خاوەن جیهانبینییەکی تایبەت بەخۆیەتی و لە هەردوو ڕۆمانی (ماچی یەکەم)و (کرێمستی)دا لای لە زۆر لایەنی کەتواری کوردی کردۆتەوە، دیارترینیان ئەو ڕوداوانەن کە تایبەتن بە پرسی ئافرەتان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا.

## پێناسەی ڕوداو

ڕوداو (Event) وەکو توخمێک ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ژانری ڕۆماندا، هەست کردن بە گرنگی ڕوداو لای زۆربەی پسپۆرانی سەر بەم ژانرەوە هەستی پێدەکرێت و هەموویان بە بایەخەوە لەو توخمە دەڕوانن، بەر لە باسکردنی گرنگی ئەم توخمە لەبینای ڕۆماندا، کە مەبەستمانە لە ناونیشانێکی سەربەخۆ لە داهاتوودا باسی بکەین، بە پێویستی دەزانین سەرەتا ئەم توخمە بناسێنین و دیدی چەند کەسانێک لەم بارەیەوە بخەینەڕوو.

بۆ پێناسەکردنی توخمی ڕوداو ناکرێت تەنیا پشت بە بۆچونی توێژەرێکی ئەم بوارە ببەستین، چونکە یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێناسەی زۆری ئاراستەکراوە، ئەمەش لەوانەیە بۆ زیندوویەتی بابەتەکە بگەڕێتەوە. (ڕوداو ئەو توخمەیە کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەم ڕوبەڕووبوونەوانەش لە ڕێی هۆ و هۆکار و لە بەدواهاتنێکی ڕێک و پێکدا، یاخود بەشێوەیەکی تێکشکێنراو بەبێ ڕەچاوکردنی هۆ و هۆکار دەخرێنەڕوو. بەم پێیە هەموو ڕوداوێکی (ڕۆمان - چیرۆک) مەبەستێکی تایبەتی لەدوایە کە

ڕەنگدانەوەی بیری نووسەر دیاری دەکات.) (مستەفا، ٢٠١٠، ١٩) واتە کردەی گێڕانەوە پێویستی بە ڕوداوێک یان چەند ڕوداوێک هەیە تا جوڵە بداتە گێڕانەوەکەو دوری بخاتەوە لە تەنیا وەسفکردنێکی بێ جوڵە، بێگومان ئەم جوڵانەش پێویستیان هەم بەشوێنێک هەیە وەکو شانۆی ڕوداوەکان، هەمیش بە زەمەن، چونکە هیچ کردەیەک لە دەرەوەی سیستەمی کاتدا ڕوونادات. ئەگەر گێڕانەوە ئەوەندە پێویستی بەڕوداو هەبێت، بە پێچەوانەشەوە ڕوداویش پێویستی بە پێڕەوێک هەیە تا کردە و جوڵەی کارەکتەرەکان ڕێکبخات، کەواتە (گێڕانەوە ئەرکی ئەوەیە لە دەقدا ڕووداوێک یا چەند ڕووداوێک بگێڕێتەوە کە بەسەر پاڵەوانێک یا کارەکتەرێک داهاتوون.) (شێخ محەمەد، ٢٠٠٩، ١٥٣)

توخمی ڕوداو زیاتر خۆی لەو دەقانەدا دەبێنێتەوە کە گێڕانەوەئامێزن، چونکە ئەگەر سەرنج بدەین (بەدرێژایی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیی، ئەو تێڕوانین و توێژینەوانەی لەبواری دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا هەر لەئەفسانە و داستان و چیرۆکە میللییەکانی سەردەمانی پێشینەوە تا دەگاتە ژانرە نوێیەکانی چیرۆک - بەفۆڕم و ناوەرۆک و جۆرە نوێیەکانی و سەرجەم جۆرەکانی ڕۆمان بەرهەمهێنراون، کۆک و هاوڕان لەسەر گرنگی و پێویستی بوونی ڕووداو لەو دەقانەدا وەک ڕەگەزێکی سەرەکی.) (محەمەد، ٢٠٠٩، ١٦) واتە ڕوداو زیاتر لە پێکهاتەی ئەو دەقە پەخشان ئامێزانەدا بەشدارە، کە بە هۆی درێژی دەقەکانەوە بە ناچاری پەنا بۆ گێڕانەوە دەبەن، ئیتر لەوێدا ڕوداو وەکو توخمێکی زیندوو خۆی دەئاخنێتە ناو ڕەوتی گێڕانەوەکەوە، جا ئەو دەقە پەخشان ئامێزانە لە خانەی فۆلکلۆردا بن وەک (ئەفسانە و داستان و حیکایەت)ەکان، یانیش لەخانەی ئەدەبی نوسراودا بن وەک (چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان...تاد) ، سەرەڕای ئەمانە ڕوداو لەو دەقانەشدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت کە پێیان دەوترێت پەخشانە شیعر یان ڕۆمانە شیعر.

ئەو پەیوەندییە بەتینەی نێوان مرۆڤ و ڕوداوەکان لە ناو دەقی

ئەدەبیشدا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت، چونکە دەشێت نوسەر مرۆڤ بکاتە کارەکتەر و بکەری ڕوداوەکان، بەڵام دواجار ئەو ڕوداوانەش کاریگەرییان لەسەر کارەکتەرەکان دەبێت، ("هانا ئارنێت" قسە لە چیرۆکبوونی ڕووداو دەکات و پێیوایە، کە خەسڵەتی دیاری مرۆڤ ئەوەیە بەردەوام پڕاوپڕە لە ڕووداو.) (کەسنەزانی، ٢٠١٢، ١١٤) ئەم قسەیە مانای بە سەرەکی بوونی تـوخمی ڕوداو دەگەیەنێت لە بینای ڕۆماندا، دەشێ ئەم جولە بەردەوامانەی مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا جارێکی تر و لە بۆتەیەکی هونەریدا لە دنیای دەق مەزرا بکرێنەوە.

ئەرستۆ ٣٨٤- ٣٢٢ پ.ز، یەکەم بیرمەندە، کە درکی بە ڕۆڵی ڕوداو لە دنیای دەقی ئەدەبیدا کردووە، چونکە ئەو (ڕوداو بەڕۆحی دراما دادەنێت) (دبلیو، ١٩٨١، ١٤١)، ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر - پۆیەتیکا) باسی بنەما و خەسڵەتەکانی شیعری درامی (دراماتیک) و شیعری داستانی (ئیپیک) کردووە، لەگەڵ باسکردنی چەند بابەتێکی تر کە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەمان و ئامانجی ئێمە یەک ناگرێتەوە بۆیە باسیان ناکەین، ئەرستۆ لەم کتێبەدا پانتاییەکی فراوانی بۆ چەمکی ڕوداو تەرخان کردووەو لەبارەیەوە دواوە.

ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ( بنیاتی شانۆگەری لە گێڕانەوەی ڕوداوەکانی مرۆڤایەتی پێکدێت، واتە هەموو ئەو ڕووداوانە هاوتا بن لەگەڵ هەڵسوکەوت و کاردانەوەی نمایشکەران بە پێی تێگەیشتنی چەمکی مرۆڤایەتی، ڕووداویش بابەتەکانی لە ناو ژیانی مرۆڤایەتییەوە هەڵدەهێنجێت و بەشدار دەبێت لە گەشەسەندنی بابەتەکانی.) (سعید، ٢٠١٣، ٢١) واتە دەتوانین بەپێی بنەمای ڕوداو دراما بەگشتی و تراژیدیا (مەرگەسات) بەتایبەتی پێناسە بکەین و بڵێین ئەو ڕوداوانەیە کە ئەکتەرەکان لەسەر تەختی شانۆدا دەینوێنن، جا ئەو ڕوداوانە کۆپی واقیعبن یان زادەی بیری نوسەر گرنگ نییە، ( (بەڵکو بەهای ڕاستەقینەیان لە جۆری پێشکەشکردندا دەبێ.) (مەحەمەد، ١٩٩٢، ٨٧) ئەمەش

لایــەنی هونــەری و ئیســتاتیکی دەقــی ئــەدەبی دەگرێتەوە،چونکــە دەق ئــەو کاتە نرخەکەی دەردەکـەوێت کـە ڕوداوە واقیعییەکان بەشێوازێکی هونەری بخاتە ڕوو، ئەمەیــە جیــاوازی نێــوان ڕوداوی واقیعی و ڕوداوی ناو دەق.

لـــەبارەی ســـەرچاوە و کانگـــای ڕوداوەوە پرســـیارێک ســـەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە کە ئایا ڕوداوەکـانی نـاو دەق ڕوداوی واقیعین و پەیوەستدارن بە نوســەر و کۆمەڵگاکەیــەوە، یــان زادەی خەیاڵی نوسەرن؟ ئەگەر وامان دانـا کـە ڕوداوەکان لە واقیعەوە وەرگیراون، بەڵام دەبێــت نوســەر بەدیــدێکی هونەرییانــە دایــان بڕێژێتــەوە، چونکــە (وەرگرتنــی ڕووداوەکان وەک خۆیان، وا لــە چیــرۆک دەکــات، تــەنیا ئــەرکی تۆمــارکردن و گواستنەوەی دەقـاودەقی واقیعـی ڕووت بێــت.) (ادوارد بلشــن و دایانــا، ١٩٨١، ٧٤) کەواتە دەبێت ڕۆماننوس ئاگـاداری ئەوە بێت، کە نابێت ڕوداوێک پێشکەش بکات، کە کت و مت هاوشـێوەی واقیـع بێـت، چونکـە ئەمـە لەوانەیـە پیشــەی ڕاگەیانــدکارێک بێــت، بــەڵام پێشــەی ڕۆمـــاننوس نیشـــاندانی جیهـــانێکی خەیاڵاوی باڵایە و ئەلتـەرناتیڤی جیهانـە واقیعییەکەیـــــە، بـــــۆ نموونـــــە ئەگەر (بەســـــەرهاتی کەســـــێکمان نووسـییەوە، ئـەوا لـە باشـترین حاڵـدا دیرۆکنوســــــــین، نـــــــــەک چیرۆکنوس.) (حەســـــەن، ٢٠٠٥، ٨٤) دەبــێ ئێمــە دانبــەوەدابنێین کــە دەق ناتوانێت بەڕەهایی لـە واقیعـدا دابـڕێن، چونکـە لەوانەیـە ئیـدی هـیچ پـەیامێک نەمێنێتــەوە لــە پشــتی ئــەو دەقــەدا، کەواتــە ئەگــەر نوســەر بــۆ واقیعــیش گەڕایــەوە ئــەوا (ڕووداوە ڕاســتەقینەکان وەکـــو هـــەوێنێک و ئیلهامێـــک بـــۆ دروســـتکردنی ڕوداوێکـــی جـــوانتر و گەیانـدنی بیـر و مەبەسـتێکی تایبــەتی خۆی بەکاری دەهێنــێ، و بەئەندێشـە و خەیاڵی خۆشی دەیڕازێنێتەوەو زیاتر لـە ڕوداوە ڕاســتەقینەکە سەرنجڕاکیشــتر و کاریگەرتری دەکات.) (حەمەغریب،٢٠٠٦، ٩٧)

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە ڕوداو بریتییــە لــە یــەکێک لــە گرنگتــرین توخمــەکانی ڕۆمــان، کــە بەشــداری لەپرۆســەی گێڕانــەوە دەکـات و جوڵــە

دەبەخشێتە دەق و ڕزگاری دەکات لە وەسفکردنێکی ئاسایی و بێ جولە.

## بایەخ و پێگەی ڕوداو لەناو توخمەکانی تری ڕۆماندا:

لە ڕابردوو دەرگای پێناسەکانمان بۆ توخمی ڕوداو والآکرد و دیدگای چەند توێژەرێکیشمان لەو بارەیەوە خستەڕوو، بەڵام لێرەدا دەمانەوێت سەنگ و پێگەی ئەو توخمە لە نێو توخمەکانی تردا بەڕوونی بخەینەڕوو.

ڕاستە،کە هەموو توخمەکانی ڕۆمان لەڕووی بایەخەوە گرنگن و ناتوانین لە پرۆسەی بنیاتنانی دەقدا دەستبەرداریانبین، بەڵام دەبێت دان بەڕاستییەکی تریش بنێین ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت توخمێک لە ناو توخمەکانی تردا لە ڕووی چۆنایەتییەوە پێگەی بەهێزتر بێت و زیاتر لەوانیتر دەق پشتی پێببەستێت، ئەگەر سەیری ئاو بکەین،کە یەکێکە لە گرنگترین ئەو بەخششانەی کە خوای گەورە بۆی سازکردووین، لە پێکهاتەی ئاودا دوو توخم بەشدارن ئەوانیش (هایدرۆجین) و(ئۆکسجین)ن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، کە ژمارەی گەردیلەکانی هایدرۆجین دوو ئەوەندەی ئۆکسجینە، کەواتە ڕاستە هەردوو توخمەکە گرنگن لە پێکهاتەی ئاودا، بەڵام هایدرۆجین لەڕووی چەندایەتییەوە ئامادەبوونی زیاترە، ئەم بۆچوونەمان لەوانەیە بۆ توخمەکانی ڕۆمانیش ڕاست بێت، چونکە کەسانێک هەن کاتێک کە پێناسەی ژانری ڕۆمان یان چیرۆک دەکەن، ئەوا لەسەر بنەمای توخمی ڕووداوەوە پێناسەی دەکەن، بۆ نموونە "حوسێن عارف" کاتێک باس لە توخمە سەرەکییەکانی ژانری چیرۆک و ڕۆمان دەکات، لەبارەی ڕوداو وەکو یەکێک لەو توخمانەوە دەڵێت:

((چیرۆک بریتییە لەو زنجیرە ڕووداو و کارەساتانە (بەدیوی ناوەوە و دەرەوەدا) کە بەسەر کەسانی چیرۆکدا دێن و تێدەپەڕن.)) (عارف، ١٩٧٧، ١١١) بەپێی ئەم پێناسەیە بێت، کەسەکانی ناو دەق بە هۆی ڕودواوەوە لە ژیاندا بەختەوەردەبن یانیش غەمناک، سەردەکەون یان دەدۆڕێن... تاد.

(ناتوانرێت واز لە ڕووداو بهێنرێ و هەڵبوەشێنرێتەوە، لە بەرئەوەی وازهێنان لەڕووداو مانای وازهێنانە لە گێڕانەوە، ئەگەر گێڕانەوە ڕوونەدات ژانرێک پەیدا نابێت بە ناوی چیرۆک.) (موفتی، ٢٠١١، ٣٥) لە پێشووتردا ئەوەمان خستەڕوو کە ڕوداو بەشێکە لە بنیاتی گێڕانەوە، چونکە گێڕەرەوە زۆرجار ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە کردەی کارەکتەرەکانن، ئەو ڕوداوانەن کە بکەرەکانیان کەسانی ناو دەقەکەن، کەواتە ئەگەر ڕوداو نەبوو گێڕانەوە پڕ دەبێت لە بۆشایی، گێڕانەوەش نەبێ چیرۆک یان ڕۆمانیش وەکو دوو دەقی گێڕانەوەبەند دروست نابن.

ئەگەر گوزەرێکی خێرا بە ناو ئەو توێژینەوە ئەکادیمییە کوردییانەدا بکەین، کە باسیان لە تەکنیک و لایەنی هونەری (چیرۆک و ڕۆمان)دا کردووە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ئەو توێژەرانە ڕوداویان وەکو توخمێکی سەرەکی هەژمارکردووە، بۆ نموونە لە کتێبی (بینای کات لەسێ نمونەی ڕۆمانی کوردیدا) کاتێک باس لە کات وەکو ڕەگەزێکی ڕۆمان کراوە، ئەوە خراوەتەڕوو کە چەند ڕەگەزێکی تریش هاوشانی ئەو ڕەگەزە هەن لە بیناکردنی ژانری ڕۆماندا، کە ئەمانەن (ڕوداو، کەسایەتی، گێڕانەوە، شوێن، ناونیشان.) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٤، ١٧)

کتێبی (بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلیش کاتێک باس لە توخمەکانی گێڕانەوە لەداستان و ڕۆمان دەکات، ئەم توخمانە دەخاتەڕوو (زمان، کات، شوێن، ڕوداو، کارەکتەر) (حاجی، ٢٠٠٩، ٧ـ٨).

لە کتێبی (بنیاتی ڕوداو لەڕۆمانی کوردیدا) نوسەر کاتێک دەیەوێت ڕەگەزە هونەرییەکانی ڕۆمان بخاتەڕوو، چوار ڕەگەز دەست نیشان دەکات، کە ئەمانەن (کەسێتی، کات، شوێن، ڕوداو) (محەمەد، ٢٠٠٩، ٣١).

(بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان دا ١٩٨٥ـ١٩٩٠) یەکێکی ترە لەو کتێبانەی کە ئاماژەی بەو توخمانە کردووە و ئەمانەی دەست نیشانکردووە (کات،

شــــــــوێن، ڕوداو، کارەکتـــــــــەر، زمان) (مستەفا، ٢٠١٠، ١٥)، ئەگـەرچی پێشیوایە کە هەر هەمـوو ئـەو توخمانـە توخمی بنچینەیین و سـەنگ و پێگـەیان بەهێزە لەبینای ڕۆماندا.

(تەکنیک لەڕۆمانـەکانی (عەبدوڵڵا ســــەراج) ماســـــتەر نامەیەکـــــە، تەکنیەکەکانی بینای ڕۆمـان دەخاتـەڕوو و باسی گرنگـی ڕوداو دەکـات هاوشـانی توخمــە بنچینەییــەکانیتر، لەوێـدا ئــەم توخمانـــە بـــەرچاو دەکــەون (ڕوداو، پاڵــەوان، شـوێن، کات) (عــەلی، ٢٠٠٩، ١١٧).

(گێڕانـــەوە لـــە کۆچیرۆکـــەکانی (ئەحمەد محەمـەد ئیسماعیل) تێزێکـی دکتۆرایە، ئەم تێزە هەوڵیداوە باس لـەو توخمانـە بکـات کـە بینـای چیرۆکیـان لەسەر دادەمەزرێت، لەوێدا ئەو توخمانە بەرچاو دەکـەون (ڕوداو، کـات، شـوێن، کارەکتەر) (موفتی، ٢٠١١، ٣٦).

لە کتێبی (چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیــدا ١٩٩١- ٢٠٠٥) یشــدا چەنــد ڕەگەزێکی سەرەکی بـۆ بینـای چیرۆکـی منــداڵان خراونەتــەڕوو، نوســەری ئــەو کتێبـە پێـی وایـە کـە (بابـەت، ڕوداو، گــرێچن، کەســایەتی، کــات و شــوێن، گێڕانـــەوە و گفتوگـــۆ و وەســـف) لـــە گرنگترین ڕەگەزەکانن (صبری، ٢٠١٠، ٥).

لە کۆتاییدا دەبێت ئـەوە بڵێـین، کـە هــەر یــەکێک لــە توخمــەکانی ڕۆمــان گـرنگن و ڕوڵیـان هەیـە لـە تەلارسـازی ڕۆماندا، چونکە نوسەری سەرکەوتوو بۆ ئەوەی گوتارەکەی بگەیەنێت، پێویستە مامەڵەیــەکی هونەرییانــە لەگــەڵ هــەر یــەکێک لــەو توخمانــەدا بکــات، جگــە لەمەش پەیوەندی بدۆزێتـەوە لـە نێـوان ئـەو توخمانـەدا، چونکـە ئـەو توخمانـە تەواوکـەری یـەکترن، بـەو واتایـەی کـە هەر ڕوداوێک پێویستی بە بکـەرێک یـان چەند بکەرێک هەیە بۆ ئەوەی ڕوودەن، پێویستیشـیان بـە شـوێن هەیـە وەکـو پانتاییەک بۆ ڕوداوەکان، جگـە لەمـەش ڕوداوەکـــان لـــەناو بازنـــەی زەمەنـــدا ڕودەدەن، جا ئەو زەمەنـە مێژوویـی بـێ یان دەروونی...تاد.

## جۆرەکانی ڕوداو:

ڕۆماننوس لە میانەی نوسینی ڕۆمان و چنینی دەقەکەیدا پشت بە کۆمـەڵێک

ڕوداو دەبەستێت، جا ئەو ڕوداوانەش بەپێی ڕۆڵ و ئەرکیان لە پێکهاتەی دەقەکەدا دابەش دەبن بۆ دوو جۆر کە ئەمانەن (ڕوداوی سەرەکی)و (ڕوداوی لاوەکی)ن، هۆی دروست بوونی ئەم جۆرانەش لە ڕۆماندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆماننوس قورساییەکی زیاتر لە ڕوداوێکدا باردەکات، (ڕوداوە لاوەکییەکانیش بۆ خزمەتی ڕوداوی سەرەکی و درێژکردنەوە و بەرەوپێش بردنی بەش و ئاستەکانی ڕووداوی سەرەکی لەلایەن حیکایەتخوانەوە دروست دەکرێن.) (حمە غریب، ٢٠٠٦، ٩٥)،بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر ئەم دوو جۆرەی ڕوداو،هەوڵ دەدەین لە چەند پەرەگرافێکدا ئاماژە بە هەر یەکێکیان بکەین.

١ـ ڕوداوی سەرەکی: ئەم جۆرەی ڕوداو ناکرێ لا بدرێ، چونکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی خەوش لەبنیاتی چیرۆکەکە و دروست بوونی بۆشایی و کەلێنی گەورە، کە پڕ ناکرێنەوە) (الحدیدی، ١٩٩٦، ١٣٦). بێگومان ناکرێت دەقێک لە چوارچێوەی ڕوداوێکی سەرەکیدا بخولێتەوەو ئەو ڕوداوەش لاببردرێت، چونکە لەوانەیە بیرۆکەی سەرەکی دەقەکە بێت.

٢ـ ڕوداوی لاوەکی: سەبارەت بە ڕوداوی لاوەکیش (ئەو ڕوداوانەن، کە ڕۆماننوس پەنایان بۆ دەبات، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەو قوڵبونەوەو شیکردنەوەی ڕوداوە سەرەکییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەی دەق، بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان هەردوو جۆری ڕوداوی سەرەکی و لاوەکی، تاکو دینامیکیەتی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی چالاک و کاریگەر و زیندو پێشکەش بەخوێنەران بکات.) (مستەفا، ٢٠١٠، ٨٤)

هۆکارێکی تری پەنابردنی نوسەر بۆ ئەم ڕوداوە لاوەکییانە، پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە خوێنەر لە یەک ڕیتمی گێڕانەوە بێزار نەبێت، جا نوسەر ناوەناوە ڕوداوی بچوک ئاوێزانی دەقەکەی دەکات، بەمەش خوێنەر لە ڕێگەیەوە ئاشنای بیر و ئایدۆلۆژیای کارەکتەرەکان و جوڵەیان دەبێت لە ڕابردوودا، جا لەوانەیە نوسەر ئەم کارەی بە هۆی تەکنێکی گەڕانەوە (دواخراوی) بکات، بەمەش

زەمەنی ئێستای گێڕانەوە ڕادەگرێت و دەکەوێتە گێڕانەوەی ئەو ڕوداوە لاوەکییانەی کە دەکەونە پێش ئەو زەمەنەی کە ئێستای گێڕانەوە پێی گەیشتووە.

## پەیوەندی ئەدەب بەکۆمەڵناسییەوە (سۆسیۆلۆژیای ئەدەب)

توێژەر لەم باسەدا ئامانجیەتی ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵناسی بخاتەڕوو، بەرلەوەی بچینە نێو قوڵایی بابەتەکە و ئەو سەرەداوانە دیاربخەین کە ئەدەب و کۆمەڵناسی بەیەکەوە گرێ دەدا، دەبێ خودی زاراوەکە شیبکەینەوە و بزانین لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، (سۆسیۆلۆژیا وەکو زاراوەیەکی زانستی لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان (Societies) بە مانای کۆمەڵ و دووەمیان (Logy) بە مانای زانست دێت، هەردوو برگەکە مانای ئەو زانستەیە کە لە ژێرخان و میکانیزمی کۆمەڵ بە هەموو ڕەوشەکانیەوە دەکۆڵێتەوە) (غولدمان، ١٩٨٤، ١٦). ئەدەبیش پێناسەکەی دیارەو جۆرێکە لە هونەر، بەلێکدانی هەردوو زاراوەی سۆسیۆلۆژیا و ئەدەبیش دەتوانین زاراوەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب دەستەبەربکەین، کە لەکاتی ئێستادا لە زانستی کۆمەڵناسیدا وەکو جۆرێک لەجۆرەکانی کۆمەڵناسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

وەکو پێناسەش سۆسیۆلۆژیای ئەدەب (ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە یان ئەو زانستەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب دەڕوانێت، لێرەدا ئەدەب پابەند دەکرێت بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی.) (ئەسوەد، ٢٠١١، ١٢٦) ئەم پێناسەیە جۆرێک لەپابەندبوونی تێدایە لەوەی کە ئەدەب دەبێ دەربڕی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بێت، نەک تەنیا وەکو بوویەکی سەربەخۆ لە دەوری ڕازاندنەوەی خۆیدا بخولێتەوە.

ئەگەر لایەنی ئابوری ژێرخانی هەر کۆمەڵگایەک بێت، لایەنی هزری و رۆشنبیری و سیاسیش سەرخانی کۆمەڵگا بێ هەروەکو "مارکس" وای بۆ دەچوو، ئەوا زۆرجار سەرخانیش

ڕەنگدانەوەی ئەو ژێرخانەیە، هەر لەم ڕوانگەیەوە گرنگی نوسەر تەنیا (لە سنوری وێنەگرتنی واقیع ناوەستێت، بەڵکو بەرەو بونیادی ژێرەوە دەچێت و پێکهاتەکەی دەدۆزێتەوە، بەتێڕوانینێکی واقعی یاساکانی بزوتنەوەی کۆمەڵگا و ناکۆکییەکانی دەخوێنێتەوە، بەهیوای لەدایکبوونی ئایندەیەکی چاوەڕوانکراودا.) (مەعروف، ٢٠١٢، ٢٣)، کەواتە ئەدەب تەنیا هەوڵی نیشاندان و کۆپی کردنی واقیع لە ئەستۆ ناگرێ، بەڵکو هەوڵدەدا بەشداری لە پرۆسەی گۆڕینی واقیع و بونیادنانی واقیعێکی باشتر بکات، ئەمەش لەوانەیە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە هەر نوسەرێک ئەندامی کۆمەڵگاکایەتی و هەموو ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگا هی ئەویشە، جا لە هەر شوێنێک درک بەچارەسەری هەر گرفتێک بکات دەیکاتە بابەتی تێکستەکەی و گوزارشتی لێوەدەکات، جا ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەوەی کە ئەو نوسەرە تاچەند تاکێکی کارای کۆمەڵگاکەیەتی، بەشداریکردنی لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان لەچ ئاستێکدایە، چونکە "جان جینۆ" پێی وایە ئەدەب چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و دەڵێت: نوسەری دورەپەرێز هەردەم هونەری نزم دادەهێنێت.) (مەعروف، ٢٠١٢، ٢٣)

لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا ئەدەب وابەستەی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی دەکرێت و لێی دوورناکەوێتەوە، بەو واتایەی کە دەبێ ئەدەب هەڵگری پەیامێک بێت و ئیلتیزامی دەکەوێتە سەرشان، نەک تەنیا پارچەیەکی هونەری و زمانەوانی بێ و بەس، بۆیە هەمیشە ئەم جۆرە ئەدەبە دەبێ بە مێتۆدێکی ڕەخنەیی سیاقی گونجاو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، باشترین مێتۆدیش لەم بارەیەوە ( مێتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی)یە.

## - بەرجەستەبوونی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان لە ڕۆمانەکانی(کرێمستی) و (ماچی یەکەم)دا

لەم تەوەرەشدا چەند ناونیشانێک دەخەینەڕوو، کە ئەگەر هەر یەکێکیان لە کۆمەڵگا بوونی هەبوو، ئەوا یەکسەر

نیشانەی پرسیار دەکەوێتە سەر تەندروستیی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە، چونکە هەر یەکێکیان خۆی لەخۆیدا کێشەیەکە و بەرۆکی کۆمەڵگای گرتووە، ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتانەش لە دنیای ئەدەبدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەدیب بەرلەوەی نوسەر بێت مرۆڤە و بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، جا هەر کێشەیەکی کۆمەڵگا کێشەی ئەمیشە. هۆکاری دەستلەسەردانانی ئەدیبانیش لەسەر ئەم بابەتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بیانەوێت کۆمەڵگایەکی نموونەیی دوور لەو گرفتانە بخولقێنن، هەمیش بتوانن کۆمەڵگا بۆ ڕێگای ڕاست و تەندروست ئاڕاستە بکەن، گرنگترین ناونیشانەکانیش ئەمانەن:

**١. ڕەدوکەوتن:**

ڕەدوکەوتن وەکو حاڵەتێکی ناتەندروستیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە، پێدانی وشەی ناتەندروستیش بەم ناونیشانە لەلای ئێمەوە لەوانەیە پەیوەندی بەو ترسەوە هەبێ، کە دەسەڵاتی پیاوسالاریی لە نەستی کۆی هەموو مێیینەیەک بەخۆشمانەوە چەسپاندوویەتی، کەواتە ڕەدوکەوتن نەک لە دیدی پیاو بە تەنیا حاڵەتێکی ناتەندروستە، بەڵکو لەلای مێیینەی سێبەری پیاویش هەر ناتەندروستە.

"شێرزاد حەسەن" یەکەمین هۆکار و دوا هۆکاری ئەم بابەتە دەگەڕێنێتەوە بۆ پیاو، چونکە پێی وایە پیاو پشت ئەستوور بە ئایین و کلتور و هێز هەمیشە ویستویەتی نەخشەرێگای ژیانی ئافرەت بە دەستی خۆی بکێشێ، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێ، نەک ئەوەی کە ئافرەت پێویستە وابژی، کاتێک دەڵێت: (یەکەمین سەرنجی من سەبارەت بە ڕەدوکەوتن، مەسەلەی بەگژاچونەوەی ئافرەتە کە بەدرێژایی مێژوو ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلای پڕ شانازیی لە چوارچێوەی ئەو دابونەریتەدا تۆمارکردووە، بۆ گوزارشت کردن لە سەربەستی و ڕەتکردنەوەی هەر هەموو بەها و مۆڕاڵی پیاوسالاری و گومان خستنەسەر دابونەریتێک کە تەمەنی هەزار ساڵەو، بەدرێژایی سەدەکان قوول ڕەگی داکوتاوە، کە هەر هەموو پایەکانی ئەو مۆڕاڵ و

دابونەریتە لەسەر بە پیرۆزکردنی دەسەڵاتی پیاو دامەزراوە) (نورەدین، ٢٠٠٧، ٥)، لەمبارەیەوە تاکە پێوەر بۆ باشی مێیینەکان لە ڕوانگەی



کەریم کاکە

نێرینەکان (باوک، برا، مام و خاڵ و ئامۆزا...تاد) ئەوەیە، کە ئەمان لەسەر ئەو ڕێسا و دەستورانە بڕۆن کە پیاو بەڕاستی دەزانێت، کەواتە پیاو وەکو هێزی دەسەلات ئافرەتی ملکەچ و عەقڵ لاوازی لەلا پەسندە، ئەگەرچی لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم ڕوانگەیە تاڕادەیەکی باش کاڵبۆتەوە، کە ئەمەش بۆ هۆشیاری هەردوو ڕەگەز دەگەڕێتەوە، لە چۆنیەتی ڕوانینیان بەرامبەر بەیەکتری.

لە ڕۆمانی (کرێمستی)دا، نوسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە لەمپەر دروستکردن لەبەردەم بەیەکگەیشتنی نێوان کوڕو کچ کاتێک کە یەکتریان خۆشدەوێ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەری خۆیان هەڵبگرن و دوور لەچاوی کەسوکار بەنهێنی بژین، جا باس لەحاڵەتی سەر هەڵگرتنی "پەرژین"ی پلکی هاوار لەگەڵ کەسێک کە یەکتریان خۆشویستووە، کوڕەکە هاتۆتە داوای، بەڵام لەلایەن باوکی پەرژینەوە ئەو داوایە ڕەتکراوەتەوە، تا ئاکامەکەی بەم شێوەیە دەبێت، ئەم بابەتە لەسەر زاری گێڕەرەوەی هەمانشتزانەوە ئاماژەی پێکراوە ( (پەرژین سێ ساڵ لەمن گەورەترە، هێشتا شووم نەکردبوو، دوو سێ جار کوڕێک هاتە داخوازی پەرژین، بابم چووە سەر کەلی شەیتان نەیدایێ، پەرژین لەگەڵ کوڕە سەری خۆیان هەڵگرت، ئامۆزاکانم هاتن شیر و تیریان دەسوو، بابم تەڵاقی خوارد کە پەرژین بکوژێت) (کاکە، ٢٠١٣، ١٣٦-١٣٧)، ئەم ڕوداوە دایکی هاوار بۆ هاوار

دەگێڕێتەوە، دوای ئەمە باوکی پەرژین برای پەرژین ڕادەسپێرێ کە پەرژین بکوژێت، ئەو بەڵێنی پێدەدات، بەڵام کاتێک پەرژین و کوڕەکە دەبینێت نایانکوژێت و پێیان دەڵێت کە خۆیان ون بکەن، کەچی بە باوکی دەڵێت پەرژینم کوشتووەو لەژێر خاکدا شاردومەتەوە، لێرەدا "مۆسکۆیی" کە خاڵی هاوارە وەکو نموونەی کەسێکی تێگەیشتوو وێناکراوە، کەسێکە درک بەحەقیقەتەکان دەکات، وەکو خۆی مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکان دەکات، هەڵناستێ پەرژینی خوشکی بکوژێت، چونکە دەیزانی ئەگەر باوکی ڕێگرنەبایە لەبەردەم هاوسەرگیرکردنەکەیان، ئەوا ئاکامەکەی بەم شێوەیە نەدەبوو.

## ٢. بەزۆر بەشودانی ئافرەتان:


ئەمەشیان دەتوانین وا پێناسەی بکەین، کە بەیەکەوەگرێدان دوو ڕەگەزە (نێر) و (مێ)، کە بەلایەنی کەمەوە کچەکە وەکو تاکێکی مێیینە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ژیانی پرسی پێنەکراوە، سەرەنجام لەوانەیە لە داهاتوودا هەڵوەشاندنەوەی خێزانی لێبکەوێتەوە. ئەوەی کە دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە، کە باوک یان برا وەکو ڕەگەزی نێر) خولقێنەری ئەم بارودۆخەن، ئەمان ئازادی لە دەربڕینی چارەنوسی مێ لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی داهاتووی ژیانیان زەوت دەکەن. یەکێک لە فۆڕمەکانی ئەم بابەتە کچ بەشوودان لەپێناو پارەدا، کاتێک خێزانی کچەکە دەیانەوێت ئەم لەبری بڕێک بدەن بە یەکێک، جا زۆرجار دەیدەنە پیاوێک کە جیاوازی تەمەنیان وەکو ئاسمان و ڕێسمان وایە، لەم حاڵەتەدا لەوانەیە مەسەلەی سێکسوالیتی ببێتە گەورەترین کێشە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی خێزانی دروست دەکات، یەکێک لەو نموونانەش کە نموونەیەکی زیندووە لە ئەدەبیاتی کوردیدا چیرۆکی (وەستا بیلال و بوکی تازە)ی "زێوەر"ی شاعیرە. لەم چیرۆکەدا (وەستا بیلال کەسێکی بەتەمەنەو چۆتە ناو ساڵەوە، لە توانای دانییە ئەرکی ژن و مێردایەتی لەڕووی سیکسییەوە ڕایی بکات، بەڵام لە دیوەخان و مەجلیسدا کەسێکی دیار و

قســـەزان و خــۆش مەشــرەبە، زێــوەر وەســتا بـیلال لـە شـەوی زاوایـەتی بـە کەسێکی بێ دەسەڵات و لەمەجلیسدا بە شێرە پیاو پێدەناسێنێ) (کەلهوڕ، ٢٠١٠، ٢٣)کاتێک دەڵێت:

مەسـئەلەی وەسـتا بـیلال و بـووکی تازەی بوو بەبـاو

وەختـی پـەردە پیـرە زاڵـە، وەختـی مەجلس نێرە پیاو (زێوەر، ٢٠٠٣، ١٠)

لە ڕۆمانی (ماچی یەکـەم)ی "کـەریم کاکە"دا حاڵەتی کچ بەشـوودان لـەپێناو ماڵ و سامان دەبینرێت، کاتێـک دایکـی پـەری کـە وەکـو نموونـەی کەسـێکی کۆمەڵایـەتی خـراپ وێنـا کـراوە، حـەز بەوە دەکات پەری کچی شوو بەکەسێک







بکـــات کـــە ئەفســـــەرە، کـــاتێ دەڵێت: (بخـەوە، کچـێ، لـۆ ناخـەویت، ئەگــەر مێــردت دەوێ، دە بیکــە بــە ئەفســەرەکە بکــە، بەقــەت ئاســمانێک ئەســـــــــتێرەی بەشـــــــــان و ســـینگیەوەیە.) (کاکە، ٢٠١٠، ٢٢ـــ٢٣)

ئــەوەی لێــرەدا کــە پێویســتە لەســەری بوەستین، ئەوەیە کە لـەم پەرەگرافـەدا نـەک تـەنیا پیـاو بـەڵکو دایکـی پـەری وەکو ئافرەتیش ویستوویەتی ئـەو مافـە لـە کەسـێکی تـری هـاوڕەگـەزی خـۆی زەوت بکات، کەواتـە تـەنیا پیـاوان نـین کەدەیانـەوێ کـچ بـەزۆر بەشـو بـدەن، بەڵکو هەندێجار ئافرەتـانیش بـەم کـارە هەڵدەستن.

لـە ڕۆمانی (کرێمستی)شـدا حاڵــەتی کـچ بەشـوودانی بـەزۆرەملێ دەبینرێـت، کاتێ گوڵنار لـە تەمـەنی منداڵی بـەبێ ئــارەزووی خــۆی لەلایــەن براکەیــەوە دەدرێ بـــە کەســـێکی زۆر گـــەورەتر لـەخۆی، لـە گفتۆگـۆی دایـک و بـاوکی هاوارەوە ڕوداوی بەشووودانی گوڵنارمـان بـۆ دەگێڕدرێتــەوە (کوڕ گـوێی لەدایکـە قسە بۆ باب دەکات:

باب دەڵێ:

گوڵنار! مارەشیان کرد، دایانە کێ؟

دایک دەڵێ:

ئـا، لــەو دوو ســێ ڕۆژە دەیبــەن، شـــەوێ مارەیـــان کـــردووە، براکـــەی بەمێردی داوە، دایکیشـی هێنـدە ئاگـای لـێ نیە..) (کرێمســتی، ٢٠١٣،٩)، لــە پەرەگرافـــەکانی دواتـــردا بۆمـــان دەردەکەوێت کە گوڵنار لـەپێناو پـارەدا فرۆشـــراوە،کاتێ لــــە زاری دایکــــی گوڵنــارەوە بۆمــان دەگێڕدرێتــەوە کــە گوڵنار لەلایەن براکەیەوە لە بـری بڕێـک پـــارە دراوەتـــە "حەسـۆ" ناوێـک، کـە پێشــتر ســێ ژنــی تریشــی هێنــاوە و تــەڵاقی داون، گوڵنــار ژنــی چوارەمــە و تووشــی هــەمان چارەنوسـی ژنــەکانی پێشـوتری ئـەو کابرایـە دەبـێ، چونکـە هــەر زوو دوای چەنــد ڕۆژێــک ئــەویش تەڵاق دەدرێ (حەسۆ پێش گوڵنـار سـێ ژنیـدی تەڵاقـداوە، هـیچ ژنێـک لەسـێ مانگ پتر لای نەبووە، ئەو کوڕە شـێتە شێت، خوا کوڕەکەی من بگرێت، نـازانم ئەو کەربابەی لەکوێ دیتـەوە، فرۆشـتی ، بەپارە فرۆشـتی، منـیش چ دەسـەڵاتم نەبوو..) ( کرێمستی، ٢٠١٣، ١٠٢).

### ٣. لاقەکردن:

لاقەکردن وەکو جۆرێک لـەجۆرەکانی تونـــــدوتیژی جەســـــتەیی، بریتییـــــە لــە (کردەی دەســت لێــدانی ئەندامــە سیکسییەکانە، جا بە بـەکارهێنانی هێـز و هەڕەشــە بێــت یــاخود نــا، بــەبێ ڕەزامەنـدی مێیینـە، بەتایبـەتی کاتێـک قوربانییـــــە زۆرلێکراوەکـــــە لـــــەخوار تەمـەنی (١٦)سـاڵی، یـاخود کەمئەنـدام بێـــــــت لـــــــە ڕووی عــــــەقڵی و جوڵەییەوە.) (باشطح، ٢٠١٤، انترنیت) زۆرجـار پیـاوان هێـز یـان جۆرێـک لـە هەڕەشــە دەکەنــە ئــامراز بۆئــەوەی ئیــرادەی مێیینــەی پــێ لەباریبــەن و هەرچی بیانەوێت لـە ئـافرەت بەدەسـتی بهێنن، ئەمەش زیاتر دەرهاویشتەی ئەو

هاوکێشـەیەی کۆمـەڵگای پیاوسـالارییە، کە پیـاوی (وەکـو چـەقی دەسـەڵات) و ئافرەتیشی (وەکو لایـەنی سـەرکوتکەر) وێناکردووە.

ڕۆمانەکانی "کەریم کاکە" ئاوێنەیەکن و دەتـوانین لێیـەوە تەماشـای سـەرجەم ئـــەو کێشـــە و مەینەتییانـــەی ژیـــانی ئـــافرەتی کـــورد بکـــەین، لاقـــەکردنیش بەشـــێکی حیکایـــەتی ئـــەو ڕۆمانانـــە پێکـــدەهێنێت. لـــە ڕۆمـــانی (مـــاچی یەکـەم)دا ڕۆمـاننوس باسـی لاقـەکردنی "پـەری" دەکات لەسەرزاری خۆیەوە، کە لەلایەن کۆمەڵێک پیاوەوە دەڕفێنـدرێت، پاشـان سێکسـی بـەزۆرەملێی لەگەڵـدا دەکرێـــت و دواتـــر هـــەر لەوشـــوێنە فڕێدەدەرێتـــەوە کـــە لێیـــەوە ســـواری ئۆتۆمبیلیان کردبوو(ڕێک لەو جێگەیەی کەجلکزەیتوونیـــەکان پـــەلاماریان دام، قەمـــەرەیک لەبـــەر دەمـــم وەســـتاو پـــەلاماریان دام، دەمیـــان گـــرتم و چاومیان بەست، بـەرزەفتیانکردم، ئـای پیـاوە مـەستەکە لـەکوێی، ئـەوجارەش بگـە هانـام، نـەهات، منیـان خسـتبووە نێوان خۆیانەوە، بەشوفێرەکەیان گـوت: پێ لێنـێ، بـەلای خۆتـدا.. ئیـدی گـوێم لـــەهیچ قســـەیەکیدی نـــەبوو، دەسـتەکانمیان تونـد گرتبـوو، دەممیـان تونـد بەسـتبوو، قەمەرەکـە هێنـد پـێچ پێچی کرد، لێم تێکچوو بەکام ئاراستەدا ڕۆیشتین، ڕەنگە هەر چارەگێـک بـەڕێوە بـــووبم، خـــۆم لەســـەر قەرەوێلەیـــەک دیتەوە، دەستەکانمیان بەقەرەوێلەکـەوە بەست، دەمم هـەر بەسـتراوە، چاومیـان کردەوە ژوورەکە نیوە ڕووناک بـوو، دوو پیـاو بەسـەر سـەرمەوە بـوون، شـتێکی وەک توورەگـــەیان لەســـەری خۆیـــان هەڵکێشـابوو، تـەنها دوو چـاو و دەم و کونـە لووتیـان دیـار بـوو، نـەرم نـەرم بلوزەکەمیان هەڵدایەوە، تەنوورەکەمیان داکەنـد، یـەکیان چـووە دەرێ، ئەویـدی یەکسەر دەمی بەخاڵی گەردەنمـەوە نـا، وەهای دەمژی گوتم لەبنەوە هەڵیکەنـد، چەندی خـۆم ڕاپسـکاند و بـەلاش بـوو، بـەهێز بـوو، هاتـە نـاو ڕانـەکانم و ئـەو کـــارەی کـــوڕی پیـــاوە مەســـتەکە بـــەنیوەچڵی جێیهێشـــت ئـــەو پیـــاوە کەنەمزانی کێیـە تـەواوی کـرد، هەسـتا، لەژوورەکـــە چـــووە دەرێ، هێنـــدەی پێنـــەچوو، ئەویـدی هاتـــە نـــاو ڕانـــم و ئەویش دەوی بەخاڵەکەوە نا تەواو، ئای

خـــاڵی ســـەر بەگۆبەنـــد، خۆزگـــە نەشتەرگەریم دەکرد، هەموو ئەو خاڵەیە من بە گۆبەند دەبات.. هیچم لەدەست نـەدەهات، لـەچاوەڕێی پیـاوی سـێیەم بــووم، نــەهات، دەســتمیان کــردەوە، تەنوورەکـــــەمیان لەبەرکردمـــــەوە و بەدەستی خۆیان پرچمیان ڕێکخستـەوە، و چاومیان بەستەوە هـەر بـەچاو و دەم بەسـتراوی سـوار بووینــەوە ... ڕەنگـە گەشـــتی لاقـــەکردن هـــەمووی هـــەر دەمژمێرێکـــی بردبێت) (کاکـــە، ٢٠١٠، ١٢٧). هــەر لــەم ڕۆمانــە ڕۆمــاننوس بەســـەرهاتی ئـــافرەتێکی ترمـــان بـــۆ دەخاتـــــەڕوو بـــــەناوی ژنـــــە کەسکپۆشـــەکە،کە چـــۆن خـــۆی و دشـەکەی تۆشـی لاقـەکردن بوونەتـەوە، کاتێک لەسەرزاری خۆیـەوەو لـە ڕێگـەی تـــــەکنیکی فلاشـــــباک بـــــۆی گەڕاوەتەوە (هـەر ساڵێک دەبـوو شـووم کردبـوو، شـووی یەکـەم، ماڵمـان نزیـک مزگـــەوتی حـــاجی لەقلەقـــەکان بـــوو، زســـتان بـــوو، مێردەکـــەم بەســـەفەر ڕۆیشـــتبوو، خوشـــکێکی مێردەکـــەم بێـــوەژن بـــوو، شـــەو لام بـــوو، ماڵنووســـتنان لـــەدەرگا درا، دشـــەکەم خەوتبوو، من وام مەزندەکرد مێردەکـەم گەڕاوەتەوە، هێنـد دڵنیـابووم کـە ئـەوە نەمپرسی کێیە دەرگام نیـوە لانـەدرابو، دەستێک زارمـی گـرت و چـوار پێنجێـک بــەژوور کـــەوتن، دەموچـــاوی خۆیـــان پێچابوو، پەری چۆنی دەگێڕمەوە ئەوها بـوو، هـەر بەچەفیـەکانی خۆمـان زاری هـــــەردووکمانیان بەســــت، هــــەر بەکلانگۆجکـەکانی خۆمـان دەسـتمانیان لەپشـتەوە بەسـت، کەوتنـە سـەرمان، شـــەش پیـــاو بـــوون، رووتوقووتیـــان کردبووینەوە، لالەکەیان کەمێک کز کرد، ئـا لالـەمان هـەڵکردبوو، لـەبیرم نیـە ئەودەم لەماڵی ئێمەدا گڵۆپ هەبوو یـان نا، نازانم کارەبا کوژابۆوە بۆیـە لالـەمان هـەڵکردبوو، یـان کارەبـا هـەر نـەبوو، پـەری ئـەو بەرازانـە یـەکیان دادەبـەزی ئەویدی دەهاتە سەرێ، هەر بەبـەرچاوی یـەکترەوە، شـەرمیان لێکـدی نـەدەکرد، پـــەری وابـــزانم هـــەر یەکـــەیان لـــەمن و لەدشەکەم پەڕین وەک نێرەکەر پـەڕین، لەماوەی یـەک دوو کـاتژمێر ئـەو شـەش بـــەرازە شـــەش جـــار خۆیـــان لـــەمن بـــەتاڵکردەوە، شـــەش جـــار خۆیـــان لەدشـەکەم بـەتاڵکردەوە، بـەوەی بـاش

بـــوو هیچمـــان زگمـــان لـــەو بەرازانـــە نەگرت..) (کاکـــــە، ٢٠١٠، ١٣٠) لـــــەم سیاقەدا ڕۆمـاننوس وێنـای ئـەو جـۆرە نێرانـــە دەکـــات کـــە شـــەهوەتبازی گەیشـــتۆتە بینـــەقاقایان و بـــەهیچ کڵۆجێـک گـوێ بـە مـافی ڕەگـەزی بەرامبـەر و چوارچێـوە کۆمەڵایـەتییەکـە نـادەن و ئـەوەی لایـان گرنـگ نـەبێ شەڕەف و کەرامەتی کەسانی ترە، ئـەم کـارەی ئـەوان سـەراپا دەچێتـە نـاو چوارچێـوەی لادانـە کۆمەڵایەتییـەکان. ئەگـــەر ورد و قـــاڵ ببینـــەوە لـــە تێکسـتەکانی کـەریم کاکـە، دەبینـین چونکـە خـۆی خـەڵکی هـەولێرە، بۆیـە زۆربەی کات سەنتەری شـاری هـەولێر و هەموو ئـەو جۆگرافیایـەی کـە سـەر بـە هـەولێرە دەکاتـە پانتـایی ڕوداوەکـانی، لـەم تێکسـتەی پێشـووش کـە باسـی (مزگەوتی حاجی لەقلەقەکان) دەکـات، ئاماژەیـە بـۆ مزگـەوتی خانـەقا، کـە دەکەوێتـــە بـــەردەمی قـــەڵای هـــەولێر بەڕووی قیبلەوە.

**٤. دڵپیسی:**

دڵپیسی وەکو گرفتێک لای مرۆڤ لە گومانـەوە سـەرچاوە دەگـرێ، چونکـە گومـــان وادەکـــات مـــرۆڤ تووشـــی هەڵوەستەیەکی قووڵ بێت لـە بەرامبـەر هەموو ئەو شتانەی دەوروبەری کە جێی پرسیارن. ئەگەرچیش هـەموو گومانێـک بنەمایەکی نەرێنی نییە، چونکـە مـرۆڤ هـەر لەئەزەلـەوە لـە ڕێـی گومانـەوە توانیویـەتی حەقیقەتـەکانی دەوروبـەری پـەی پێببـات، سـەرەتای ئەفسـانە و تەنانـــەت فەلســـەفەش هـــەر لـــەڕێی گومانـەوە دەسـتیپێکردووە. جۆرێـک لـە گومانمان هەیە کە دەتوانین بە گومـانی نـەرێنی نـاوی بـەرین، لـەو جۆرەیانـدا مرۆڤەکـــە پێـــی وایـــە کـــە کەســـێک هاوبەشییەتی لەو شتەی کـە ئـەو تـەنیا بەهی خۆی دەزانێ، کە لەوانەشە ڕاست نـــەبێت، بەمـــەش خـــاڵی نـــەرێنی لێدەکەوێتـەوە، بـۆ نموونـە گومـانکردنی پیـاو لـەوەی کـە خێزانەکـەی دڵـی بـە کەسـێکی ترەوەیـە، کـە لـە باشـترین حاڵـدا دەتـوانین بـە (دڵپیسـی) نـاوی بەرین، سەرەنجام وا دەکات بیر و هزری ئەو پیاوە تەنیا لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە بێت.

کەریم کاکە لـە ڕۆمانەکانیـدا زۆر بـە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ کێشە و

ئاریشەکانی کۆمەڵگای کوردی کردووە، یەکێک لەو ئاریشانەش گومان و دڵپیسییە، لە ڕۆمانی (ماچی یەکەم)دا ڕۆماننوس کاتێ وێنای کەسایەتی "پەری" وەکو ئافرەتێکی شۆڕشگێڕ کردووە، کە لەپاڵ پۆلێک لە برا پێشمەرگە نهێنییەکانیدا خەباتیان کردووە، ئەم کارکردنەی پەری لەپاڵ ئەو پیاوانە وایکردووە کە"کوڕی پیاوە مەستەکە" تووشی دڵپیسی ببێت لە هەمبەری، بۆیە ئەم کارە پەری نارەحەت دەکات و نامەیەکی بۆ دەنێرێ (تۆ دڵپیسیم لێدەکەیت، گوێبگرە لەلای من پیسترین پیاو ئەوەیە کەدڵپیس بێ، دڵنیابە ئەگەر هەر کاتێ دڵنیابم تۆ پیاوێکی دڵپیسی، پەیوەندیمان بەتەواوی دەپسێ و چیدی ناتناسم.) (کاکە، ٢٠١٠،٦٥). زۆرجار پیاو سروشتی وایە کە ئیرەیی دەبات لەهەموو کردار و گوفتارێکی پیاوی تر لەگەڵ خۆشەویستەکەی، یان خێزانەکەی، ئیتر لەناخیدا ململانێ و کێبڕکێیەک دروست دەکات لەگەڵ هەموو ئەو پیاوانەی کە ئەم ئیرەییان پێدەبات، ئەم کارەی "کوڕی پیاوە مەستەکە"ش دەچێتە هەمان ئەو بۆتەیەوە، کە لە وتەکانی دواتریدا بەئاشکرا دان بەئیرەیی پێبردنی هاوڕێ کوڕەکانی "پەری" دا دەنێت، کاتێ دەڵێت: (ئەوەی دڵپیسی لەپەریی ئاسمانێ بکات!خودا چی بەسەر دێنێ؟ کچێ، تۆ پەریی ئاسمانی،کچێ من دڵپیس نیم ئیرەیی دەبەم، حەزدەکەم ئەو پەریە ئاسمانیە هەمیشە لەسەر زەوی سینەم بێت و بەهیچ لایەکدا نەفڕێ، مەفڕە پەریەکەم مەفڕە) (کاکە، ٢٠١٠، ٦٥). لە حیکایەتی ئەم ڕۆمانەدا چارەنوسی "پەری" و "کوڕی پیاوە مەستەکە" بەیەک نەگەیشتن و دوورکەوتنەوەیە،کەئەمەش کۆمەڵێ هۆکاری لەپشتەوە بووە، یەکێ لەهۆکارەکانیش دڵپیسی "کوڕی پیاوە مەستەکە" بووە لە"پەری"، کاتێ لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا نامەیەک بۆ "پەری" دەنوسێت (من زۆر لەو پیاوە تاوانبارترم کەڕەوانەی خەستەخانەم کرد، ئێستا لەخۆم تێگەیشتم کەمن لەئاست تۆ چەند گچکە و بوودەڵەم، تۆ بەهەڵە حەفت پایز منت خۆشویست، تۆ شایانی پیاوێکی گەورە بوویت نەک من،

دڵپیسترین پیاوی دنیام، تۆ پیاوە گەورەکەت دیتەوە.) (کاکە، ٢٠١٠، ٢٦١) ئەوەی کە "کوڕی پیاوە مەستەکە" لە پێشوتردا بەئیرەیی لێی تێگەیشتبوو، دواتر خۆی دانێ پێدانا کە دڵپیسی بوو.

## ٥. کوشتنی ئافرەت بەبیانوی ناموس و شەرەفپارێزی:

کوشتن بەبیانوی ناموسپارێزی وەکو جۆرێک لەتاوان دەتوانین وا پێناسەی بکەین، کە (بریتییە لەکوشتنی ژنان لەلایەن باوک یان برایانەوە لەسەر ئەنجامدانی یان گومانی ئەنجامدانی کاری سێکسی پێش شووکردن، یان لەدەرەوەی هاوسەرکاریدا.) (سالّح، ٢٠١٥، ئینتەرنێت) ئەوەی لەمجۆرە دیاردانە بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەمیشە پیاو ئەنجامدەری ئەمجۆرە تاوانەن، ئەمەش زیاتر بۆ ئەو باڵادەستییەی پیاو دەگەڕێتەوە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا. کوشتن لە پیناو کڕینەوەی شەرەفی خێزان و بنەماڵە وخێڵ لەزۆربەی ڕۆمانەکانی "کەریم کاکە" ڕەنگیانداوەتەوە، لە ڕۆمانی (ماچی یەکەم)دا ڕۆماننوس باسی حاڵەتی کوشتنی ئافرەتێکمان بۆدەکات،کە لە ناو ئەو تێکستەکەدا بە"ژنە لەخەو تۆراوەکە"ناوی ڕۆیشتووە، ئەو ئافرەتە بەدەستی کوڕەکەیەوە دەکوژرێت، چونکە کوڕەکەی هەڵسوکەوتی دایکە بێوەژنەکەی بەدڵ نییە، کوڕی ئەو ئافرەتەش وەکو کەسێکی ئایدۆلۆژیا ئیسلامی وێناکراوە، ئەم ڕوداوە لەلایەن لەسەرزاری گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە گێڕدراوەتەوە (دەسرێژێک بێدەنگی شەوی شکاند، دەسرێژێک نزیک نزیک، هەر لەحەوشە، دەسرێژێک بێزارییەکەی ئاگردا، دەسرێژێک وەهای شلەژاندم دەست و پێی خۆم نەدەدیتەوە، نەمدەزانی گوللە بەکوێم کەوتووە، لەو دەمە ئەوەی بیستم هاوارێک و ڕستەیەک، ڕستەیەک دەتگوت بەراز گوتی (من دایکێکم ناوێت قاحپایەتی بکات)... یەکەم کەس کە گەیشتە سەرمان پەری بوو، دووەم کەس بابی پەری، سێیەم کەس کۆڵان..کاتێک ڕستەی بەرازەکەم بۆ باوکی پەری گوتەوە، گوتی: دەمزانی ئەو ڕیشنە

خوێرییــە وا دەکــات، ئەوانــە ئایینیــان لـــــــەقوڕاو گرت..) (کاکــــــە، ٢٠١٠، ١٨٢ــ١٨٣) لــەم ســیاقەدا ڕۆمــاننوس هۆکــاری ئەنجامــدانی ئـــەو تاوانـــەی گەڕاندۆتـــــەوە بـــۆ ئایدۆلۆژیایــــەکی دیاریکراو، کـە ئایـدۆلۆژیای ئیسـلامییە، لەکاتێکــدا بەرلـــەهاتنی شـــەپۆڵەکانی ئیســــلامی سیاســـی بــۆ کوردســـتان، کوشـــتنی ئـــافرەت لـــەپای شـــەڕەف هەرهـــەبووە، بۆیـــە بـــەلای ئێمـــەوە وابەسـتەکردنی ئـەم جـۆرە تاوانانـە بـە تەنیا ئایدۆلۆژیایەکەوە ڕاستی ناپێکێت.

لـە ڕۆمـانی (کرێمستی)شـدا ڕوداوی کوشـــتن لـــەپێناو شـــەڕەف کرینـــەوە دەبینرێــت، بۆنموونــە لـــەو ڕۆمانـــەدا "پەرژین" وەکو ئـافرەتێکی ڕەدوکـەوتوو کەوتۆتــە بــەر هەڕەشــەی ئــەم جــۆرە کوشـــــتنە لەلایـــــەن خێزانەکەیــــەوە، بەتایبـــــــەتی لەلایـــــــەن بـــــاوک و ئامۆزاکانییەوە.

## سەرچاوەکان


- ادوارد بلشـــــــن و دایانـــــــا و بتغـایر(١٩٨١)، الروایـة ـ صـنعة الکتابة الروایة، تر: سـامی محمـد، دار الحریه للطباعة، بغداد.
- باشطح، ناهد (٢٠١٤)، العنف اشکاله و اسالیبه، http://www.nahed.net/index.htm
- الحدیدی، عبداللطیف (١٩٩٦)، الفن القصصی في ضـوء النقد الادبي الحدیث،المنصوره.
- حـاجی، سـەنگەر قـادر شـێخ محەمـەد (٢٠٠٩)، بنیـاتی گێڕانــەوە لەداسـتانی (مــەم و زیــن) ی ئەحمــەدی خــانی و ڕۆمانی (شـاری مۆسـیقاڕە سـپییەکان) ی بــەختیار عــەلی دا، چ١، دەزگـــای توێژینــەوە و بڵاوکردنــەوەی موکریـانی، چاپخانەی خانی ـ دهۆک.
- حەســــەن، حەمــــە ســــەعید (٢٠٠٥)، قارەمان و ڕووداو لـەچیرۆکی کوردیـدا، گ (شین)، ژ(١٠).
- حمــە غریــب، ســازان جــوهر (٢٠٠٦)، پاڵەوان لەحیکایەتی فۆلکلۆری کـوردی (ناوچەی کەرکووک)دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کـۆلێژی زمـان، زانکـۆی سەلاحەددین.
- دبلیــو، تــا. بــیس.(١٩٨١)، الــدراما والدرامی، ت: د. عبدالواحد لؤلـؤة، دار الرشید للنشر، بغداد.

- ساڵح، ئاسۆ (٢٠١٥)، پەسندکردنی کوشتن لەسەر نامووس لەلایەن کۆمەڵگا، http://www.kurdishpen.com.
- غولدمان، لوسيان (١٩٨٨)، البنويه التكوينيه و تاريخ الادب، ت: د. على الشرع، مج: الثقافة الاجنبية، ع الرابع، بغداد.
- کاکە، کەریم(٢٠١٣)، کرێمستی، ڕۆمان،یەکێتی نوسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی٤٩،چا: ڕۆژهەلات، هەولێر.
- کاکە،کەریم (٢٠١٠)، ماچی یەکەم،ڕۆمان،سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما،چا:شەهاب، هەولێر.
- کەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٢)، پلۆت لەچیرۆکی کوردیدا ساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٥، بەڕێوەبەریێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- مەحەمەد، پەرێز سابیر (١٩٩٢)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلا حەدین.
- مەعروف، کەمال (٢٠١٢)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چا: لەریا، سلێمانی.
- محەمەد، میران جەلال (٢٠٠٩)، بنیاتی ڕووداو لەڕۆمانی کوردیدا، چا: ڕەنج، سلێمانی.
- مستەفا، ڕێزان عوسمان (٢٠١٠)، بنیاتی جۆرەکانی ڕوداو لەڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان دا ١٩٨٥ - ١٩٩٠، چا: سپیرێز، دهۆک.
- موفتی، پەری ساڵح حەمید (٢٠١١)، گێڕانەوە لە کۆچیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، تێزی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چا: بینایی، سلێمانی.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەددین (٢٠٠٤)، بینای کات لە سێ نمونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

# بۆچی "خەیاڵی زانستیی منداڵان" لە ئەدەبی کوردیدا هەژارە؟ چۆن برەوی پێبدرێت؟

فازیل شەوڕۆ-دوبلن



پرۆفیسۆر خاتوو ئیلیسا بێشیرۆ بۆندار لە زانکۆی پیتسبێرک — لە شاری گرینسبێرگی ئەمریکا، بەم شێوەیە پێناسەی خەیاڵی زانستی (Science Fiction) دەکات:"خەیاڵی زانستی بابەتێکی پەیوەست بە کاتە لە ئەدەبدا، بە زۆری ئایندەیی، زانستیی خەیاڵی گریمانە دەکات سەبارەت بە شێوازە بەدیلەکانی ژیان کە یاسا و پێکهاتەیەکی باوەڕپێکراوی یەکگرتوویان هەیە، ئەمەیش بەهۆی گۆڕانکاریی تەکنەلۆژییەوە بووەتە مەمکین، هەربۆیە هەندێکجار بە "خەیاڵی گەمژانە" ناوزەد کراوە. زانستیی خەیاڵی ڕەنگدانەوەی لەسەر تەکنەلۆژیا دەبێت بۆ ئەوەی بیر لەوە بکاینەوە کە چۆن ڕەنگە بارودۆخی بوونمان بگۆڕێت و بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێن: (کە مرۆڤبوون مانای چییە؟)[i]

هێندێک لە زانایانی مێـژووی ئەدەب، داســتانی گلگــامێش بە ســەرەتای ئەم ژانرە ئەدەبییە دەدانـێن، بەڵام خەیـاڵی زانستی فۆڕمە تۆکمە و واتابەخشـەکەی لە دەورووبەری ٣٠٠ ساڵێک لەمەوبەر لە قالــــــب دا؛ لەو ســــــــەردەمەی کە پێشــــــکەوتنی گەورە لە بوارەکـــــانی زانســــتدا بــــازی گەورەی هاویشـــت و نووســــــەران لە ڕۆژئـــــاوادا کەوتــــــنە بیرکــردنەوە لە داهێنــانی جیهانێــک لە ڕێــی خەیــاڵەوە،کە لە واقیعــدا بــوونی نەبێـت، سـنووری کۆمەڵگاکـانی پۆسـت ئەپۆکالیپــت ببەزێنێــت[ii] و بــوونەوەرە نامۆکان و ڕۆبۆت و گەشت بـۆ نـاو فەزا و دۆزیـنەوەی هەسـارەکان... بکـرێن بە کرۆکـــــی بابەتەکانیـــــان. دەکرێـــــت گەشـتەکەی گـۆلیڤەر لە سـاڵی ١٧٢٦، کە بەرهەمـی جۆناتـان سـویفتە (١٦٦٧ — ١٧٤٥)،لە سەرەتای خەیاڵی زانسـتی دابندرێت.[iii]

ئیمـڕۆ سـنووری ئەم ژانـرە ئەدەبیـیە هێنـــــــدە فـــــــراوان بـــــــووە، کە دەستنیشــانکردنی ئاســان نیــیە و ڕۆژ دوای ڕۆژیــــش فراونتــــر دەبێــــت، گۆڕانکــارییە خێــرایەکەی تەکنەلۆژیـــا هاوشـــان لەگەڵ ئەم ژانـــرە حـــاپوولان بەرەو پێشەوە دەهاوێن.

لە ڕۆژئاوا و وڵاتانی خوارووی ئاسیادا، بەگشتی،ئەم ژانرە ئەدەبیە یەکجـار زۆر بـــایەخی پێـــدراوە،کە ســـەردانی هەر کتێبخانەیەکی شاری دوبلنـی پـایتەختی ئایرلەندا دەکەیت، بۆ نموونە، دەبینیـت نیوەی ڕەفتەی کتێبە ئەدەبییەکـان بـۆ کتێبی خەیاڵی زانستی تەرخـان کـراون. ئەوانیش بەر سێ هۆبەدا پۆلینکراون:

**خەیاڵی زانستیی منداڵان.**
**خەیاڵی زانستیی مێرمنداڵان.**
**خەیاڵی زانستیی گەورەساڵان.**

لەم نووسینەدا پتر ڕۆشنایی دەخەینە ســەر خەیــاڵی زانســتیی منــداڵان و مێرمنداڵان لە ئەدەبی کوردیدا.

مێــژووی ئەدەب پێمانــدەڵێت هــیچ ژانرێکی ئەدەبی کتوپڕ لە دایک نابێت و داناهێنرێت. کۆرپەڵەیەک نییە دوای نـۆ مانگ لە زێدانی دایکـی بێـتەدەر و چـاو هەڵێنێــت،بەڵکو ٤ فــاکتەری ســەرەکی هەن بـۆ داهێنـانی ژانـری ئەدەبـێ، جـا هەر ژانرێک بێت

- بــزووتنەوەی ئەدەبــی و کلتــووری نەتەوەیــی: ئەو نەتەوانەی خـــاوەن

ئەدەب و کلتـــــووری زینــــــدوو و گەشــــەکردو و گۆڕانخـــوازن، پتــــر توانــای داهێنــانی ئەدەبییــان هەیە، وەک داهێنانی ژانری ئەدەبیی نوێ.

- بـــــاری ئـــــابووری و زانســـــتی و پەروەردەیــی و کـۆمەڵایەتی نەتەوە: ئەمە بە ئاشکرا لە نێـو ئەو نەتەوانە بەرچاوە کە لەم چوار بوارەدا بـاڵا و بە توانا و کارامەن. ئەمانە نەبوونایا کۆمــاری ئەیرلەنــدای پێــنج ملیــۆن حەشـیمەتی، لە سـاڵی ١٩٢٣ وە تـا ئیمــــڕۆ ١١ خەڵاتـــــی نــــۆبڵی نەدچنییەوە.
- شەڕوشــۆڕ و ئاشــتی و ئاسایشــیی نەتەوە: ڕاســتەوخۆ پەیوەسـتن بەم بـابەتەوە، بـڕوانن جەنگـی یەکەم و دووەمــی جیهــانی چەنــدان ژانــر و ناونیشــــانی نوێیـــان لە ئەدەب و هونەردا بەدوای خۆیاندا هێنا.
- هەڵکەوتنــی ئەدیــب و هونەرمەنـدی بلــیمەت و بەهرەمەنــد: وەک تــاکە کەسـیش دەکرێـت بتوانیـت ژانرێکـی ئەدەبی یان هونەری تایبەت بەخـۆت دابهێنیــت و ببێــتە قوتابخـــانە بــۆ نەوەکـــــان ئەگەر لە کەش و هەوای گونجـــاودا، خـــاوەنی توانســـت و خەیاڵـــدان و مەعــریفەی پێویســت بیت.

ئیمڕۆ،کە سەردانی کتێبخـانەی کوردی دەکەیت، لە باشـووردا بە نمـوونە، نەک تــاکە ڕەفــتەیەک تــایبەت بە خەیــاڵی زانســـــتیی منــــداڵان و مێرمنــــداڵانت ناکەوێتە بەرچاو، بەڵکوو بە زەحـمەت تاکە کتیبێکی ئەم ژانرە بایەخدارەت بۆ دەدۆزرێــتەوە. (خــۆم چەنــدان مانــگ بەرهەمە نووســــراوەکانی تــــایبەت بە منداڵانم هەرگێڕ و وەرگێڕ کرد، لە شیعر و چیرۆک و ڕۆماندا، ئەوجا هەر دووسێ بابەتی کوردیم پێ دۆزرایەوە).

ســەرەڕۆیی نیــیە گەر بڵــێم، ئیمــڕۆ ئەدەبــی کــوردی هــاوچەرخ لە (شــیعر، چیــرۆک، ڕۆمـــان) هەنگـــاوی باشـــی هاویشتووە و لە پێشەوەیە و بژاردەمـان هەیە لەم سێ ژانـرە ئەدەبییـە شـان لە شانی ئەدەبی جیهان بدەن، داخ! کە نە دەزگـــایەکی وەرگێڕانـــی بە توانـــا و بەوەجمان هەیە بەرهەمەکـان بە جیهـان بناســێنێت، نە ڕەخنەکــاری زمـــانزانی هێندە شـارەزامان هەیە، ئەکادیمیـانە و سـەردەمییانە بابەتەکـان هەڵسـەنگێنێت

و داهێنانی ڕەخنەکارانەیان تێدا بکات، ئەوەی دەینینن، پتر نووسینی ڕووکەش و تەنکاو و بێ ئەزموونن.

لێرە پرسیارە ورووژێنەرەکە یاخەمان دەگرێت: باشە کە کورد خاوەنی بەرهەمی جوانە لە شیعر، چیرۆک، ڕۆمان (بە گشتی) بۆچی لە ژانری 'خەیاڵی زانستیی منداڵان و مێرمنداڵان"دا وا هەژارە؟

هۆیەکان زۆر و فرەڕەنگن، دەکرێت (لە دیدی مندا) لەم خاڵانە کورت بکرێنەوە:

**یەک: لەدایکبوونی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا بە ناکامی:**

کە بەچاوی ڕەخنەکاریی دیقەت لە شیعری منداڵانی کوردی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەدەیت، بۆت دەردەکەوێت کە لە بارودۆخێکی سیاسیی زۆر دژوار نووسراون. بە درێژایی پتر لە نیو سەدە کوردستان شەڕگەیەکی گەورە بووە بۆ دیفاعکردن لە خاک و نەتەوە دژ بە داگیرکەرە دڕندەکانی کە بەردەوام لە هێرش دابوون بۆ سەر کوردستان. جا دوژمنانمان چەندە لە هەوڵی سەرکووتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد دابووین، هێندەش هەوڵی خنکاندنی ئەدیب و نووسەر و زمان و ئەدەبی کوردیان داوە. بە دەگمەن شاعیریمان هەبووە زیندان و نەفیکردن و دەستبەسەری و ئەشکەنجەی نەدیتبێت. چەقۆی سانسۆر لە بەندیخانەکانیش لەسەر ملی وشەکان بووە، بۆیە ئەدیب و شاعیران، بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ نووسین، هەوڵیانداوە شیعر بۆ منداڵان بنووسن، بۆ دوورخستنەوەی چاوی دوژمن لە بابەتەکانیان. بەڵام چ جۆرە شیعرێکی منداڵانیان نووسیوە؟ شیعرێک کە بە مەبەستی دەردەدڵی شاعیر و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و درکاندنی ڕاز و نیاز و سیایسی و نیشتیمانپەروەردی و کوردایەتی بوو.

تۆ بڕوانە "لایەلایە"کەی "هەژار موکریانی١٩٢٠-١٩٩١"، ئەوەندەی ڕاوێژ لەگەڵ ئەقڵ و هەستی کوردی دەکا، نیو هێندە سۆزی دایک و لایەلایەی منداڵانی تێدا نییە (وەک نموونە). جا پێ بە پێ، شاعیرانی دوای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، لەسەر ڕێچکەی شاعیرانی پێش خۆیان شیعریان گوت و

بە ئاستەم هەنگاوی گۆڕانکاریان هاویشتووە. ئێ! لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا، دەقی ئەدەبی خەیاڵی زانستی، لە قووتووی هیچ عەتارێکی کورددا نەبووە.

**دوو: بزووتنەوەی چەکداری، پێش هەموو شتێک، حەماسەت و ورەبەرزکردنەوەی گەرەک بوو:**

دەزانین درووشمی بزووتنەوەی چەکداری لە باشووردا، لە سەرتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، "کوردستان یان نەمان" بوو. هەرچی سروود و شیعری منداڵانە، کە تۆمارکراوە، ڕەنگرێژیی هەست و پەیامی ناسیۆلزمی کوردی کراوە. کەواتە لەم قۆناغە چل ساڵەیەشدا، خەلەوخەرمانی ئەدەبی منداڵان، خاڵی بوو لە ئەدەبی خەیاڵی زانستی. مامۆستانیش لە قوتابخانەکاندا کە ڕۆڵی پێشمەرگەی شاریان دەگێڕا، بە گشتی، هێندە بە حەماسەتەوە پەرۆشیان بوو زووتر، زۆرتر لەم جۆرە شیعرانە لە ناخ و دەروونی منداڵان بچەسپێنن. لەم ڕووەوە زانست و مەعریفە ئەو بایەخەی پێ نەدەرا. ئەوەی بەسەر شیعر داهای، بەسەر چیرۆک و شانۆنامەش داهات — ئەو کات ڕۆمانمان نەبوو.

**سێ: ئیفلیجکردنی دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا:**

سەرچاوەکانی زانست و مەعریفە چین و لەکوێندەرێن؟ لە کتێب و چاپەمەنی و پرۆگرامەکانی خوێندن، لە کتێبخانە و مەڵبەندەکانی پەروەردە و فێرکردن – لە دایەنگەوە تا زانکۆ. هەڵسەنگاندنێکی سەرپێی بۆ بەرنامە و پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن بکە لە عێراق و کوردستان، دەبینیت لەو ٧٠ ساڵەدا (١٩٢١ – ١٩٩١) کە ئینگلیزی یەکەم قوتابخانەی فەرمی لە عێراق کردەوە و دواتریش کە ڕژێمی کۆماری و بەعسیزیزم جڵەویان گرتە ئەستۆ، خوێندنیان هەر بۆ دوو مەبەست بەکارهێنا: ئینگلیزەکان بۆ ڕایکردنی کارەکانیان پێویستیان بە کاتب و باشکاتب بوو، بەعسییەکانیش بۆ بە کۆیلەکردن و گەوجاندن و دەستمۆکردنی خەڵک بوو بۆ خزمەتکردنی حزب و هێنانەدی خەونەکانیان. دەنا خۆ ئەو سەردەمەی ئینگلیزی منداڵانی عێراقی فێرە خوێندن

دەکرد، بەرنامەکانی خوێندنی ئینگلتەرا لێوانلێو بوون لە بەهەمی زانستی و خەیاڵی زانستی،بەڵام ئەم بابەتانە بۆ ئێمە تابۆ بوو. بەعسیش دەیزانی بەرنامەکانی خوێندنی ولاتەپێشکەوتووەکان لە چ ئاستێکی بەرزدان، بەڵام هێشتنەوەوی میللەتەکە بە نەفامی و چاوبەستراوەی خزمەتی ئەوانی دەکرد.

ئەم ژانرە ئەدبییە،نە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق و کوردستان دا بوون و نە کەسیش هەبووە بیری لێ کردبێتەوە. بەم شێوەیە ئەم سەردەمە دوورودرێژە، تاریکستانی ئەدەبی منداڵان بوو.

## چوار: کەمتەرخەمی حکوومەتی نیمچەسەربەخۆی هەرێم:

ئەگەر نووسینگەی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی عێراق تاکوو ئێستا، (١٩٢١-٢٠٢٥) ٧٥ وەزیری پەروەردەی بینیبێت، ئەوا ئەوەی حکوومەتی هەرێم، ٨ یان ٩ وەزیری پەروەردەی هەبووە. بەداخەوە، بۆ سۆدرەی سەران، ناتوانین یەک ناو لەم ٨٣ یان ٨٤ وەزیرە بدۆزینەوە، کە بە یەک نووسین ئاماژەی بە بایەخی ژانری خەیاڵی زانستیی منداڵان دابێت. بگرە وەزارەتەکانیش سەرلەبەر بێ ئاگان لەم مەسەلە.

لە باشووردا، ناوە ناوە، قسە و باس لەسەر پرۆگرامی نوێی خوێندن دەکرێت. پرۆگرامی خوێندنی سوێدی، ژاپۆنی، ئینگلیزی، ئیماراتی، کۆردی دەخرێنە سەرمێز، بەڵام، لەسەر ئەرزی واقیعدا، گۆڕانکارییەکان کیسەڵئاسا هەنگاو دەنێن. ئەوەندی ئارایشتی ڕووخسارە بازرگانییەکەی دەکرێت، ناوەرۆکە زانستی و ئەدەبییەکەی بایەخی پێنەدراوە؛ بەڵگەکەشی دابەزینی ئاستی مەعریفی و زانستی و ئەدەبی قوتابی و خوێندکارەکانە. کەواتە، لەم قۆناغەشدا، ئەدەبی خەیاڵی زانستی بووە قوربانیی پرۆگرامە ناکامەکانی پەروەردە، هەرچەندە پرۆگرامداڕێژەرەکانمان هاوشار و هاوولاتی کوردستانی خۆمان بوون!

**پێنج: مرداربوونەوەی کایەکانی پیشەسازی و ئابووری و تەکەنەلۆژیای وڵات:**

دەگوترێت: "ئەدەب ئاوێنەی واقیعە". جا واقیعحاڵی ئەم عێراقە و باشوورەکەی ئێمەش، لەم (١٢٠) ساڵەی دواییدا، هەر گۆڕەپانی شەڕوشۆڕ و مەیدانی ململانێ و مۆڵگەی ئینقیلابچی و قاچاغچی و گەندەڵچیان بووە. پێشکەوتنی زانستی و داهێنانی سەردەمیانە و گەشەکردنی شارستانیەتی هاوچەرخ و دامەزراندنی کارگە و فاریقە و دەزگای بەرهەمهێن لە سەر هیچ بستە زەوییەکی ئەم وڵاتەدا بوونیان نەبووە. شتێک نەبووە بە ناوی تەکنەلۆژیا و زانستی سەردەم.

کەواتە، بۆ سۆدرەی سەران، کەس بیری لە ئەدەبی خەیاڵی زانستی نەکردووەتەوە، نەک بۆ منداڵان، بەڵکوو بۆ گەورەکانیش. ئەوندەی هاووڵاتی بە چەک و برین و زام هەراسان کراوە و بۆ ڕاکردن بە دوای نان و سوکنا و ئارامی پەرێشان بووە، دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە، بەلای مەعریفەی زانستیدا بچێت. کە شتێک لەم تەکنۆلۆژیا و داهێنانە نەبینێت، بێر لە چی بکاتەوە؟!

**حەوت: ئاستیی مەعریفی ئەدیب و شاعیر و نووسەرانی کورد:**

دوای ڕاپەڕین سنوورەکان شکێنران و دەروازەکانی سەفەر و گەشتکردن خرانە سەرپشت، ڕۆژانە دەستەیەک لەم هەرێمە دەردەچوون و دەستەیەک دەهاتنەوە، بە لەشکر ئەدیب، ڕۆشنبیر، مامۆستا، زانا، پسپۆڕ و داناکانی کورد لەم سەین و بەینەدابوون و بە جیهانی دەرەوە ئاشنا بوون، بەڵام بەهەڵکەوتیش پۆلێک لەوان بەلای ئەدەبی خەیاڵی زانستیدا نەچوون و هەوڵێکیان نەداوە لەم بوارەدا دارێک بخەنە سەر بەردێک.

هاتنە مەیدانی ئینتەرنێت و مۆبایل و تۆرە کۆمپیوتەرکانی جیهانیش سوودێکیان لێ وەرنەگیرا.

**هەشت: ترس لە نوێگەری و ڕەخنە و خووگرتن بە لاساییکردنەوە:**

گۆڕانکارییە نوییەکانی جیهانی ئەدەبی و هونەری کوردی، هیچیان خۆماڵی

نەبوون، کەس نکۆڵی لەوە ناکات سەرچاوەی مەعریفییەکانی باشوور عەرەبی و ڕۆژهەڵات فارسی و باکوور تورکی بوون، جا چونکە ژانری خەیاڵی زانستی لە نێو ئەدەبی ئەم سێ نەتەوەش هەر کۆرپەڵەیە و تازە دێ پێ بگرێ، نووسەرانی کورد شتێکیان نەبووە بۆ لاساییکردنەوە. کورد نەتەوەیەکی چاولێکەرییە، بڕوانن ئێستا خڕ نووسەرانی خەریکی بیرەوەری و ڕۆمان نووسینن — بریا جوانیش بوونایە!

خۆ ئەگەر ئەدەبیانی کورد بەرهەمێکیشیان لە شیعر، چیرۆک، ڕۆمانی خەیاڵی زانستی نووسیبێت، ڕەخنەکاری شارەزا و کارامای ئەوتومان لەم بوارەدا نەبووە، تا هەڵسەنگانیان بۆ بکات. ئەگەر خوانەخواستە کەسێکیش هەڵکەوتبێ و قەڵمکارییەکی لە بەرهەمەکەی ئەواندا کردبێ بە مەبەستی دەستگرتن و ڕێنمایکردن، ئەوا جنێوبارانکراوە ، بە نەشارەزا، نەزان و درۆزن تاوانبار دەکریت — ئەمە بەسەرخۆم داهات! سایکۆسۆسیۆلۆژیانە کورد-سەرکردەوە تا بنکردە، لە پسپۆڕە و تا بێسەودا، لە ڕەخنە دەترسێت و ڕەخنەی قبووڵ نییە .ئەمەیش ڕێگرێکی دیکەیە لە کورد لە سەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبییە بە شێوەیەکی سرووشتی و جوان و گەشەکردوو.

ئەم هەشت خاڵەی سەرەوە، دەکرێت بۆ سستی خەیاڵی زانستیی هونەریش، لە هونەری کوردیدا، هۆکاربن. خەیاڵی زانستیی منداڵان، ڕووبەرێکی پان و بەرین دەگرێتەوە لە شیعر، چیرۆک، کورتیلە چیرۆک، چیرۆکی درێژ، نۆڤلێت، ڕۆمان، شانۆنامە، سیناریۆ، کارتۆن، ئەنیمیشن، ڤیدیۆ، سینەما، مۆزیک، هونەری شێوەکاری (ئیمڕۆش ژێ.دێ. ژیریی دەستکرد)...تاد.

***

ئەمە واقیعحاڵی بێ ڕتووشی ئەم ژانرە ئەدەبییەیە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا. ئێستا پرسیاری دووەم، ڕێمان پێدەگرێت:

چۆن "خەیاڵی زانستیی منداڵان" برەوی پێ بدرێت؟

(لە دیدی مندا)، دەبێ هاوشان و هاوسەنگ کار لە دوو کێڵگەدا بکەین:

**یەک: کێڵگـەی ئاسـتی مەعریفـی لەم ژانرەدا:**

**دوو: کـێڵگەی زمـان و زمـانەوانی ئەم ژانرە.**

**یەک: کێڵگەی ئاستی مەعریفی لەم ژانرەدا:**

دەکرێت شاعیر، لەشـەوێکدا جـوانترین غەزەڵـی داهێنـراو بنووسـێت بەبـێ پشتبەستن بەهـیچ سـەرچاوەیەک. ئەمە بۆ نووسینی بابەتێکی خەیـاڵی زانسـتی نـاچێتە ژێربـار. لە لایەک، وەک پێشـتر ئاماژەمان پێدا، سەرهەڵدانی ژانری نوێ لە ئەدەبـی هەر نەتەوەیەکـدا دەرفەت و زەمەن و هەل و مەرجی خـۆی دەوێـت. لە لایەکی دیکە تۆ ناتوانیـت دارتاشـێک یـان لێفـدرووێک، لە هیکـرا، بکەیـتە بە زێـرینگەر! ئەمە شـارەزای و کـارامەیی گەرەکە.

ئەو ئەدیـبەی دەیەوێـت لەم بـوارەدا بەرهەم بـۆ منـداڵ و مێرمنـداڵان بنووسـێت، وەک خوێنـدکار دەبێـت هەوڵبـدات شـارەزایی ورد و درووسـت و سـەردەمییانە بـۆ خـۆی وەدەسـتبێنێت.خوێندنەوە، فلـیم، ڤیدۆ،سـینما و کـارتۆن...سـەرچاوەی باشـن، هەم چێـژبەخش و زانیـاری بەخشـن، هەم خەیاڵـدانی نووسـەرکە دەوڵەمەندتر و کاراتر دەکەن و دەرگـای داهێنانی بۆ دەکەنەوە.

دەبێـت ئەوان خۆیـان ئاشـنا بـکەن بە بابەت و توخمە سەرەکییەکانی خەیـاڵی زانسـتی، کە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەکەیـان لە بەرزبوونەوە دایە: بۆ نمـوونە شـارەزایی لە بواری:

- **تەکنۆلۆجیا و داهێنان:**

زۆرجار چیرۆکی خەیاڵی زانستی بـۆ منداڵان بەدواداچوون بۆ تـەکنۆلۆجیا نوێیەکـان و کـاریگەرییە ئەگەرییەکانیـان لەسـەر کۆمەڵگـا دەکات.

- **گەشت و گەڕان بۆ بۆشایی ئاسمان:**

گەشـتەکانی نێـوان ئەسـتێرەکان، بەریەککەوتـن لەگەڵ هەسـارە و شارسـتانیەتیی نـوێ و ئالانگـاریی گەشـتکردن بە مەودای گەردوونـی فـراوان و بەریەککەوتـن لەگەڵ بونەوەرە نامۆکاندا.

- **کۆمەڵگەی یۆتۆپی و دیستۆپی:**
گەڕان بەدوای کۆمەڵگا ئایدیاڵ و کەموکوڕیەکاندا ڕێگە دەدات بە گفتوگۆکردن لەسەر پێکهاتە و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

- **سەرکێشی و گەڕان:**
خەیاڵی زانستی دەتوانێت گێڕانەوەی سەرنجڕاکێشی داڕێژێت و بەسەرهاتی سەرکێشانە بەرجەستە بکات.

- **پرسیارە ئەخلاقی و نائەخلاقییەکان:**
خەیاڵی زانستی دەتوانێت پرسیار لەسەر سروشتی مرۆڤایەتی و دەرئەنجامی کردەوەکانمان و داهاتووی جیهانەکەمان دروست بکات.
- **تەکنۆلۆجیا پێشکەوتووەکان:**
ڕۆبۆتیک، ژیریی دەستکرد، سایبەرنێتیک، ئەندازیاری بۆماوەیی و داهێنانی ئایندەیی دیکە، کە تواناکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا لە قاڵب دەدەنەوە.

- **گەشتکردن بە کات:**
گەڕان بەدوای پارادۆکس و ئەگەرەکانی جووڵە بەناو کاتدا، چ بۆ پێشەوە و چ بۆ دواوە؟

- **گەردوونە هاوتەریبەکان:**
خەیاڵکردنی واقیعە جێگرەوەکان کە یاساکانی فیزیک یان ڕووداوە مێژووییەکان جیاوازن لە یاساکانی خۆمان.

- **کاریگەری تەکنۆلۆجیا:**
لێکۆڵینەوە لەوەی کە تەکنۆلۆجیا پێشکەوتووەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و خودی پێناسەکردنی ئەوەی کە مرۆڤبوون مانای چییە؟
- **ئایندەی دیستۆپی:**
وێناکردنی کۆمەڵگا تاریک و ستەمکارەکان، کە بەهۆی کۆنترۆڵی تەکنۆلۆجیا، تێکچوونی ژینگە، یان ڕژێمە تۆتالیتارییەکانەوە لە قاڵب دراون.
- **دیدگا یۆتۆپیاییەکان:**

پێشبینیکردنی کۆمەڵگا ئایدیاڵەکان کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی بنبڕ کردووە و بارودۆخی مرۆڤی باشتر کردووە.

- **دووڕیانەکانی ئەخلاقی:**

لێکۆڵینەوە لەو پرسیارە ئەخلاقییانەی کە پێشکەوتنە زانستییەکان وروژێنراون، وەک سروشتی هۆشیاری، سنووری دەستێوەردانی مرۆڤ لە سروشتدا و ئەگەری خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا.

- **ڕووبەڕووبوونەوەی بێگانە:** کارلێککردن لەگەڵ بوونەوەری دەرەوەی زەوی، لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە تا ململانێ و زۆرانبازی

- **هێزە سەروو سروشتییەکان:**

تەلەکینێسیس Telekinesis، تەلەپاتی telepathy و توانا دەروونییەکانی دیکە، هەندێکجار لە چوارچێوەی ڕوونکردنەوە زانستییەکان یان وەک درێژکراوەی توانای مرۆڤ لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت. (ئەم دوو زاراوەیە واتە: کارکردنە سەر کەسی دیکە هەر بە هێزی چاو و ڕۆح، پەیوەندیکردن و تێگەیشتن لە کەسی دیکە، بەبێ بوونی هیچ ئامرازێک).

- **سیناریۆی ئاپۆکالیپتیک** Apocalyptic:

گێڕانەوەی لەناوچوونی هەسارەکان، دارمانی کۆمەڵایەتی، یان کۆتایی شارستانیەت، کە زۆرجار بەهۆی هۆکارە زانستی یان تەکنەلۆجییەکانەوە دەجوولێنرێن. واتا داهێنانی ڕۆژی حەشر و پەسلان.

- **سایبەرپانک** Cyberpunk :

ژێر ژانرێک کە تەکنۆلۆجیای ئایندەیی لەگەڵ ژینگەیەکی شارستانی سادە و هەژارانە. زۆرجار بەدواداچوون بۆ بابەتەکانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی کۆمپانیاکان دەکات. وەک، ڕۆڵی تەکنۆلۆجیا لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا.

- **ئۆپێرای بۆشایی ئاسمان:**

گێڕانەوەی گەورە و فراوان کە لە بۆشایی ئاسماندا جێگیرکراون، زۆر

جــــار شـــــەڕە ئیپیکییەکــــــان، ئیمپراتۆریەتەکانی گەلەئەستێرەیی و کەســــــایەتییە قارەمانەکــــــان لەخۆدەگرن.

بەکورتی،خەیــاڵی زانســتیی منــداڵان مێژوویەکـــــــی دەوڵەمەنــــــدی هەیە،لەگەشـــــــتە خەیـــــاڵییە ســـەرەتاییەکانەوە پەرەی ســـەندووە بـــۆ ژانرێـــک کە بەدواداچـــوون بـــۆ تەوەرە ئاڵۆزەکــــــان دەکــــــات و ڕەنگـــدانەوەی گـــۆڕانی جیهـــانی دەوروبەرمانە.

- **دوو: کـــێڵگەی زمـــان و زمـــانەوانیی خەیاڵی زانستیی منداڵان:**

زمـــان وەک یەکەمـــین و مەزنتـــرین ئـــامرازی گوزارشـــت و دەربەریـــن لە نووسیندا، کۆڵەگەکی پتە و قـایمی هەر بـابەتێکە، جـا لە ژانـرە ئەدەبییەکانـدا، بـــایەخ و کـــاریگەری زمـــان دەگـــاتە لووتکە،واتـــا داهێنـــان و فەرانـــدن و نوێکـــاریی لەودا ســـەرچاوە دەگـــرن و بلیمەتـــــی و باڵادەســــتی نووســــەر دەستنیشان دەکەن.

جـا کە قسـە و باسـی ئـێمە لەسـەر "ژانـــری خەیـــاڵی زانســـتییە"، دەبـــێ بڕگەیەکـــی ســـەربەخۆ بـــۆ ئەو زمـــانە تەرخـــان بکەیـــن. درووســـتە کە هەر ژانرێکی ئەدەبـی منـداڵانیش لە شـیعر و چیـرۆک و نۆڤێلـت و ڕۆمـان و شـانۆ... تـــاد، تـــا ڕادەیەک زمـــانی تـــایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام کە بابەتەکە دەبێـتە "خەیـــاڵی زانســـــتی" ئەوا زمـــــانە ئەدەبییەکەش دەگۆڕێت، بە شـێوەیەک چەندان خەسڵەت و شێواز و گوزارشـتی تایبەتی لە خۆدەگرێ، بەدەر لە ژانرەکە کە چییە و چ نییە. خۆ کە بـابەتەکەش تایبەت دەبێ بە "ئەدەبی منـداڵان" ئەوا جـارێکی دیـکە زمـانی نووسـینەکە لە قالبی تایبەت دەدرێتەوە.

" ژانـر (genre) شـێواز یـان پـۆلێنی کـارێکی هـونەری یـان ئەدەبیـیە. لە ئەدەبدا، ژانر نووسەر کۆنترۆل دەکات و وای لـێ دەکـات چـی بنووسـێت و چـی نەنووسـێت. چ جـۆرە سـتایلێک بەکـار ببـات. ژانـــر جـــۆری چیـــرۆک دیـــاری دەکـــات. ژانـــر بە درێـــژی، جـــۆری کـــارەکتەر، کـــات و شـــوێن، تێمـــا، گۆشـــەنیگا، زمـــان و ســـتایل دێـــتە ناسینەوە.[٧]

نووسین بۆ منداڵ گەلێک پر زەحمەتترە لە نووسین بۆ گەوران، هەر بۆیە مەرج نییە نووسەرێک هەرچەند بەهرەمەند و بە تواناش بیت بتوانێت بۆ منداڵ بنووسێت. بەداخەوە، تاکو ئیمرۆ ئەو شاعیر و ئەدەبیانەی کە توانیوویانە بە زمانی منداڵ بنووسن، لە ئەرشیفخانەی ئەدەبی کوردی ژمارەیان کەمە. لە ڕۆژاوادا، وەک چۆن بۆ هەر تەمەنێک کراس 'سازیز"ی خۆی لەسەر، کتێبەکانی ئەدەبی منداڵانیش، لەسەر بەرگیان نووسراوە، بۆ کام تەمەن ئامادەکراون.

د. گۆران سەباح، بۆ نموونە، دەڵێ:"ڕۆمانی منداڵان، بۆ تەمەنی ٦-١١ساڵانە. ڕۆمانی هەرزەکاران بۆ تەمەنی ١٢-١٨ ساڵییە. ڕۆمانی هەرزەی هەراش بۆ تەمەنی ١٩-٢٥ ساڵییە. ڕۆمانی گەوران بۆ تەمەنی سەرووی ٢٥ ساڵییە"[vi]

جا بۆ شیعریش خشتەی تایبەتی تەمەن هەیە.

ئەگەر نووسین بۆ منداڵ، جارێک سەخت و زەحمەت بێ بۆ نووسەر، بۆ نووسین لە ئەدەبی خەیاڵی زانستیدا دووهێند زەحمەتترە. بۆچی؟

شاعیرێکی بە توانا و شارەزا لە زمان، دەتوانێت زمانێک دابهێنێ، بە نموونە، بۆ نووسینی شیعر بۆ منداڵان، هەر وەک چۆن دایکان، جاران داهێنەری زمانی تایبەت بوون لە گوتنەوەی لایەلایە. ئەدیب ئەگەر تواني زمانی خەیاڵی زانستی دابهێنێت ئەو لووتکەی سەرکەوتنە، خۆ یەگەر ئەوەشی بۆ نەکرێ، دەبێ دەستێکی بالای هەبی لە "گەمەکانی زمان" کە نە سنووری هەیە نە دەستوور.

گەر قسە لە ڕۆمان بکەین، بۆ نموونە، د.گۆران سەباح دەڵێ:"دەبێ نووسەری خەیاڵی زانستی لە دوو زوان (زمان) داهێنەر بێت. ئەو زوانەی ڕۆمانەکەی پێ دەنووسێت و ئەوەشی کە کارەکتەرەیلی نێو ڕۆمانەکە قسەی پێ دەکەن...بەڕای من چوار ڕێ هەن بۆ دروستکردنی زوانی کارەکتەری خەز. لەبەرئەوەی هیچ یاسایەک نییە بۆ نووسین و ستایلی ڕۆمان، ناشبێت هیچ یاسایەک هەبێت بۆ داهێنانی زوانی ناو ڕۆمان. بوونی یاسا واتە کۆتوبەندکردنی

خەیاڵ. لە بیرمان نەچێت ئێمە باسی ڕۆمانی خەیاڵی زانستی دەکەین. ئەم چوار ڕێیەی لە خوارەوە باس دەکەم ئەنجامەیلی تێبینی خۆمن دوای خوێندنەوەی دەیان خەز.

**ڕێـی یەکەم:** وەک جەیمس کامیرۆن دەتوانی گرێبەستێک لەگەڵ پسپۆڕێکی زوان بکەیت. ڕایسپێری زوانێکت بۆ دروست بکات بگونجێت لەگەڵ چەشەی خەزەکەت.

**ڕێی دووەم:** دەتوانی بۆ خۆت کۆمەڵە یاسایەک دابنێی و وشە دروست بکەیت. مەرج نییە وەک زوانی ناڤی سێ هەزار وشە بێت. نا. دەتوانی هەر ئەو وشانە دروست بکەی پێوستن بۆ گفتوگۆ.

**ڕێی سێیەم:** دەتوانی دیالێکتێکی ونبوو لە زوانی دایک یان هەر زوانێکی تر بێنی و زیندووی بکەیەوە، بەس بە دەستکارییەوە.

ڕێی چوارەم: دروستکردنی زوانێک بە بێ مەرج و یاسا و پسپۆڕی. واتە هەڕەمەکی.."[vii]

بەڕاستی بۆ نووسەرێکی ئینگلیز، داهێنانی زمانەکە زۆر هاسانتر لە چاو نووسەرێکی کورد – لەم بوارەدا، چونکە لە ئەدەبی کوردیدا هێندە هەژارین لە ژانری ئەدەبی خەیاڵی زانستی، کە هیچ ڕابەر و ڕێبەریکمان لەبەر دەست نییە، هەر نەبێ لاسایی بکەینەوە گەر نەڵێین داهێنانیشی تێدا بکەین. جا هەر نووسەرێکی کورد بتوانێ ئەم داهێنانە بکات بەڕاستی"داهێنەری مەزنە".

تۆ کە کارەکتەرێک دەهێنیتە نێو پلۆتەکەت، لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتووەو هەموو شتێکی جیاوازە، دەبێ زمانیشی جیاواز بێ. ڕاستە،وا دەکەین بە کوردی بدوێت،بەڵام بە کوردی وڵاتێکی سەر مەریخ یان پلۆتۆ یان سەر مانگ.

جا ئەمە بۆ وەرگێڕی بابەتی خەیاڵی زانستیش دروستە، نابێ ئەو بەو زمانە بابەتەکان وەرگێڕیت، کە وەک لە وەرگێڕانی چیرۆکێک یان ڕۆمانێکی ئاسایی بیت.

دەپرسین ئاخۆ نووسەرانی کورد چەندە بە زاراوە تایبەتییەکانی ئەم ژانرە ئەدەبییە ئاشنان، وەک؛

- گەشتکردن بۆ بۆشایی ئاسمان: کەشتی ئاسمانی، موشەک، هەسارە، ئەستێرە، گەلەئەستێرەکان.
- لەمەچێترەکان Aliens: بوونەوەرێکی دەرەوەی زەوی، زۆرجار ڕواڵەت و توانای ناوازەیان هەیە.
- ڕۆبۆت Robots: ئامێری ئۆتۆماتیکی، هەندێک جار بە زیرەکی دەستکرد.
- گەشتکردن بەکات:گەشتکردن بۆ خاڵەجیاوازەکانی زەمەن،زۆرجار پارادۆکس یان دەرئەنجامەکانی لەگەڵدایە.
- سایبەرپانک Cyberpunk: ژینگەیەکی ئایندەیی بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، زۆرجار بە گرنگیدان بە لایەنی تاریکتەکانی مرۆڤایەتی.
- خەیاڵی دیستۆپیایی Dystopian Fiction: چیرۆک و بەسەرهاتە خەیاڵییەکان پەیوەستن بە جەور و ستەم و تاوان.
- خەیاڵی یۆتۆپیا Utopian Fiction: چیرۆکەکان کە لە داهاتوویەکی ئایدیاڵ و نەبوو و بینەزیر و هاوشێوە چنراونەتەوە.
- گەردوونە هاوتەرییەکان Parallel Universes: سازکردن و خوڵقاندنی واقیعی نەبوو، هەندێکجار لە ڕێگەی زانست یان سیحرەوە ئاویتەی یەکتر دەکرێن.
- کۆنترۆڵی دەروون/تەلەپاتی Mind Control/Telepathy: توانای کاریگەریکردن یان پەیوەندیکردن لەگەڵ کەس و بونەوەری دیکە لە ڕێی ڕۆح و دەروونەوە.
- سوپەرهێزەکان Superpowers: توانا تایبەتەکانی وەک فڕین، ژێر ئاوی، هێزی دیۆئاسا، یان تەلەکینێزی.telekinesis .
- گۆڕاوەکان Mutants: مرۆڤەکان خاوەنی تایبەتمەندییەکی ناوازە، زۆرجار بۆماوەیی، جەستەیی یان دەروونین.
- ژیری دەستکرد Artificial Intelligence: ئەو ئامێرانەی کە دەتوانن وەک مرۆڤ بیربکەنەوە و فێربن.

- مێـــژووی جێگـــرەوە Alternate History: ئەو چیرۆکـــــانەی کە ڕووداوە مێژووییەکان بە شێوەیەکی جیاواز ڕوودەدەن.

بیریشمان نەچێت،کە چەندان داهێنانی زانستیی سەردەم، بیرۆکەکانیان لە بەرهەمەکانی ئەدەبی خەیاڵی زانستی وەرگیراوە .بۆ نموونە:مۆبایل، مۆبایلی وێنەدار، خوێندنەوەی دەنگی باڵندە، ئۆتۆمبیلی خودڕۆ-بێ شۆفێر، کاتژمێری زیرەک، تیڤی زیرەک،ژیریی دەستکرد، ژیان لەناو ئاو، گەشتکردن بۆ سەر مەریخ، هەروەها پێشبینیکردن بە بڵاوکردنەوەی پەتای ڤایرۆسی، گۆڕینی بژاردەی دەنگدەر لە هەڵبژاردندا. دروستکردنی چەندان جۆرە چەکی لیزەری و تیشکی و پرۆتۆنی و هایدرۆجینی... تاد.

کۆتا وشە؛ لەم چەند ساڵەی دوایدا هێندێک بەرهەمی نوێ لەم بوارەدا نووسراون، بە تایبەتی لە شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، هەنگاوەکان ئومیدبەخشن، بەڵام تینووشکێن نین. خەونەکانمان زۆرن، زانینی پتر لە زمانێکی جیهانی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانیت بچینە نیو ئەم جیهانە جوانەی منداڵان.[viii]

## پەراوێزەکان

i- What is Science Fiction? - Science Fiction - Greensburg Campus - Guides at University of Pittsburgh

ii- مەبەست لە کۆمەڵگای ئەپۆکالیپتەکان ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵگا دێرینەکانە، لەوانەش بابلی و جوولەکە، ئەدەب و ئەفسانەی کۆن کە بەرهەممەکانیان باسیان لە کۆتایی جیهان و مرۆڤ دەکرد

iii- Jonathan Swift | Satirist, Poet & Clergyman | Britannica

v- فازیل شەورۆ، خەیاڵی زانستیی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢٥، ل. ٣٨

vi- https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=32284

vii- https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=30790

viii- https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=32284

سەرچاوەی ژ. ٤

# پێگەی کۆمەڵناسیی ئەدەبیات لە مژاری ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخدا



وەرگێڕان و ئامادەکردنی:
**عەبدولخالق یەعقووبی**

کۆمەڵناسیی ئەدەبیات پانتاییەکی لێکۆڵینەوەی فرەبوارییە، کە لە کاریگەریی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە. پێشگریمانەی لایەنگرانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە خولقاندنی بەرهەمی ئەدەبی لەسۆنگەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی تایبەتەوە سەرهەڵدەدات و ناتوانرێت بە شێوەیەکی دروست لە ئەدەبیات تێبگەین، مەگەر سەرەتا بەوردی پەیوەندییەکەی بەم بارودۆخانەوە شی بکەینەوە. لەم جۆرە لێکۆڵینەوەدا چەمکە ڕامانەییەکان (تیۆریکەکان) و بنەما ڕێڤاژۆناسییەکانی (میتۆدۆلۆژییەکانی) کۆمەڵناسی وەک ئامرازێک بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دەقگەلی ئەدەبی کار دەکەن.

بۆیە لەم توێژینەوەیەدا جێی کۆمەڵناسی و بازنەی توێژینەوەگەلی خۆیەتی سەرەتا پێناسەیەک بۆ کۆمەڵناسی بخەینە بەردەست.

کۆمەڵناسی لە ناوەڕاستی سەدەی ١٨دا سەری هەڵداوە و پانتاییەکی زانستی کۆمەڵایەتییە،کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ (پەیوەندییەکانی مرۆڤ، یان ڕەفتاری مرۆڤ لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا) دەکۆڵێتەوە. ڕیشەناسیی (ئیتیمۆلۆژیی) "علم الاجتماع" (زانستی جڤاک) (ئەو ناوەی پێشتر بە کۆمەڵناسی دراوە) دەتوانێت سوودی بۆ باشتر تێگەیشتن لە سروشتی خۆی هەبێت. بەپێی ئەو پێناسەیەی "فەرهەنگی گەورەی ئاخافتن" بۆ "کۆمەڵ یان جڤاک"ی کردووە، ئەم وشەیە بە واتای "کۆبوونەوە"و "گردبوونەوە" دێت. بە واتایەکی تر، "کۆمەڵ" بە واتا وشەییەکەی، ئاماژەیە بۆ "بەستنەوە" و "یەکگرتنەوە"ی مرۆڤەکان. کۆمەڵناسەکان هەوڵ دەدەن کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی پێکهاتەی ڕەفتاری بەکۆمەڵی مرۆڤەوە شیبکەنەوە. بە واتایەکی تر، کۆمەڵناس کەسێکە لە چۆنیەتیی کارکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکەی لەگەڵ شێوازی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە. لە شیکردنەوەکانی کۆمەڵناساندا، هەم باس لە کاریگەریی فاکتەرە کولتووری، سیاسی، جوگرافی، ئابووری، جوانیناسی و چەند هۆکارێکی دیکە دەکرێت لەسەر پەیوەندیی نێوانکەسیی تاکەکانی کۆمەڵ، هەمیش گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و یاسا ناوخۆییەکانیان. بە دەربڕینێکی تر، کۆمەڵناسی هەوڵێکە بۆ تەتەڵەکردنی پێڤاژۆگەلی (پرۆسەی) کۆمەڵایەتی و شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵ. تەتەڵەکردنێکی لەو شێوەیە دەبێت بەپێی ڕێسا، دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئەرکەکانیشیان بگرێتەوە. مرۆڤ لە چاوی کۆمەڵناساندا بوونەوەرێکە لەژێر کاریگەریی بنەماڵە، کولتوور، ئاین، سیاسەت، دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکاندایە و وەڵامێکی مەرجدار بۆ فێرکارییەکانی ئەو دامەزراوانە نیشان دەدات.

لای کۆمەڵناسەکان، ئەدەبیات یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە دەتوانن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیی کۆمەڵ بەکاری بهێنن. لەڕاستیدا، ئەدەبیات خۆی

جۆرێکە لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و، بەو پێیەی کۆمەڵناسەکان ئامانجیان لێکۆڵینەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە لە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوان پێیان وایە ئەدەبیاتیش دەبێت لەپاڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا لێی بکۆڵدرێتەوە. بە بڕوای کۆمەڵناسان، ئەرکی ئەدەبیات بریتییە لە نواندنەوەی بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵ. لە هەموو ڕۆمانێکدا، پەیوەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی ڕەخنەکارانە لێیان دەکۆڵدرێتەوە. کارەکتەرگەلی سەرەکیی ڕۆمانەکان بەگشتی کەسانێکن خەون بە گۆڕینی ژین-جیهانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیانەوە دەبینن. ئەدەبیات ئەزموونەکانی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەرهەم دەهێنێتەوە؛ بۆیە کاکڵی داهێنەرانەی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ژیانی کۆمەڵایەتییە. ڕێنی وێلک و ئۆستین وارن بە گرتنەبەری هەمان ڕێباز، لە کتێبی "ڕامانەی (تیۆریی) ئەدەبیات"دا دەڵێن کە خوڵقاندنی بەرهەمی ئەدەبی دەرئەنجامی ژیانە لە نێو جڤاکی مرۆڤەکانی دیکەدا (واتە کۆمەڵ): "ئەدەبیات بەرهەمی دامەزراوە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانە و، لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا شیعر لە ڕێوڕەسم، سیحر، کار و یاریکردن جیا ناکرێتەوە" (وێلک و ئۆستین، ١٩٩٤: ٩٩).
جیاوازیی نێوان ئەدەبیاتی گەلان لەم مەسەلەیەدا ڕەگوڕیشەی داکوتاوە: جیاوازیی نۆرم و بەها و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە جڤاکە جیاوازەکاندا، خۆی لە جیاوازیی ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو کۆمەڵانەدا دەردەخات. هەرکاتێک سیستمە کۆمەڵایەتییەکان جیاواز بن، ئەو ئەدەبیاتەی کە لە ئەنجامی ئەو سیستەمانەوە دێتە ئاراوە، بەهەمان شێوە جیاواز دەبێت. لێرەشەوە دەتوانین بگەینە ئەنجامێک سەبارەت بە هۆکاری گۆڕانی ئەدەبیات لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا و، بڵێین لەگەڵ گۆڕانکاری لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، جۆری ئەو ئەدەبیاتەی کە لەو کۆمەڵەدا بەرهەم دێت، بە هەمان شێوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تەکنیک و هێما و

ناوەڕۆکی نوێ لە دەقی ئەدەبیدا سەرهەڵدەدەن.

ئەگەر ئەدەبیات بە بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتی بزانین، ئەوا دەبێت بڵێین لێکچوونێکی زۆر لەنێوان کۆمەڵناسی و ئەدەبیاتدا هەیە، چونکە هەردووکیان بەدوای ئامانجێکی هاوشێوەدا دەگەڕێن، کە بریتییە لە گەڕان بەدوای سروشتی کۆمەڵ و پەیوەندیگەلی نێوانکەسی. کۆمەڵناسەکان بە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەدەبیات پەی بە کۆمەڵێک لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبەن (بۆ نموونە، نەریت و سیستەمی بەهاکانی کۆمەڵ دەدۆزنەوە)، هەروەک چۆن بە شیکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیش بە هەمان ئامانج دەگەن. بە بۆچوونی ئەوان، بەرهەمە ئەدەبییە بەرچاوەکانی هەر قۆناغێک وێنەیەکی ڕوون لە میکانیزمە کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابووری و ئاینی و سیاسییەکانی ڕەفتاری مرۆڤ لە جڤاکە هاوچەرخەکانیاندا دەخەنە ڕوو. ئەنجامدانی توێژینەوەگەلی کۆمەڵناسی پێویستی بەم جۆرە داتایە هەیە و، هەربۆیە، هیچ کۆمەڵناسێک لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا نابێت ئەدەبیات، کە سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ بەدەستهێنانی ئەم داتایانە، پشتگوێ بخات.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت،کە پەیوەندیی نێوان ئەدەبیات و کەتواری (واقیعی) کۆمەڵایەتی یەکلایەنە نییە. بە وتەیەکی تر، ئەدەبیات ئاوێنەیەک نییە،کە تەنێ باروودۆخی تاکەکان لە کۆمەڵ یان هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا تێیدا ڕەنگ بداتەوە. ئەگەر بەمجۆرە بوایە، ئەوا هیچ جیاوازییەک لەنێوان دەقی ئەدەبی و ڕاپۆرتی کۆمەڵایەتی یان کتێبی مێژوودا نەدەبوو. ئەدەبیات نەک هەر لە هەناوی کەتواری کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات، بەڵکوو دەتوانێت کاریگەریی نەرێیی (سلبی) لەسەر ئەو کەتوارەش هەبێت و یارمەتیی گۆڕینی بدات. دەکرێت بڵێین پەیوەندیی نێوان ئەدەبیات و کۆمەڵ پەیوەندییەکی دیالکتیکییە: ئەدەبیات لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو پێکهاتانە دەخاتە ژێر پرسیار و نکۆڵییان لێدەکات. هەموو

چیرۆکنووسێک دەبێت بەناچاری سەیری جیهانی دەوروبەری بکات بۆئەوەی لە داهێنانی ئەدەبیدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەگەر لە چوارچێوە یان سنوورە کولتوورییەکانی ئەو جیهانەدا بمێنێتەوە، چیتر ناتوانێت لە ڕێگەی خوڵقاندنی ئەدەبییەوە یارمەتیدەری بنیاتنانی کەتوارێکی (واقیعێکی) نوێ و جیاواز بێت. بەرهەمەکانی نووسەرێکی لەو جۆرە بەلانی زۆرەوە وەسفێکی وردی کۆمەڵن، بەڵام هیچ جێگرەوەیەک بۆ ئەو کێشانەی کە تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵیدا دەستەیەخەن پێشکەش ناکەن.

سەرنجدان بە واقیعی کۆمەڵایەتی بابەتێک نییە لەگەڵ هاتنی مۆدێرنیزمدا لە ئەدەبیات بایەخی پەیدا کردبێت. شەڕی نێوان چاکە و خراپە، کە یەکێکە لە تەوەرە بەهێزەکانی ئەدەبیاتی کەونارا، فۆڕمێکی سەرەتایی گرنگیدانی شاعیران و نووسەرانە بە ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەوان ئەم سەرنجەیان لەڕێگەی بەکارهێنانی ناوەڕۆک و کارەکتەری ئەفسانەییەوە نیشان دەدا. لەگەڵ هاتنی سەردەمی ڕێنێسانس و پێناسەکردنەوەی پێگەی مرۆڤ لە گەردووندا، گرنگیدانی ئەدەبیات بۆ واقیع فۆڕمێکی داماڵراو لە ئۆستوورەی بەخۆیەوە بینی و، هەربۆیە، لەو سەردەمە بەدواوە لەبری مرۆڤگەلی ژێر ڕکێفی خوداوەندە ئۆستوورەییەکان، مرۆڤەیلی ڕاستەقینە و کارلێککردنیان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا بووە جێگەی سەرنجی چڕی نووسەران. سەرهەڵدانی ڕۆمان لە سەدەی هەژدەهەمدا یەکێک بوو لە دەرئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانی سەرنجە. لە ڕۆمانی نووسەرە پێشەنگەکانی لەچەشنی دانیال دیفۆ و ساموێل ڕیچاردسۆن و هێنری فیلدینگ لە ئینگلتەرا کە ئیان وات بە باوکی ڕۆمانیان دەزانێت (وات ٢٠١٥: ١١)، هێڵی سەرەکیی گێڕانەوە هەمیشە لە ململانێی نێوان مرۆڤ و جڤاکەوە سەرچاوە دەگرێت و لەگەڵیدا بەرەوپێش دەچێت. بە واتایەکی تر، کارلێکی کۆمەڵایەتی هێزی بزوێنەری ڕۆمانە سەرەتاییەکانە. ئەمەش هەمان ئەو ڕێبازەیە نووسەرانی گەورەی فەرەنسیی سەدەی نۆزدەهەم، وەک

فلـــــــۆبێرت و بـــــــــالزاک و زۆلا لە بەرهەمەکانیانـــــدا لەســـــەری بەردەوام بـــوون. ســەرهەڵدانی شۆڕشــی گەورەی فەرەنســا و شۆڕشـــی پیشەســـازی و سەرهەڵدانی سیستەمی سـەرمایەداری و ئەو ململانـــێ چینایەتییـــانەی لێـــیەوە سـەریان هەڵـدا، ڕۆڵێکـی بەرچاویـان لە چەســـپاندنی ئەم نوانـــدنەوە نـــوێیەی کۆمەڵدا هەبوو.

ئەم باســــــە ئەوەمــــــان بـــــۆ ڕوون دەکـــاتەوە،کە بـــۆچی کۆمەڵناســـەکان لەنێـــو هەمـــوو ژانـــرە ئەدەبییەکانـــدا بەتـــایبەتی گرنگـی بە ڕۆمـان دەدەن و زیـــاتر لێکـــۆڵینەوەی لەســـــەر چـــڕ دەکەنەوە، نەک لەسەر شیعر یان دەقـی شـــانۆیی. لە ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی ڕۆمـــان لە ســـەدەی هەژدەهەمەوە، ئەم ژانـــرە ئەدەبیـــیە تـــایبەتە وردە وردە خـــوێنەری زیـــاتری بەدەســـت هێنـــاوە، بەجۆرێک زیادەڕەوی نیـیە ئەگەر بڵێـین ئەمڕۆ ڕۆمان بەناوبانگترین جۆری دەقی ئەدەبیـــــیە. ڕۆمــــــان لە ســــــەرەتای ســــەرهەڵدانییەوە هەمیشـــــە هەوڵــــی ســــەرلەنوێ دروســـتکردنەوەی جیهـــانی کــــــــۆمەڵایەتیی مرۆڤـــــــی داوە. لەم حاڵەتەدا، بابەتگەلی وەک ڕۆڵی خێـزان لە کۆمەڵدا، گرژیی نێـوان خواسـتەکانی تـــاک و چاوەڕوانییەکـــانی خێـــزان یـــان ســــنوور و بەربەســــتەکانی کــــۆمەڵ، ململانێی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و کــــــاریگەریی سیاســــــەت لەســـــــەر پەیوەنـــدییە مرۆییەکـــان بـــووەتە جێـــی سەرنجی چڕی ڕۆماننووسان. ڕۆمـان بـۆ کۆمەڵناســـانی ئەدەبیـــات، ئـــاوێنەیەکی بـــــالانوێنی کـــــۆمەڵی پیشەســــــازییە، ئاوێنەیەکی بێگەرد کە بەڕوونـی هەمـوو لایەنەکـــانی ژیـــان لە کـــۆمەڵێکی وادا دەنوێنێتەوە.

هەرچەنـــدە ناونیشـــانی "کۆمەڵناســـیی ئەدەبیـــات" وەک بـــوارێکی دیـــاریکراو و تـــایبەت لە تـــوێژینەوەی کۆمەڵناســـانەدا لە دەوروبەری ناوەڕاســــــتی ســــــەدەی بیســــــتەمدا لە زانکـــۆ و ناوەنـــــدەکانی تـــوێژینەوەدا بەڕەســـمی ناســـێندرا، بەڵام ئەم شێوازە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات مێژوویەکـــــــی دووردرێـــــــژی هەیە و دەگەڕێـتەوە بـۆ مشـتومڕەکەی ئەرسـتۆ لەگەڵ ئەفلاتون سـەبارەت بە سروشـتی هـــونەر و ئەدەبیـــات. ســـەرلەبەری ئەو ئارگیومێنتـــــــانەی ئەفلاتـــــــون لە دوو

نـــامیلکەی "کۆمـــار" و "ئـــایۆن"دا دژی ئەدەبیـات دەیخـاتە ڕوو، بە دەوری ئەو بانگەشـەیە دەسووڕێنەوە کە ئەدەبیـات مێشکی ئەندامانی کۆمەڵ تێکدەدات. بە تێڕوانینـی ئەو، خـولْقێنەرانی بەرهەمـی ئەدەبـی کۆمەڵێـک کەسـی درۆزنــن کە لەڕێـگەی وروژانـدنی هەسـت و سـۆزی بەردەنــگەوە، هێــزی ئــاوەزی ئەو لاواز دەکەن و لەم ســـۆنگەیەوە لە ئەگەری بڕیـــاردانی عەقڵانـــی بێبەشـــی دەکەن. بـۆیە ئەو زەرەر و زیانـانەی ئەدەبیـات دەیهێنێـتە ئـاراوە، کـاریگەریی نەرێیـی لەسەر کـۆمەڵ دادەنێت. وەڵامـدانەوەی ئەرســـتۆ بـــۆ ئەفلاتـــون لە نـــامیلکەی بووتیقـــا (شیعرناســـی) و بەرگـــرییە دەروونناســـــانەکەی لە کــــاریگەریی ئەدەبیـــات لەســـەر بەردەنـــگ لەڕێـــی ناســـاندنی چەمکـــی "کاتارســـیس"ەوە (دەروونپـــاڵێوی) هەر بەم ئەنــــدازەیە بیچمێکی کۆمەڵناسانەی هەبوو، چونکی بەپێـی ڕامـانەکەی (تیـۆرییەکەی) ئەو، هەسـت و پـاڵنەرە دژە کـۆمەڵایەتی و تێکـدەرەکانی بیـــنەر دوای ئەوەی بەر تراژیـدی دەکەوێـت لە هەناویانـدا پـاک دەکـرێنەوەو ئەوان وەکـوو هـاووڵاتییەک دەگەڕێـنەوە بـۆ نێـو کـۆمەڵ کە ئیتـر مەیـل و مەراقە دژەکۆمەڵایەتییەکانیـان خستووەتە ژێـر ڕکێفـی خۆیـانەوە. بەم شـێوەیە دەبینـین لێکـۆڵینەوە لەبـابەت کـــــــارکردی ئەدەبیــــــات لەڕووی کاریگەرییەکـــانی لەســـەر ڕەفتـــاری تاکەکەسی- و لەئەنجامدا کـۆمەڵ- لە ســـەردەمی ســـەرهەڵدانی ڕامـــانە و ڕەخنەی ئەدەبی لە یۆنانی کەونارەوە لە فـــۆرمێکی ســـەرەتاییدا هەبـــووە. ڕامانەکارییەکـــانی هیپۆلیـــت تـــاین (ڕەخنەکارێکی ئەدەبیـی فەرەنسـی) لە سـەدەی نۆزدەهەمـدا و جەختکـردنەوە لەسەر ئەوەی پێویستە لە سێ توخمەی "ڕۆحـی بەکـۆمەڵ، دۆخ و سـەردەم"دا بەدوای مانای هەر بەرهەمێکدا بگەڕێین، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە گرنگیـدانی زیـاتر کـارلێکی نێـوان ئەدەبیـات و کـۆمەڵ. لە ڕامـانەی تـاین-دا بەرهەمـی ئەدەبی لە ژیری و زیرەکیی تاکەکەسیی نووســەرەوە ســەرهەڵنادات، بەڵکــوو بەرهەمـــی ئەو دۆخە ژینگەیـــی یـــان کـۆمەڵایەتییەیە نووسـەر تێیـدا گەشـەی کردووە و گۆش کراوە. جەختکـردنەوەی تـــاین لەســـەر بنـــاغەی کـــۆمەڵایەتیی

بەرهەمهێنانی ئەدەبی وایکردووە کە بە "بـــاوکی کۆمەڵناســـیی ئەدەبیـــات" بناســـرێت. دوای هیپۆلیـــت تـــاین، ڕامانەکـانی (تیۆرییەکـانی) مـارکس و ئەنگڵـــس ســـەبارەت بە کـــاریگەریی ژێرخـــانی ئـــابووریی کـــۆمەڵ لەســـەر بەرهەمهێنـــانی بەرهەمـــی ئەدەبـــی، کۆمەڵناســـیی ئەدەبیاتیـــان زیـــاتر لە جاران کردە بـابەتێکی گرنـگ لە بـواری تـــوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانـــدا. بەڵام ئەوەی ئـــێمە بەتـــایبەتی لە قۆنـــاغی دواتـــردا پێـــی دەڵێـــین کۆمەڵناســـیی ئەدەبیات ، دەرئەنجامی ئەو بەشدارییە گەورەیەیە جـــۆرج لوکـــاچ، لوســـیەن گۆڵـــدمان، لیـــۆ لێڤێنتـــاڵ و ڕۆبەرت ســـــکارپیت لە پێکهێنـــــانی بنـــــاغە تیۆریکەکانی ئەم ڕێبازەدا کردوویانە.

کۆمەڵناسـیی ئەدەبیـات ئەنتـی تێـزی (دژە بیرۆکەی) فۆرماڵیزمە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا. "ڕەخنەکارانی نـوێ"ی دەیەی ١٩٣٠ لە ئەمریکا، هەروەها فۆرمالیستە ڕووسەکان نـزیکەی دوو دەیە پێشتر لە فۆرمالیســتەکان، پێیـان وابـوو بەرهەمە ئەدەبییەکـــان دەبێـــت بەبـــێ هـــیچ ڕەچـــــاوکردنێکی دەرەوەی دەقـــــی شـــــیکارییان بـــۆ بکرێـــت. تـــاکە ســـــەرچاوەیەک،کە ڕەخنەکـــار بـــۆ تێگەیشـــتن لە مانـــای ناڕاســـتەوخۆی بەرهەمێکـی ئەدەبـی هەیەتـی، خـودی دەقەکەیە و نابێـت ژیاننـامەی نووسـەر یان مێژووی سەردەمەکەی بە بنەمـایەک بـــۆ باســـکردنی بەرهەمەکەی هەژمـــار بکرێـــــت. بـــــۆ فۆرمالیســـــتەکان، ڕەچـــاوکردنی ڕەهەنـــدی کـــۆمەڵایەتی یەکێکـــــی دیـــــکەیە لە لاڕێیەکـــــانی ڕەخنە،چونکە ڕەخنەکـار ناچـار دەکـات لەبری خـودی کـارەکە سـەرنجی لەسـەر بـــــابەتێکی دیـــــکە (هەڵـــــومەرجی کـــۆمەڵایەتی) بێـــت و بەم شـــێوەیەش ئەرکی سەرەکیی خۆی لەبیر بکات.

لەبەرانـــبەردا، ئەوانەی لە ڕوانـــگەی کۆمەڵناســـیی ئەدەبیـــات دەکـــۆڵنەوە دەڵـــــێن لەســـــــۆنگەی ئەوەی،کە ڕەگوڕیشەی ئەدەبیـات لە داب و نەریـت و نـــۆرم و بـــارودۆخی کۆمەڵایەتیـــدایە، هەر بەرهەمێکـــی ئەدەبـــی بەگـــوێرەی پێکهـــاتە کـــۆمەڵایەتی و کولتـــووری و ئـــــابووری و سیاســـــییەکانی ئەو ســـــەردەمەی کە بەرهەمەکەی تێـــــدا نووســـراوە، شـــیاوی تێگەیشـــتنە. لە

ڕامانەڕێژییەکانی (تیۆریزەکردنی) ئەم کۆمەڵناسانەدا، زۆرجار تووشی دەستەواژەی "زەمینەی (کۆنتێکستی) کۆمەڵایەتی" دەبین. لە کردەی (پراکتیکی) ڕەخنەیی ئەوانیشدا هەمان شت ڕاستە. ئەوان لە باسکردنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا، چەندین جار ئاماژە بەو زەمینە کۆمەڵایەتییە دەکەن کە بەرهەم تێیدا نووسراوە و، لەڕاستیدا بەشێکی زۆری ئەو ڕەخنانەی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتەوە نووسراون، لەسەر ئەو جڤاکەن کە بەرهەمەکە تێیدا دروست بووە، نەک لەسەر خودی ڕۆمان یان شیعرەکە کە باسی لێوە دەکرێت. مەبەستی کۆمەڵناسانی ئەدەبیات لە"زەمینەی کۆمەڵایەتی" هەمان ئەو فاکتەرانەیە کە فۆرمالیستەکان پێیان وا بوو پەیوەندییان بە ڕەخنەوە نییە: بارودۆخی ئابووریی کۆمەڵ، کاریگەریی بازاڕی کتێب لەسەر جۆری ئەو ئەدەبیاتەی نووسەران بەرهەمی دەهێنن، سنووردارکردن یان پشتیوانیکردنی سیاسی بۆ چەند ناوەڕۆکی تایبەت لە ئەدەبیاتدا، ڕادەی قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی کولتووریی بەرهەمی ئەدەبی لە کۆمەڵدا، پێگەی چینایەتیی نووسەر و هتد. لە ڕامانە (تیۆرییە) جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا، جەخت لەسەر یەکێک یان تێکەڵەیەک لەم هۆکارانە دەکرێتەوە و ئەوانی دیکەش بە لاوەکی دادەنرێت. بۆ نموونە، ئەو ڕەخنەکارانەی لە ڕوانگەی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکۆڵنەوە، بەگشتی ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵ (شێوازی بەرهەمهێنان) بە هۆکاری تەواو دیاریکەر دەزانن و پێیان وایە ئەدەبیات، وەک سەرخانێکی کولتووری، ملکەچ و شوێنوەرگرتووی میکانیزمە ئابوورییەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە؛ لێرەوە، وێنای هەر ڕۆمانێک لەمەڕ کۆمەڵ لەگەڵ پێداویستییەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەو سەردەمەدا یەک دەگرێتەوە کە ئەو ڕۆمانە تێیدا نووسراوە.

لە تیۆرییە نوێیەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا، گرنگیدان بە میکانیزمە

ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵ فۆڕمێکی دیکەی وەرگرتووە. بناغەی ئابووری هێشتا گرنگە، بەڵام پێناسەیەکی نوێ بۆ چۆنیەتیی کارکردنی ئەم بناغەیە پێشکەش کراوە، واتە ئێستا باس لەوە دەکرێت کە تۆڕی بەیەکەوە گرێدراوی بڵاوکەرەوە و دابەشکەری کتێب، لەگەڵ ئەو ڕەخنەکارانەی لە گۆڤارەکاندا سەرنج لەسەر بەرهەمە چاپکراوەکان دەدەن، کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی هەیە. نووسەر، بە ئاگاییەوە یان نائاگا، ئەو چێشکەیە لە ئەدەبیاتدا پەیڕەو دەکات کە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم تۆڕە لە کۆمەڵدا دروستیان کردووە. ئەوەیکە بڵاوکەرەوەکان دەخوازن چ جۆرە ڕۆمانێک و بە چ ناوەڕۆکێک چاپ بکەن، یان کۆمپانیاکانی دابەشکردنی کتێب چ جۆرە ڕۆمانێک بە جەماوەری دەزانن و بەو هۆیەوە دابەشی دەکەن، هەروەها ئەوەیکە چ جۆرە ڕۆمانێک و بە چ جۆرە ناوەڕۆکێک زیاتر لە ڕۆمانەکانی دیکە لە کتێبفرۆشییەکان دەکڕدرێن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هانی نووسەر دەدەن بۆ نووسینی جۆرێکی دیاریکراوی ڕۆمان یان نەنووسینی جۆرێکی دیکەی ڕۆمان. هەڵبژاردنی کارەکتەرەکان، بڕیاردان سەبارەت بە ڕووداوەکان یان ناوەڕۆکی ڕۆمان، تەنانەت ئەوەیکە ڕۆمان بە چ چارەنووسێک بۆ کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان کۆتایی پێ دێت، بۆی هەیە هەمووی لەژێر کاریگەریی پێداویستییەکانی تۆڕی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبدا بێت.

لەو زنجیرەیەدا،کە باسمان کرد، فاکتەرێکی گرنگی دیکە هەیە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهێنانی "زەمینەی کۆمەڵایەتی"دا هەیە و نابێت پشتگوێی بخەین. کڕینی کتێب بۆ کتێبخانە گشتییەکان بەزۆری لەسەر بنەمای پێوەرگەلێکە کە سروشتی بەتەواوی کۆمەڵایەتییان هەیە. بۆ نموونە، ئەو پێوەرەی کە تەنیا ئەو کتێبانەی بەڕاستی داواکارەکان دەیانەوێت بە قەرز وەریبگرن، ڕەفە سنووردارەکانی کتێبخانەکان پڕ بکەنەوە، گرنگییەکی زۆری هەیە. هەندێک جاریش پێوەرە سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر ئەم بڕیارە هەیە و،

ئەو ڕاستییەی کە ئەو کتێبانەی بۆ کتێبخانە گشتییەکان دەکڕدرێن، تەحەدای ئایدۆلۆژیای فەرمیی کۆمەڵ ناکەن، دەتوانێت دەستڕاگەیشتن یان بەردەستنەبوونی بەرهەمێکی ئەدەبی دیاری بکات و، بەم پێیەش پلەی جەماوەرییبوون یان نەبوونی، یان ئەگەری دووبارە چاپکردنەوەی تووشی گۆڕانکاری بکات. بە بڕوای کۆمەڵناسانی ئەدەبیات، هەموو ئەم هۆکارانە ئاماژەن بۆ گرنگیی "زەمینە (کۆنتێکستی) کۆمەڵایەتی" و پێویستی ڕەچاوکردنی ئەو کۆنتێکست و زەمینەیە لە ڕەخنەدا.

کۆمەڵناسیی ئەدەبیات تاکە یەک ڕامانە نییە کە بشێت باس لە کۆمەڵێک بنەمای تەواو ڕوون و دیاریکراو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێوازۆناسییەکەی (میتۆدۆلۆژییەکەی) بکرێت. کۆمەڵناسە جۆراوجۆرەکان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ئەم شێوازە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات خستووەتە ڕوو. بەو حاڵەوە، لایەنە هاوبەشەکانی ئەم بۆچوونانە بەم چەشنە پوخت دەکرێنەوە : کۆمەڵناسیی ئەدەبیات بەگشتی باسی شێوازی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵ لە دەقەیلی ئەدەبی و پەیوەندیی دوولایەنەی ئەدەبیات لەگەڵ دامەزراوەگەلی کۆمەڵایەتیی دیکە دەکات و ڕامانەی (تیۆریی) بۆ دادەڕێژێت. لەم ئاراستە تووێژینەوەییەدا، ئەدەبیات بە شێوێنوەرگرتوو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆی دادەنرێت، پێکهاتەیەک کە بەبێ ئاگاداری لەو پێکهاتەیە و دامەزراوە و دەستەبەندییەکانی ڕێی تێناچێت بەرهەمگەلی ئەدەبی بەدروستی شی بکرێنەوە. لە هەناوی ئەم لایەنە هاوبەشە تیۆرییانەوە، دوو ڕەوتی سەرەکی لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا سەریان هەڵداوە، بەم شێوەیە:

کۆمەڵێک تووێژەر لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا بە شێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ ئەرکی کۆمەڵایەتیی دەقە ئەدەبییەکان دەکەن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ئەدەبیات "بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتی" یان "ئاوێنەیەکە ڕووەو کۆمەڵ" و لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەسەری، مرۆڤ دەتوانێت زانیارییەکی

ورد و بابەتیانە لەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدەست بهێنێت. ئەدەبیات نەک هەر وەرگێڕانی کەتواری (واقیعی) کۆمەڵایەتییە، بەڵکوو دەشتوانێت ئەو کەتوارە بگۆڕێت کە خۆی لە ئەنجامی ئەودا سەری هەڵداوە؛ یان بە واتایەکی تر، ئەدەبیات هەم بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، هەمیش هێزێکی کۆمەڵایەتی. ڕوانگەی مارکسیستە ئۆرتۆدۆکسەکان بۆ ئەدەبیات و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی ڕێک لەگەڵ ئەم ئاراستەیە لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا یەک دەگرێتەوە. لەنێو ڕامانەکارانی (تیۆریستەکانی) ئەم فۆڕمەی کۆمەڵناسیی (سۆسیۆلۆژیای) ئەدەبیاتدا دەتوانرێت ئاماژە بە مادام دی ئستال و هیپۆلیت تاین و ڕیچارد هۆگارت بکرێت.

تاقمێکی دیکەی کۆمەڵناسانی ئەدەبیات، لێکۆڵینەوەکانیان بە پلەی یەکەم لەسەر پەیوەندیی نێوان نووسەر و بارودۆخی کولتووری-کۆمەڵایەتیی سەردەمەکەی و بارودۆخی بەرهەمهێنانی ئەدەبی چڕ دەکەنەوە. لە شیکارییەکانی ئەم دەستەیەدا، باسکردن لەسەر جیهانبینیی کەسیی نووسەر گرنگییەکی زۆری هەیە. هەروەها ئەم گرووپە بەشێکی زۆر لە نووسینەکانیان بۆ لێکۆڵینەوە لە دەوری ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانە تەرخان دەکەن کە ڕۆڵیان لە زنجیرەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هەیە. بە بڕوای ئەو کۆمەڵناسانە، لە کۆندا شاعیران پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان لەسۆنگەی ئەو کەسەی پێیاندا هەڵدەگوت یان پاڵپشتە داراییەکانیانەوە بەدەست دەهێنا، لە کاتێکدا ئەمڕۆ ئەوە بڵاوکەرەوە و دابەشکەری کتێبن ئەم پێگەیە بۆ شاعیران و نووسەران دیاری دەکەن. سکارپیت، جین ڕۆت و جانێت ئۆڵف هەندێک لە ڕامانەکارە (تیۆریستە) دیارەکانی ئەم ڕەوتەن لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا.

هەرچەندە گرنگیدان بە لایەنگەلی کۆمەڵایەتیی بەرهەمە ئەدەبییەکان هەمیشە بەشێک بووە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە ڕەخنەییەکان، بەڵام دەبێت بڵێین هیچ کام لە دوو ڕەوتە

سەرەکییەکەی کۆمەڵناسیی ئەدەبیات بەتەواوی لەگەڵ ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخدا یەک ناگرنەوە و هاوئاراستە نین. لە سەرچاوە نوێیەکان، کە ڕامانەکانی (تیۆرییەکانی) ڕەخنەی ئەدەبیی چەند دەیەی ڕابردوو دەناسێنن، بەدەگمەن بەر کتێبێک دەکەوین لە بەشێکی سەربەخۆدا "کۆمەڵناسیی ئەدەبیات" بە خوێنەران بناسێنێت. هۆکاری ئەم دۆخە پێویستە لەو پێناسە جیاوازانەدا ببینرێت کە ڕەخنەکارانی ئەدەبی لەلایەک و کۆمەڵناسانی ئەدەبیات لەلایەکی ترەوە سەبارەت بە سروشتی ئەدەبیات و ئەرکەکانی دەیکەن. بیرۆکەی سەرەکیی کۆمەڵناسان ئەوەیە کە ئەدەبیات لە بۆشاییدا بەرهەم ناهێنرێت. ڕەخنەکارانی ئەدەبی لەگەڵ خودی ئەم بیرۆکەیە ناکۆک نین، بەڵام زۆربەیان لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەدا نین کە کۆمەڵناسانی ئەدەبیات لەم بیرۆکەیەی وەردەگرن. کۆمەڵناسان دەقی ئەدەبی وەک بەڵگەنامەیەک سەیر دەکەن، کە دەتوانرێت خاڵە سەرەکییەکانی مێژووی کۆمەڵایەتیی لێ وەربگیرێت. بەم جۆرە، ئەوەی لە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەدەبیات بۆ کۆمەڵناسان گرنگ نییە، لایەنە جوانیناسییەکانی ئەدەبیاتە. ئەوان بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەرکە ناوخۆییەکانی دەق ئەدەبیات ناخوێننەوە، بەڵکوو هەر لەبنەڕەتەوە سەیری ئەرکە دەرەکییەکانی دەق دەکەن و مەبەستیان ڕۆشنکردنەوەیە بۆ ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییە فراوانترەی کە ئەم دەقانە وا دەکەن خوێنەر تێی بگات. کاتێکیش کۆمەڵناسان گرنگی بە نووسەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەدەن، لەڕاستیدا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن لەڕێگەی سەرنجدان بە پاشخانی ئابووری-خێزانیی نووسەر ئەوە بسەلمێنن کە ئایدۆلۆژیای ئەو و تێڕوانینە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی، ڕۆڵێکی گرنگیان لە دارشتنی ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیدا هەبووە. سەرەکیترین تانەی ڕەخنەکارانی ئەدەبی لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیات ئەوەیە کە ئەوەی بەگشتی لە ڕەچاوکردنی کۆمەڵناسان بۆ دەقە ئەدەبییەکان پشتگوێ دەخرێت، دەقییەتی ئەم دەقانەیە.

جیاوازیی ئەم دوو ڕێبازە بۆ ئەدەبیات بەڕوونی لە زاراوەگەلی بەکارهێنراو لە ڕەخنەی ئەدەبی و کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا دەبینرێت. ڕەخنەکارانی ئەدەبی باس لە "دەق" دەکەن، لەکاتێکدا کۆمەڵناسانی ئەدەبیات باسی "کتێب" دەکەن. بەکارهێنانی زاراوەی "دەق" واتای پێشگریمانەیەکی گرنگ دەگەیەنێت کە هیچیان لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا دانی پێدا نانرێت. هەندێک زاراوەی دیکەی کۆمەڵناسیی ئەدەبیات هەن کە ئەوانیش نیشاندەری جیاوازیی ڕێواژۆناسیی (میتۆدۆلۆژی) ئەم بوارەیە لەگەڵ ڕێواژۆناسییە (میتۆدۆلۆژییە) باوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی. بۆ نموونە، کۆمەڵناسانی ئەدەبیات باس لە "بەکاربردن"ی دەقی ئەدەبی دەکەن، لە کاتێکدا ڕەخنەکارانی ئەدەبی باسی "وەرگرتن" یان "تێگەیشتن"ی ئەم دەقانە دەکەن. گریمانەی پشت بەکارهێنانی وشەیەکی وەک "بەکاربردن" ئەوەیە کە ئەدەبیات دەتوانرێت بە کاڵایەکی ماددی هەژمار بکرێت و وەک هەر کاڵایەکی دیکە بە شێوەی ئەزموونی لەسەر بازاڕەکەی لێی بکۆڵدرێتەوە. بەپێچەوانەی وەها ڕێبازێکی ئەزموونی، زاراوە باوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەک "خوێندنەوە"، "تێگەیشتن" و "وەرگرتن" بەو پێشگریمانەیەوە بەکار دەهێنرێن کە ئەدەبیات دیاردەیەکی هێرمێنۆتیکییە و تێگەیشتن لێی پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێواژۆیەکی (میتۆدێکی) هێرمێنۆتیک بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانییەتی.

لەو نموونانەی هێنامانەوە دەردەکەوێت بەکارهێنانی وشەی دووانەیی دژبەیەک وەک "دەق" و "کتێب"، یان "بەکاربردن" و "خوێندنەوە"، لە نووسینی ڕەخنەکارانی ئەدەبی و کۆمەڵناسانی ئەدەبیاتدا، تەنیا جیاوازییەکی ستایلستی (شێوازناسانە) یان فۆڕماڵی (بیچمەکی) نییە. ئەم زاراوە جیاوازانە ئاماژەن بۆ دوو تێڕوانینی بەقووڵی جیاواز (بەڵام مەرج نییە دژ بەیەک یان ناتەبا بن) سەبارەت بەوەی ئەدەبیات چییە. نابێت جێگەی سەرسوڕمان بێت کە ڕەخنەکارانی ئەدەبی بە گرنگیدان بە دەقییەتی بەرهەمە ئەدەبییەکان، بۆ شیکردنەوەی ماناکانی ئەو بەرهەمانە،

ڕێبازەکـــــــانی وەک فۆرمـــــــالیزم، پێکهـــــاتەخوازی (ســـــتراکتوراليزم)، نیشانەناســـــــــی (ســــــــیمیۆتیک)، دەروونشـــیکاری، مێژووگەرایـــی نـــوێ و هتـــد بەکـــار دەهێـــنن. ئەوەی بـــۆ ڕەخنەکـــارانی ئەدەبـــی گـــرنگە، گەڕانە بەدوای مانای دەقدا و هەربـۆیەش، هەر یەکێـــک — یـــان تـــێکەڵەیەک — لەو ڕامانانەی (تیۆرییانەی) باسمان کـردن، دەتوانرێـت بـۆ گەیشـتن بەو ئامـانجە کەڵکیـــــان لـــــێ وەربگیرێـــــت،بەڵام کۆمەڵناسـان ئەدەبیـات وەک ئامرازێـک بۆ تێگەیشتن لە کـۆیەکی گەورەتـر، کە پێـی دەوترێـت "کـۆمەڵ"، دەبیـنن و هەربۆیە گرنگییەکی زۆر زیاتر بە هۆکـار و زانیارییەکـانی دەرەوەی دەق دەدەن. سـەرەڕای ئەوەش و سـەرەڕای هەمـوو جیاوازییەکـــانی نێـــوان چوارچێـــوە چەمکییەکـــانی ڕەخـــنەی ئەدەبـــی و کۆمەڵناســـی ئەدەبیاتـــدا، ڕێـــوازۆ (میتـــــۆدە) کۆمەڵناســــــییەکان و دەستکەوتەکانیان سەبارەت بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکـانی ئەدەبیـات دەتـوانن تەواوکەری میتـۆد و دەسـتکەوتەکانی ڕەخـــنەی ئەدەبـــی لەبـــارەی مانـــای دەقەیلـــی ئەدەبـــی بـــن. لەم باســـە دەتـــوانین بگەیـــنە ئەو ئەنجـــامەی کە ئەگەرچـی لەنێـوان ڕەخـنەی ئەدەبـی و کۆمەڵناسـیی ئەدەبیاتـدا پەیوەنـدییەکی نێـــوان-بـــواری (inter-disciplinary) لەئـــارادا نیـــیە، بەڵام ئەم دوو بـــوارەی توێژینەوەی زانستە مرۆییەکان دەتـوانن پەیوەنـدییەکی فـرە-بوارییـان (multi-disciplinary) هەبێـت و، بە هاوبەشـی لەگەڵ یەکتـردا، تێگەیشـتنێکی قـووڵتر لە ئەدەبیات و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بخەنە بەردەست.

## سەرچاوەکان:

- ولک، رنه و آوستن وارن (1373) «نظریەی ادبیات»، تهران:انتشارات علمی و فرهنگی.
- وات، ایان (1394) «طلوع رمـان» در لاج و همکاران، «نظریەهای رمـان از رئالیسـم تـا پسامدرنیسم»،ترجمـەی حسـین پاینـده،چاپ سوم، تهران: انتشارات نیلوفر.
- پاینده،حسین.، 1394 (ویراست سوم)،گفتمان نقد،مقالاتی در نقد ادبی،تهران:نیلوفر.

# ژ دزیێن ئەدەبی و هەتکبەرییێن مەزن
# د دیرۆکا ئەدەبیاتا جیهانی دا



شەمال ئاکرەیی

دزیيا ئەدەبی Plagiarism دیاردەیەکا ئالۆزە د دیرۆکا ئەدەبیاتێ دا، ژ بەر کو ئەو ئەڤ جۆرێ دزیێ، دزییەکە ژ گەوهەرێ داهێنانا ل سەر بنەمایێ ڕەسەنایەتییا ئەفراندنێ و دەستپاکییا هزری یا کەسێن دی دهێتە ئاڤا کرن. دزیيا ئەدەبی چەند پرسیارێن مۆرالی و یاسایی دەربارەی سنۆرێن وەرگرتنێ، باندۆر و کارتێکرنێ و دوبارە بەرهەمئینانا تێکستان دئینیتە گۆڕێ.

هەر چەندە تێگەهێ مافێن مولکییەتا هزری هەتا سەردەمێ نوو ب شێوازێ خۆ یێ یاسایی ل وەلاتێن رۆژئاڤایی ژی یێ ئێکلا نەبوو، بەلێ هایداری ژ بۆ ڤەگەڕاندنا تیکستێ بۆ خودانێ وێ یێ رەسەن، د کەلتووری ئەدەبی دا یا بەردەوام بوو چونکی دزینا ئەدەبی کارەکێ نە جوان و هەتکبەرییە. هەستیارییا ڤی جۆرێ دزییێ ل گەل پێشکەفتنا چاپێ و بەلاڤکرنا ل سەر ئاستێ جەماوەری زێدەتر لێهاتییە.

دیرۆکـــا ئەدەبیاتـــا جیهـــانی گەلەک هەتکبەرییێن مەزن ب خۆڤە دیتینە کو ڕایا گشتی یا ڕەوشەنبیری هەژاندییە و پشکداری ل دوبارە نێرینێ د تێگەهێ داهێنـانێ ب خـۆ دا کـرییە. ئەڤ ڤـی بابەتی دا، مە بزاڤ کرییە کو ل دووڤ دیارترین ڤان هەتکبەرییان د سەردەمێن جودا دا بچین.

## هەتکبەرییێن ئەدەبی
## د چارچۆڤەیێ خۆ یێ دیرۆکی دا

ئێـک ژ کەڤنتـرین بـابەتێن کـو ب هایدارییەکا زوو تێگەهێ ساختەکارییا ئەدەبی ئازراندی،ئەو بوو دەما بابەتێ هەلبەستڤانێ سـکۆتلەندی (**جەیمـس ماکفەرســــــۆن** James Macpherson)و (**هەلبەستێن ئۆسیان** Poems of Ossian) یێن کو وی ل ســالێن شێســتان ژ ســەدێ هەژدێ دبەلاڤکـرین کەفتیـیە بەر ڕەخنەیـا ناڤەندێن ئەدەبی. ماکفەرسۆنی دگۆت کـو ئەو تێکســت یــێن هەلبەســتێن داستانەکا کەڤـن یـا زمـانێ گـایلی نە ئـانکو Scottish Gaelic Gàidhlig (زمـــانەکێ ئســـکۆتلەندی یـــێ هەری دێرینە کو نڤیسین پێ هاتییەکرن) و بۆ هەلبەستڤانەکێ ئەفسانەیی ب ناڤێ ئۆسیان Ossian ڤەدگەڕن یێن وەرگێڕاین. وی ب بەلاڤکرنا وان هەلبەستان، ناڤ و دەنگییەکا مەزن ل ئەوروپا پەیدا کر و ئەدیبێن مەزن یێن وەکو (**یۆهان وۆلفگانگ ڤۆن گۆتە** (Johann Wolfgang von Goethe) کەفتە ژێر کاریگەری و باندۆرا وان. لێ بەلێ، نەبوونا دەستنڤیسێن ڕەسەن و ڕەتکرنا ماکفەرسۆنی بۆ پێشکێشکرنا بەلگەیێن ماددی، گومان ل سەر هەبوونا دەستنڤیسان پەیدا کرن. لەوڕا ڕەخنەگرێ ئنگلیز (**سامویێل جۆنسۆن** Samuel Johnson) ب ئاشکرایی ئەو گومان دەربڕین. د ڤەکۆلینێن پاشتر دا و ژ وانا ئەوێن کو د ئینسایکلۆپیدیایا بریتانیکا EncyclopaediaBritannica و پەرتووکخانەیا بریتانی British Libraryدا هاتین، خۆیا و پشتڕاست کر کو پترییا وان تێکستان ژ نڤیسینا ماکفەرسۆنی ب خۆ بوون، لێ پشکەک ژ وان شـێوەیێ زارەکی د ناڤ کەلتوورێ زمانی گایلی دا هەنە بێی کو

ئاماژەیێ پێ بکەت. ب وێ چەندێ ئەو کار بوو ئێکەمین هەتکبەرییا ئەدەبی یا مەزن د دیرۆکا نوو دا.

ل سەد سالا بیستێ، دزیێن ئەدەبی شێوازەکێ یاسایی یێ ڕۆهنتر وەرگرت، هەر وەکو د وێ دۆزا ناڤدار دا یا کو نڤیسەرا کەنەدی فلۆرەنس دیکس Florence Deeks ل دژی نڤیسەرێ بریتانی (**هێربەرت جۆرج وێلز** Herbert George Wells – H. G. Wells) بلندکری. دیکسێ وێلز ب دزینا بیرۆکە و پێکهاتەیا پەرتووکا خۆ یا نەبەلاڤکری تۆمەتبار کر دا کو د بەرهەمێ خۆ دا (**کورتە دیرۆک** The Outline of History)، ئەو بەرهەمێ کو ل سالا ١٩٢٠ێ چاپبووی، بکاربینیت. فلۆرەنس دیکسێ سکالایەکا داخوازیێ ل دادگەهێن تۆرۆنتۆ Toronto تۆمارکر، بەلێ پاشی ژ لایێ کۆمیتەیا دادوەری یا جڤاتا تایبەت یا شاهانە Judicial Committee of the Privy Council ل لەندەن London ل سالا ١٩٣٢ێ ئەو سکالا هاتە ڕەتکرن ژ بەر نەبوونا چ بەلگەیێن پشتراستکەر کو بسەلمینن دەستنڤیس گەهشتییە دەستێ وێلزی. لێ بەلێ، ڤەکۆلەر (**ئەی. بی. ماکیلۆپ** A. B. McKillop) د پەرتووکا خۆ دا (**قەیرە کچ و پەیامبەر** The Spinster and the Prophet) دا دبینیت کو وێ دۆزێ کێماسییەکا پێکهاتەیی د سیستەمێ بەلاڤکرنێ یێ وی سەردەمی دا ئاشکرا کر، ب تایبەتی ژ لایەنێ ب پێگەهێ نڤیسەرێن ژنڤە گرێداییە و بوویە ژێدەرەکێ کلاسیک د ڤەکۆلینێن مافێ نڤیسەری دا.

د ئەدەبیاتا ڕووسی دا، ڕۆمانا (**ب ئارامی دۆن دڕژیێت** And Quiet Flows the Don) یا نڤیسەر (**میخائیل شۆلۆخۆڤ** Mikhail Sholokhov) بگرە و بکێشەکا درێژ دەربارەی خودانێ وێ ورژاند؛ چونکی هەر ژ سالێن سیهان یێن سەد سالا بیستێ وەرە، تۆمەت هاتنە ئاراستەکرن کو ئەو ژ دەستنڤیسێن نڤیسەرێ کازاخی (**فیۆدۆر کریۆکۆڤ** Fyodor Kryukov) هاتییە دزین. ئەو مشتومڕ پشتی کو شۆلۆخۆڤی خەلاتێ نۆبێلێ یێ ئەدەبیاتێ Nobel Prize in Literature ل سالا ١٩٦٥ێ وەرگرتی،

گەرمتر لێ هات و ڕەخنەیا ئەدەبی تەڤی ئایدیۆلۆژیایا سۆڤیەتی تێکهەل بوو. ڤەکۆلینێن ستایلناسیێ یێن نوو، یێن کو پشت ب شرۆڤەکرنا ئاماری یا تێکستانڤە Stylometry گرێدایی و د گۆڤارێن زمانەڤانی دا هاتینە بەلاڤکرن و ئینسایکلۆپیدیایا بریتانیکا ژی ئامارە پێکری، نێزیکاتییەکا ستایلی یا ئاشکرا د ناڤبەرا ڕۆمانێ و بەرهەمێن دی یێن شۆلۆخۆڤی دا نیشان ددەن کو پشتەڤانیێ ل ڤەگەڕاندنا کاری بۆ وی دکەت، بەلێ ل گەل هندێ ژی هێشتا گەنگەشە ل سەر وی بابەتێ ل دەف هندەک ژ ناڤەندێن ڕەخنەیی یا بەردەوامە.

د چارچۆڤەیێ ئەکادیمی یێ ئەمریکی دا، دۆزا (**مارتن لووتەر کینگێ جونیۆر** Martin Luther King Jr.) دەرکەفت دەمێ زانکۆیا بۆستن Boston University ل سالا ١٩٩١ێ ڕاگەهاندی کو تێزا وی یا دکتۆرایێ یا کو وی ل سالا ١٩٥٥ێ ل تمام کری، پەرەگرافێن وەرگرتی ژ کارێن ئەکادیمی یێن بەری خۆ بێی ئاماژەپێدانەکا تێروتەسەل بخۆڤە دگریت. ڕاپۆرتێن زانکۆیێ، یێن کو ڕۆژنامەیێن وەکو The New York Times بەحس لێکرین، ئاشکرا کر و بڕیار دا کو پلەیا زانستی بۆ بهێتە پاراستن بەلێ ل گەل ئاگەهدارییەکا فەرمی. ئەو ئاوایە ئەڤرۆ د رەوشت و مۆڕالێن ڤەکۆلینێن زانستی دا وەکو نموونەیەک ل سەر جوداکرنا د ناڤبەرا بهایێ دیرۆکی یێ کەسایەتیێ و دەستپاکیا ئەکادیمی یا تێکستێ دا دهێتە خواندن.

د ئەدەبیاتا هەڤچەرخ دا، دۆزا نڤیسەرا ئەمریکی (**کاڤیا ڤیسواناتان** Kaavya Viswanathan) یا بوویە نموونەیەکا زق ل سەر دزینا تیکستان ب ڕەنگەکێ یا ئاشکرا. ل سالا ٢٠٠٦ێ دیار بوو کو ڕۆمانا وێ (چەوا ئۆپال مێهتا بۆ جودانێ ماچێ، **چەوا شەمبۆز بووو چەوا ژیان ب دەستڤەئینن** How Opal Mehta Got Kissed, Got Wild, and Got a Life)، چەند پشکێن وەرگرتی یێن نێزیکی پەیڤ ب پەیڤ ژ بەرهەمێن ڕۆماننڤیسێن دی، وەکو (**مێگان ماکافەرتی** Megan McCafferty)، بخۆڤە دگریت. ل دووڤ ڕاپۆرتێن The New York

Publishers Weekly وTimes، ئەڤ چەندە یا بوویە ئەگەرێ ڤەکێشانا پەرتووکێ ژ بازاڕان و هەلوەشاندنا گرێبەستا بەلاڤکرنێ ل گەل کومپانیا Little, Brown and Company.

گرنگییا دۆزا (**جانێت دەیلی** Janet Dailey) ژی، یا کو د سالێن نۆتان ژ سەد سالا بیستێ دا دانپێدان کری کو وێ چەند پشێکن خۆ ژ ڕۆمانێن نڤیسەر (**نۆرا ڕۆبێرتس** Nora Roberts) وەرگرتینە، کێمتر نینە ژ نموونەیا بۆری. ڕۆژنامەیێن وەکو Los Angeles Timesئەڤ هەتکبەرییە ب بەلگە و گرۆڤکر کو ب ڤەکێشانا بەرهەمێن بنپێکەری ژ بازاڕی و دانا قەرەبوویێن دارایی ب دووماهی هات و ئەو چەند پشتڕاستکر کو سەرکەفتنا بازرگانی، نڤیسەری ژ لێپرسینا ئەخلاقی ئازاد ناکەت.

ل دووماهیێ بۆ مە خۆیا دبیت کو ئەڤ پێڤاژوویا دیرۆکی یا کورت نیشان ددەت کو دزیێن ئەدەبی نە ڕوودانێن ب ڕێکەفتنن، بەلکو دیاردەیەکا دووبارەبوویی یە و ئالۆزییەکا بەردەوام د ناڤبەرا داهێنان و کارتێکرنێ دا و د ناڤبەرا دیالۆگا تیکستێ و دزیێ دا ئاشکرا دکەت و دزییا ئەدەبی باوەریێ ب نڤیسەری و تیکستێ تێکددەت، و نڤیسینێ دگوهۆریت بۆ کریارەکا بێ ڕەواتییا ئەخلاقی.

## ژێدەرێن مفا ژێ هاتییە وەرگرتن:


- Encyclopaedia Britannica. *Ossian* ; *Mikhail Sholokhov* ; *Plagiarism*.
- British Library. *The Ossian Controversy*.
- McKillop, A. B. *The Spinster and the Prophet: Florence Deeks, H. G. Wells, and the Mystery of the Purloined Past*.
- Boston University. *Report of the Committee on Allegations of Plagiarism (1991)*.
- The New York Times. Articles on Martin Luther King Jr. plagiarism case; Kaavya Viswanathan scandal.
- Publishers Weekly. Reports on publishing plagiarism cases.
- Los Angeles Times. Coverage of Janet Dailey–Nora Roberts case.

# سابیر رەشید:
# زمان بنچینەی نوێگەرییە لە چیرۆکدا

**دیمانە: حەمە ئەحمەد جاف**



هونەری چیرۆک و چیرۆکنووسین واتە دروستکردنی جیهانێکی ئیستاتیکی و خەیاڵیی، هاوکات ڕێگایەکی مرۆڤانەیە بۆ گەیاندن و هاوبەشکردنی ئەزموونەکان. چیرۆک تەنیا ڕووداوێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی داهێنراوە، کە کەسایەتی، ڕووداو، کێشە و چارەسەری تێدا ڕوودەدات. ئەرکی سەرەکی چیرۆک ئەوەیە، کە ڕابەرایەتی خوێنەر یان بیسەر بکات بە ناو ئەزموونێکی سەربەخۆدا، نووسینی چیرۆک هونەر و پیشەی دروستکردنی ئەو جیهانە خەیاڵییانەیە. چیرۆکنووس کائینێکە جیهانێکی تەواو لە کەسایەتی دروستدەکات و ڕووداوەکان ڕێکدەخات، کێشە درووست دەکات و لە کۆتاییدا چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە.


سابیر رەشید وەک زۆر لە نووسەرانی کورد لە شیعرەوە هاتە نێو دنیای نووسینەوە وەک خۆی گوتی: منیش وەک زۆربەی نووسەرانی کورد بە شیعر دەستم پێکردو لە چیرۆکدا خۆم دیتەوە، (نووسەری کورد) بە پێویستی زانی ئەو دیدارە لەگەڵ بەڕێزتان سازبکات:

*** وەک ئاگادارم و بیستوومە، بەڕێزتان لە شیعرەوە هاتنە نێو دنیای ئەدەبەوە، بۆچی وازت لە شیعر هێنا و کاری چیرۆکنووسیت هەڵبژارد؟**

- ڕاستە، وەکو زۆربەی نووسەرانی کورد منیش بە شیعر دەستم پێکرد، تەنانەت یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی ئەدەبیشم شیعرێک بوو بە ناونیشانی (زامی ئەو دڵدارەی کە بە مەرگیش دانەمرکایەوە)،کە لە ژمارە (٣٥)ی ساڵی (١٩٧٤)ی (ڕۆشنبیری نوێ)دا بە ناسناوی (سابیر غەمگین)، بڵاوکرایەوە. هەر ئەم شیعرەشم بڵاوکردەوە، دەنا شیعری دیشم دەنووسی و دەفتەرێکم پڕ کردبووەوە. هەر ئەو جارەش ئەو ناسناوەم بەکارهێنا.

ئەو کاتە زۆربەی ئەو کەسانەی شیعرییان دەنووسی و دەبوونە شاعیر ناسناوێکیان بۆ خۆیان دادەنا، برادەرانی منیش،کە لە ئامادەیی کوردستان لەگەڵمدا بوون زۆربەیان ناسناویان هەبوو وەکو: مەسعوود پەرێشان، ئەبوبەکر خۆشناو، مەوجوود سامان، گوشاد کاروان، ئیسماعیل بەرزنجی، فەرید ئەسەسەرد. کەمال سەعدیش ناسناوی (چارەڕەش)ی بۆ خۆی دانابوو.

دواتر کە زانیم کەسێکی تر پێشی من ئەم ناسناوەی هەڵگرتبوو، ئەویش جەوهەر غەمگین بوو، ئیتر بە ناوی خۆم و ناوی عەشیرەت بابەتم بڵاوکردەوە، سەرەتا نووسیم: سابیر ڕەشید ساڵح، دوایی بە ناوی سابیر ڕەشید خۆشناو و دوایش بابەتە ئەدەبییەکانم بە ناوی (سابیر ڕەشید) بڵاودەکردەوە و تا ئێستاش هەر




بەم ناوە دەنووسم و بەرەوامم. بیرۆکەی

ئەوەی چۆن وازم لە شیعر نووسین هێنا و دەستم بە چیرۆکنووسین کرد، چەند هۆکارێک بوو: یەکەمیان ئەوەبوو، برادەرانی ئێمە چ ئەوانەی ناوم هێنان کە لە ئامادەیی کوردستان لەگەڵمدا بوون، چ ئەوانەیش، کە لە دەرەوەی قوتابخانە هاوڕێم بوون، ئازاد عەبدولواحیدو سەلاح مەزن و حەیدەر عەبدولڕەحمان و یەک دوانێکی تری لێدەرچێ، دەنا ئەوانی تر زۆربەی هەرە زۆریان شیعریان دەنووسی. ڕۆژێک لەگەڵ کەمال سەعدی، کە لە قوتابخانە تەواو بووین، لە ڕێگای ماڵەوەماندا، بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات و یەکسەر بە کەمال سەعدیم گوت: (باشە برادەرانی ئێمە زۆربەی هەرە زۆریان شیعر دەنووسن، بۆ ئێمە لەناو ئەو حەشامەتە خۆمان ڕزگار نەکەین و دەست بکەین بە چیرۆکنووسین؟)، ئەویش بیرۆکەکەی پێ باش بوو و وتی: (وەڵڵا خۆ ڕاست دەکەی، نابینی ناتوانین لە ناو هەموو ئەو ناوانەدا جێگای خۆمان بکەینەوە).

هەردووکمان بڕیارماندا هەر ئەو شەوە هەریەکەمان چیرۆکێک بنووسین، ئەوەبوو من بەسەرهاتی کوڕە پورێکی خۆم،کە لە لادێ لە شەوێکی ژواندا بەسەری هاتبوو کردم بە چیرۆکێک و ناویشم لێنا (شەوێکی ژوان). دواتر چیرۆکەکەم لە دیواربەندی قوتابخانە بڵاوکردەوە، کە مامۆستا (ئەمین)ی مامۆستای وانەی کوردی ناوی نابوو (کاوێس ئاغا). خۆیشم لەبەر ئەوەی دەست و خەتم خۆش بوو دەمنووسی و (مەسعود پەرێشان)یش، کە خەتخۆش بوو ناونیشانی بابەتەکانی دەنووسی. پێشتریش لەگەڵ مەسعود پەرێشان،کە لە باخچەی مزگەوتی حاجی بەکر زەڕەنگەر پێکەوە دەمانخوێند، لەنێوان خۆماندا لە پێشبڕکێیەکی شیعر نووسیندا، کە مەرجەکە ئەوە بوو داخۆ کامەمان لە ماوەی کاتژمێرێکدا شیعری زیاتر دەنووسین، ئەوەبوو من یەک شیعرو پەرێشانیش پێنج شیعری نووسی و بردییەوە. ئیتر من و کەمال سەعدی لە شیعر نووسین دابڕاین و ڕێگەی چیرۆکنووسینمان گرتەبەر، لە چیرۆکیشدا کەمال سەعدی زیاتر بەلای تەنزە چیرۆکدا شکایەوە و لەسەر ئەم ڕێچکەیەی چیرۆکنووسین بەردەوام بوو، منیش چیرۆک و کورتیلەچیرۆکم تاقی کردەوە و لە نووسینی بەردەوام بووم. لە کورتیلە چیرۆکنووسیدا تا ساڵی ٢٠٠٥ (١٠٠) کورتیلەچیرۆکم نووسی و لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (ئاوێنە)دا بڵاومکردەوە، دوای

ئەمەش بەردەوام بووم و تا نهۆ سێ کۆمەڵە چیرۆک و نۆڤلێتێک و سێ ڕۆمانم نووسیوە و بەردەوامیش دەبم لە نووسینی چیرۆک و رۆمان.

*** چیرۆک و ڕۆمان بۆ کێ دەنووسن؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە لەم چەند خاڵەدا دەخەمەڕوو و دەڵێم:

١- بۆ ئەو کەسانە دەنووسم،کە بەدوای ئەم چیرۆکانەدا وێڵن تا زوو ئاوێتەی دڵیان بێت و وایان لێبکات بە ڕێگایەکی جیاوازتر بیر بکەنەوە.

٢- یەکەم جار بۆ خۆم دەنووسم، هەمدیس بۆ ئەوانەیش، کە لە بایەخدانم بۆ ئەدەب و چیرۆک هاوخولیامن.

٣- بۆ ئەو خوێنەرە دەنووسم، کە بەدوای تاقیکردنەوەیەکی جیاواز و سەرنج ڕاکێش دا دەگەڕێت.


٤- بۆ ئەوانە دەنووسم، کە حەزیان لە زمان و چیرۆک و خەیاڵە.

٥- دەنووسم،چونکە نووسین تاقە ڕێگامە بۆ گوزارشتکردنی ناخم و تێگەیاندنی دنیای دەوروبەرم.

لە دوا دەربڕینیشدا دەڵێم: دەنووسم، چونکە نووسین خولیاو بەشێکە لە ژیانم، ئاواتەخوازیشم، کە توانای ئەوەم هەبێت، تا ئەم خولیایەم لەگەڵ ئەوانی تردا هاوبەش بێت. بەڵێ، هەر بۆ ئەم مەبەست و پەیامەیە، چیرۆک و ڕۆمان دەنووسم و تا گیانیشم لە بەدەنێدا بمێنێ دەستبەرداری نابم.


*** مێژووی چیرۆکی کوردی بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە، ئایا هونەری گێڕانەوە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چ هێز و کاریگەرییەک دەداتە چیرۆک؟**

- کورد، تا کۆتایی سەدەی هەژدەم تەنیا زمانی قسەکردنی بووە و ئەدەبیاتی خۆی




پێ نەنووسیوە، ڕۆژهەڵاتناس و گەریدەکان هاتوونەتە کوردستان و بەرهەمی زارەکی و ئەدەبی میللی کوردیان تۆمارکردووە و نووسیوە و فەرهەنگیان بۆ کورد داناوە و دەستنووسەکانیان لە نامەخانەکانی ئەورووپا و دنیا پاراستووە.

میللەتانی دەوروبەرمان وەکوو عارەب و تورک و فارس، بەهۆی ئایین و حوکمڕانییەوە زمانییان لە پارچەکانی کوردستاندا باڵادەست و زمانی ئەدەب بوو. کوردیش هەرچەندە دەیتوانی بە زمانی خۆی بئاخڤێ، بەڵام جگە لە شیعر نووسین، کە ئەویش ئاسانتر دەستاو دەستی دەکرد و ئەزبەر دەکرا، دەنا بەهۆی بارودۆخی بەسەریدا سەپێنراوی نەیدەتوانی ئەدەبیاتی بە پەخشان نووسراو بڵاوبکاتەوە، ئەوەی هەشبووە و





لەناو حوجرە و پەناگەکاندا ماوەتەوە، یانیش ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە بیانییەکان لە نامەخانەکانی ڕووسی و ئەمریکی و ئەورووپی پاراستوویانە، دواییش وەکوو ئەرشیف بۆ کورد بوونەتەوە سەرچاوەی نووسین.

بێگومان لەبەر ئەم هەموو هۆکارانەی،کە نووسەرە دیارەکانی کورد باسی دەکەن، کورد تا پەیدابوونی نووسین بە کوردی و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردی، نەیتوانیوە وەک میللەتانی دنیا لە بواری پەخشان و چیرۆکدا تۆماری خۆی بکات. کورد لە تۆماری خۆیدا بۆ پەخشان و چیرۆکی کوردی لە چاو میللەتانی سەردەستە و جیران دوادەکەوێ، دواتر وردە وردە تۆماری خۆی دەکات و لە ئەدەبی زارەکی دەترازێ و لە ڕووی هونەرییەوە پێش دەکەوێ و لە جاران زیاتر نووسەرانی بە زمانی زگماکی خۆیان دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە، ئەگەرچی لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستاندا هێشتاکە ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانیان بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی دەنووسن، لێ لەگەڵ ئەمەش هەوڵی نووسینی ژمارەیەکی تریش جگە لەوانە بەردەوامە و لە جارانیش زیاترە و مکوڕن، کە بە زمانی کوردی بنووسن،

ئەمەش بۆ داهاتووی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بە گشتی مژدە بەخشە.

ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی،کە پەیدا بووە بووەتە هۆی هەم تۆماری ئەدەبی بۆ نووسەرانی کورد و هەمیش بووەتە پەرەسەندنی ئەدەبیاتی نووسراو و لە ئەدەبیاتی زارەکیدا ڕزگاری کردووە،بۆیە لەگەڵ پێشکەوتن و زیادبوونی گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی، لە هەموو لایەکی کوردستاندا ئەدەبیاتی نووسراو بە پەخشان جێی خۆی کردۆتەوە و ئەوەی جاران چیرۆک و ڕۆمانیش هەر دەتوانرا بە شیعر بنووسرێ و زوو بڵاوببێتەوە، ئەم دەرفەتەی بۆ بڵاوکردنەوەی ژانرەکانی وەک چیرۆک و بابەتی ئەدەبی و ڕەخنە و وتار و ڕۆمان و هەموو جۆرەکانی ئەدەبی کوردی تۆماری خۆیان دەستپێکرد و وردە وردەش لەگەڵ پەرەسەندن و زیادبوونی ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان تەشەنەی کرد و بوو بە تۆماری گرنگی ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکان. چیرۆکی کوردیش، بەتایبەتی چیرۆکی نووسراو بە پەخشان زیاتر لای لێ کرایەوە و بە گوێرەی کات و شوێنی دەرچوون و سیاسەتی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و دەستەی نووسەران و پەیام و جۆری ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە، کەم تا زۆر لە هەموو لایەکی کوردستان بوو بە خەمی بڵاوکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان، بەتایبەتیش چیرۆکی کوردی، کە مەبەستی باسکردنمانە.یەکێک لەم گۆڤارانەی، کە بۆ یەکەم جار چیرۆکی کوردی تێدا بڵاوکرابێتەوە، گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ە، کە لە ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەنبۆڵ دەرچووە و چوار ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە.ئەم گۆڤارە بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و کرمانجی ژۆرین، یان کوردیی ناوەڕاست وتار و بابەتی ئەدەبی و چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە. یەکەم چیرۆکی بڵاوکراوەی کوردیی بە پەخشان نووسراویش، چیرۆکەکەی (فوئاد تەمۆ)یە،کە ناوی چیرۆکەکە نەنووسراوە، تەنیا لە جیاتی ناونیشانەکەی نووسراوە (چیرۆک) و بە دوو بەش لە ژمارە (١) و (٢)ی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

لە ژمارە (٣)یشدا کورتیلە چیرۆکی (کندو)، یان (گوندۆ)، بە ناونیشانی (چیرۆکی کرمانجا)، بڵاوکراوەتەوە. هەرچەندە هیچ پۆلین و ژانری لەسەر نەنووسراوە، بەڵام من بە یەکەم کورتیلەچیرۆکی کوردیم داناوە.




بێگومان لە باشووری کوردستاندا، نابێ ڕۆڵی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، کوردستانی عێراقە و دەسەڵاتدارێتی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٠ لە سلێمانی دەریدەکرد، لەبیر بکەین.ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، تۆماری گرنگی چیرۆکی کوردی بووە. مێجەرسۆن لە ساڵی ١٩٢٠دا بە مەبەستی هاندانی نووسەرانی کورد بۆ نووسین بە زمانێکی پەتی و ڕەوان و پاراو، گرەوێکی لە ڕۆژنامەکە ڕێکخستووە، لە ئەنجامدا شێخ نوری شێخ ساڵح بە شیعری (جووت و گا شتێکی چاکە)، پاداشتی یەکەم و مستەفا سائیب بە پەخشانی (بۆ چرووک)، دووەم و جەمیل سائیب بە پەخشانی (ڕۆژەوە بوونێک)، خەڵاتی سێیەمی بردووە.ئەم دوو بابەتەی مستەفا سائیب و جەمیل سائیب بە ناوی پەخشان تۆمار کراون،بەڵام هەردوو دەقەکە کورتە چیرۆکن. تەنانەت ئەوەی جەمیل سائیب بڵاوبوونەوەی دەکەوێتە پێش لە (خەوما)کەی،کە من ئەوم لە کتێبی خۆمدا (ڕۆمانی کوردی، بە نۆڤلێتم داناوە. ئەم چیرۆکەشی، کە خەڵاتی سێیەمی گرەوی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی وەرگرتووە (ڕۆژەوەبوونێک)، لە کتێبێکی خۆمدا بە ناونیشانی (کاروانی چیرۆکی کوردی)، کە لە (دەزگای موکریانی)یە و هێشتا چاپ نەبووە، بە پشت بەستن بەڕای د. عەبدوڵلا ئاگرین لە کتێبی (چەپکێ خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێکی ئەدەبی)،کە ساڵی ٢٠١٣ لە ئەکادیمیای کوردی چاپ بووە، بە (یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی)مان داناوە، چونکە ڕاستە چیرۆکەکەی فوئاد تەمۆ (١٩١٣) یەکەم تۆمارە، بەڵام لای ئێمە ئەم چیرۆکە (١٩٢٠) یەکەم تۆماری چیرۆکی هونەری کوردییە. یەکەمییان وەک تۆمار یەکەم تۆمارە و دووەمیشیان وەک لایەنی هونەریی یەکەم تۆماری چیرۆکی هونەریی کوردییە.

ئیتر وەک لە پرسیاری بەڕێزتاندا هاتووە، ئەمە مێژووی چیرۆکی کوردی نووسراو بە پەخشانە لە ئەدەبی کوردیداو باسی گەڕانەوە بۆ ڕابردوویشمان کرد،ناشمەوێ لەوە زیاتر بەدواداچوونی بۆ بکەم،چونکە هەر خودی ئەم پرسیارە بۆ وەڵامدانەوەی یەک کتێبی پێویستە،خۆم و توێژەرانی گێڕانەوەناسیی تریش لە ئەدەبی کوردیدا باسی هەموو ئەم هەنگاو و قۆناغانەمان کردووە،کە چیرۆکی کوردی، لە یەکەم تۆمارەوە تا هەنووکە پێیدا ڕۆیشتووە، بۆ زانیاری زیاتریش خوێنەرانی ئازیز دەتوانی بۆ ئەم سەرچاوانە بگەڕێتەوە. بۆ وەڵامی دوا بڕگەی پرسیارەکەشت کە دەپرسی:

ئایا هونەری گێڕانەوە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چ هێز و کاریگەرییەک دەداتە چیرۆک؟

دەڵێم: چ بۆ توێژەر و چ بۆ چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی کورد، گرنگ و پێویستە ڕابردووی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بزانن، چونکە ئەدەبی سەرکەوتوو بێ بنەماو سەرچاوە وەکو ئەم خانووە وایە، کە کاریتە و ئەستووندەک و ڕاگری نەبێت، بێ بناغەیەکی پتەو بینا کرابێ. پێشکەوتن و نوێبوونەوەش گرنگ و پێویست و پیرۆزە، بە مەرجێ تایبەتمەندی چیرۆکی کوردی و کۆمەڵگەی کوردی لەبەر چاو بگیرێت. ئەم گەڕانەوەش بۆ ڕابردوو دەتوانێ ببێتە هێز و کاریگەریی بۆ چیرۆک لەمیانی:

١- بنیادنانی کەسێتییەکان: دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و ئامانجی کەسێتییەکان و باکگراوەندە دەروونییەکانیان.
٢- پەرەپێدانی گرێچن:کە دەتوانرێت وردەکاریی گرنگ و کاریگەر بەدیار بخەن، کە کاریگەری بۆ سەر ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا دەبێت.
٣- دروستکردنی شلەژان و تەشویق: کە لەوانەیە پێشبینی و بۆچوون لای خوێنەر دروستبکات و ببێتە هۆی زیاتر ڕۆچوون بۆ تەشویقی چیرۆکەکە.
٤- قووڵایی سۆزداریی: کە دەتوانێ پەیوەست بوونێکی سۆزداریی لە نێوان خوێنەر و کەسێتییەکاندا دروست بکات.

دەبێ ئەوەش بڵێم، نووسەری هەر ژانرێک، ئەگەر ئاگاداری ئەرشیفی ئەم ژانرە نەبێت کە تیایدا دەنووسێ، دەتوانێ بفڕێ، بەڵام دەبێ چاوەڕوانی بەربوونەوەش بێت.

*** گرنگی زمان لە چیرۆکدا؟ ئایا زمان دەتوانێ چیرۆک لە تەکنیک و شێوازی ئاسایی جاران دەرباز بکات و بەشدار بێت لە نوێکردنەوەی چیرۆکدا؟**

- بوون و زمان لێکتر جیا ناکرێنەوە، (هایدگەر) گوتەنی: (زمان ماڵی بوونمانە، کەواتە ئێمە نیشتەجێی ناو

زمـانین)، بەگـوێرەی ئەم ڕوانیـنە بێـت، کێشـەی زمـان، کێشـەی بـوون و مانـایە، بـۆیە زمـان بەرهەمهێـنەری مانایە .زمـان وەکو پێویستییەکی تەکنیک لە چیرۆک و ڕۆمانـــدا گـــرنگە و ئاســـتی دەق بەدیاردەخات.

تیئـۆریزان و ڕەخنەگرانـی گێڕانەوەناسـی دنیا وایدەبینن، زمان بنچینەی گێـڕانەوە و دەربڕی ئاستی نووسـەرە بـۆ گواسـتنەوەی سـۆز و تـاقیکردنەوە و بیـرو هـزر و گەیانـدنی بە شـێوەیەکی دروسـت و جـوان بە خـــوێنەر، هەروەکـــوو (باختین)دەڵێ:زمـــان ئەم هۆکـــارەیە، لەمیـــانییەوە دەتـــوانین تـــاقیکردنەوە و تێگەیشـــتنمان بـــۆ دنیـــا بگەیەنـــین بە خوێنەر). (نەجیـب مەحفـوز)یش دەڵـێ: (زمـان، ئەم ئـامرازەیە، کە نووسـەر بـۆ دروستکردنی دنیایەکی نوێ بەکاری دێنێ، تـاوەکوو خـوێنەر بگەیەنێـتە ئەم دنیـایە و تیایـدا بژیـت) .لەبەر هەنـدێ زمـان لە چیرۆکـدا گـرنگە، چـونکە ئەم ئەرکانەشـی تێدا دەبینرێت:

١- زمـــان، ئەم ئـــامرازەیە، گوزارشـــت لە کەسـێتییەکانی نـاو چیـرۆک دەکـات، کە لە ڕێگەی دیالۆک و وەسفی نـاوەوەی پـاڵەوان و کەسێتییەکان تێیاندەگەین.

٢- زمـان، لە ڕێـگەی وەسـف و درکپێکـردنەوە، دروســتکردنی کەشــەکانی نــاو چیــرۆک بە دیاردەکەون و دەگەیـنە ئەو کـات و شـوێنەی چیرۆکنووس لەگەڵ خۆی دەمانبات.

٣- زمـان، دەتـوانێ هەسـت و سـۆزی خـوێنەر ببزوێنــێ و کـاریگەریی چیـرۆکەکەی جـوانتر بگەینێتە خوێنەر.

٤- جاری واش هەیە،زمـان شـڵەژان لای خـوێنەر دروسـتدەکات، یـانیش سـوپرایزێک دەخـاتە بەردەم خـوێنەر، هەنـدێک جـاریش بەهـۆی زمانەوە کەشـێکی ئاڵۆزکـاو دروسـت دەکـات، خوێنەر دەخـاتە مەراق و بە دوای کـردنەوەی کۆدو شیفرەکاندا وێڵی دەکات.

**زمان بنچینەی نوێگەرییە لە چیرۆکدا،** چونکە دەتوانرێ بەهۆیەوە جیـاوازتر پەرە بە چیرۆک بدرێ و تەکنیکە نوێکان بکرێنە بنەمای نوێبوونەوە.

تیئـــۆریزان و ڕەخنەگرانـــی بـــواری گێڕانەوەناسـی، وایـدەبینن بەم ڕێگایـانەوە دەتـوانرێ، بەهـۆی زمـانەوە نوێبـۆوە لە چیرۆک و ڕۆماندا بکرێت:

١- نوێبـــوونەوەی شـــێوازی نووســـین. بەهـــۆیەوە چیرۆکنـــووس دەتـــوانێ بە زمـــانێکی نەســـواو و جیاوازتر لە پێش خۆی، دەقێکی تەکانبەخش تـر بەرهەم بێنێ. (جیمس جویس) دەڵێ: (زمان، ئەم ئامرازەیە، کە نووسەر بۆ دروستکردنی شێوازێکی نـاوازە و جیـاواز بەکـاری دەهێنــێ، بـۆ ئەوەی خـوێنەر والێبکـات لە ڕوانینێکـی نـوێترەوە دنیـا ببینێ).




(ئیتالۆ کالڤینۆ)ش پێیوایە،کە: (زمان، ئەو ئامرازەیە، نووسەر بۆ دروستکردنی دنیا نوێکان بەکاریدەهێنێ، تاکوو وا لە خوێنەر بکات شتەکان لە ڕوانینێکی ترەوە ببینێ). بێگومان ئەمە هەمان تێڕوانینە لەگەڵ ئەوەی جیمس جۆیس کە پێشتر باسم کرد، بەڵام (فولیتا) وایدەبینێ،کە (ئەوە زمانە کە ژیان بە چیرۆک دەبەخشێ و وایلێدەکات بجووڵێتەوە و هەناسە بدات).

ب- یاریکردن بە بنەمای زمانییەوە، ئەمەش لە ڕێگەی: یاریکردن بە وشە، خواستن، هێماکاری، ئیدیۆم، چڕکردنەوەی ڕستە و شیعرییەتی نووسین، تاوەکوو چیرۆکەکە قووڵتر بێت و لە چیرۆکی ئاسایی دوورکەوێتەوە. (گاستۆن باشلار)،دەڵێ: (زمانی شیعرییە، کە واقیع دروست دەکات، نەوەک پێچەوانەکەی).

ج- لادان لە گێڕانەوەی ئاسایی جاران و پەیڕەوکردنی جیاوازتر لە گێڕانەوەدا. (بۆرخیس)) لەمبارەوە دەڵێ: ((ئەوە زمانە ڕێگامان بۆ خۆش دەکات تا دنیای نوێ بنیات بنێین و وامان لێدەکات بە ڕێگایەکی جیاوازترەوە شتەکان ببینین).

(مارگرێت ئاتوود)یش پێی وایە،کە (زمان، ئەو ئامرازەیە، کە نووسەر بۆ دروستکردنی چیرۆکی نوێ و داهێنراوی نوێدا بەکاریدێنێ، تاوەکوو خوێنەر والێبکات بە ڕێگایەکی جیاواز بیر بکاتەوە).

**هەموو ئەم بۆچوونانەش بایخی زمان لە چیرۆکدا بەدیار دەخەن، هەروەهاش ئەم ڕۆڵەی زمان دەنرخێنن بۆ دروستکردن و نووسینی تاقیکردنەوەی گرنگتر و جوانتر و نوێتر.**

*** ئێستا ڕۆمان و چیرۆکی کوردی چۆن دەبینی؟**

**- ئەگەر تەماشای مێژوو و قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی بکەین دەبینین لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، پێ بە پێ، هەنگاو بە هەنگاو، قۆناغ دوای قۆناغ چیرۆکی کوردی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بەرەو پێش چوون ڕۆیشتووە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵانی بەرایی چیرۆکنووسانیان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، هەنووکە لە هەموو شارەکانی ئەوێ ئەنجوومەنیان هەیە و کۆڕی چیرۆک دەبەستن و کتێبی زۆریش چاپ دەکەن، ئەم چاپکراوانە کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمان و توێژینەوە و ڕەخنەی گێڕانەوەشیان تێدایە. بزاڤی چیرۆکنووسین و ڕۆماننووسین بەتایبەتی وەک ئەوان پێی**

دەڵـــێن لە قۆنـــاغی پەڕیـــنەوەدا، دوای ڕووخـانی ڕژێمی شـایەتی ئێـران، سـاڵ بە ساڵ پەرەی سەندووە و مایەی دڵخۆشییە. لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیشـدا وردە وردە نووسین بە کوردی زیـادی کـردووە و وەشانخانەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، وەکوو چۆن لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و خـوارووی کوردستانیشـدا وەشـانخانەکان بەردەوام لە پەرەسـەندن و پێشـکەوتن دان، ئەگەرچـی هێشـتاکە لە بـاکووری کوردســتان زۆر لە چیرۆکنـووس و ڕۆماننووسـانیان هێشـتاکە بە زمـانی تـورکی دەنووسـن و نـاتوانن بە کـــوردی بنووســـن، لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردستانیشدا، هێشتا زۆر لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسـانیان بە فارسـی دەنووسـن، بەڵام لەگەڵ ئەمەش بزاڤـی چیرۆکنووسـین ئاسـۆیەکی گەشـمان نیشـان دەدەن. لای خۆشـــمان لەم چەنـــد ســـاڵەی دوایـــی ژمـــارەیەکی دیـــار و بەرچـــاو لە چیرۆکنووســـانمان ڕوویـــان کـــردە ڕۆماننووسـین و بگـرە ژمـارەی کـۆمەڵە چیرۆکی چاپکراو و نووسینیش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە پاشەکشـە دابـوو، بەڵام هەسـت دەکەم وا خەریـکە ئەمسـاڵ دیـاردەی بە لێشـاوی ڕۆماننووسـین کـپ دەبێـــتەوە و وا خەریـــکە چیرۆکنووســـە دیارەکانمان کۆمەڵە چیرۆک چاپ دەکەن و بەرهەمـی چیرۆکـی نوێیـان لە گۆڤـار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاودەکەنەوە، ئەمەش مـایەی دڵخۆشـییە. تـوێژەر و ڕەخنەرانـی بـــواری گێڕانەوەناســـیش زیـــاتر بـــرەو بە نووســـــینەکانیان دەدەن و زانکۆکـــــانی کوردســـــتانیش بەتـــــایبەتی بەشـــــە ئەدەبییەکان وردتـریش بەشـە کوردییەکـان لە تێز و نامە ئەکادیمییەکانـدا زیـاتر لا لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی دەکەنەوە.

*** ڕەنگدانەوە و کاریگەریی مەرگی ئازیزان و کۆچی گەنجان و بە کۆمەڵ بەجێهێشتنی نیشتمان لە چیرۆکەکانتدا؟**

- نووســـەر وەک هەر تـــاکێکی کـــۆمەڵ، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و نـاتوانێ دوور لە خۆشـــی و ناخۆشـــییەکانی خەڵکـــی وڵاتەکەی بـژی. نـاتوانێ لە نووسـینەکانیدا پەرگیـر بێـت و خـۆی لـێ نەبـان بکـات، هەرچەنـــدە چیرۆکنـــووس و ڕۆمـــاننووس خەمـــی داهێنـــانی خـــۆیەتی، خەمـــی پێشـــکەوتنی هـــونەرییەتی، خەمـــی دەبـــارزبوونییەتی لە کـــۆت و بەنـــدەکانی کـۆمەڵگە، لـێ ئەوپەڕی نوێخـوازیش بێـت کەرەسـتەی خـاوی نووسـینەکانی لەنـاو خەڵکـــــدا هەڵـــــدەهێنجێ، ئەوپەڕی نوێخوازەکـانی دنیـاش، تەنـانەت شـەپۆلی

نوێگەری و دوای نوێگەریش ناتوانێ خەیاڵ و فانتازیـــــایەک دروســــتبکات ژیـــــانی لێـــــدەربێنێ، بیرکـــــردنەوەی مرۆڤــــی لێـدەربێنێ، تەنـانەت چیـرۆک و ڕۆمـانی خەیـــاڵی زانســـتیش بینینـــی ژیـــانە بە جـۆرێکی تـر، یۆتۆبیـایەکە چـی بکـرێ وێنەکـانی ژیـانی لەبەر داناماڵرێـت، بـۆیە وەکوو محەمەد مەولوود (مەم) لە نووسینی تاقیکردنەوەی خۆیدا دەڵـێ (چیرۆکنـووس شـاهێدی عەسـری خـۆیەتی). منـیش لەم پێـــودانگەوە، لە چیرۆکەکانمـــدا (مینماڵە چیرۆک،کورتیلە چیـرۆک، کـورتە چیـرۆک، نۆڤلێـــت، ڕۆمـــان)، لە هەمـــوو جـــۆرە چیرۆکەکانمـــدا، پێیەکـــانم بەو خـــاکەوە نووسـاون و لێیهەڵنـاقەنێن،لایەکی فراوانـی بیر و هزرم ڕابـردوو و ئێسـتا و داهـاتوو و ژیانی میللەتەکەمە.

لە کۆچیرۆکی (پەیژەکـــانی تـــاریکی)دا، بایەخم بەلایەنی شێوەو شـێوازو تەکنیکـی چیرۆکەکانـداوە، بەلایەنـــی ناوەرۆکیشـــەوە بـــایەخم بە زۆر بـــابەتی کـــۆمەڵایەتی و سیاسـی و دەروونـی و تەنـانەت خەیـاڵی زانستیشـــداوە. ئەم ڕەنگـــدانەوەی،کە لە پرسیارەکەشـتدا هـاتووە هەمـان شـوێنی بایەخی من بـووە، بـۆ نمـوونە لە چیرۆکـی (ئـــاگری خەیـــاڵ)دا، کە ســـاڵی (١٩٩٩)) نووســـیومەو پێشـــکەش بە د.عـــادل گەرمیانیم کـردووە، باسـی کارەسـاتی مـاڵ سووتاندنی د.عادلم کردووە،کە بە دەسـتی ئـــامۆزایەکی خـــۆی دوای ئەوەی شـــەو لە ماڵیان بووە لەبەر ڕقێکی پێشتر ماڵەکەی دکتـــۆر عـــادلی ئـــاگر تێـــبەرداوەو بە خێـزانەکەیەوە دوو کەسـی کـردە قوربـانی ڕق و ئاگر. بۆ کۆچی گەنجان و بە کۆمەڵ بەجێهێشتنی نیشتمانیش لە چیرۆکەکانمـدا ڕەنگدانەوەی زۆریان هەبووە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (کەفی دەریا)دا خەمـی کـۆچی بە لێشـاوی گەنجـان و خەڵکـی وڵاتەکەم، کە زۆریشیان بوونە خۆراکی قرشـەکانی دەریـا زۆر بە ژانەوە ئەم تراژیدیایەم مەزراندووە، لە چیرۆکی (ویسـتم چیرۆکێـک بنووسـم)دا هەمـــان ژانـــی جێهێشـــتنی وڵات بەرۆکـــی گرتـــووم. لە کـــورتیلە چیرۆکەکانیشـــمدا، کە (١٠٠) کـــــورتیلەچیرۆکن، لە (ئـــــاوێنە ژمارە١٧) و(دوا ژمارە) و(ئێـرەو ئەوێ) و (بینین)و (پرسـیار) و(سـەفەر))دا خەمـی کـــۆچی کـــورد بـــۆ هەنـــدەران هەر بە کـۆڵمەوەیە. لە کـورتەچیرۆکی (دیـواری هەشتەم) و کورتیلە چیرۆکەکـانی (ئـاوێنە ٣) و(ئاوێنە ٤) و(تابلۆیەک) و(پەنـجەرە) و هی تریشدا باسی:جینۆسایدکردنی کـورد و خـــاپووركردنی دێکـــانی کوردســـتان و

کیمیابـارنی کـورد و شـەهید و خەمەکـانی مرۆڤـی سـتەمدیدەی کـوردم کـردووە. لە کــــورتە چیرۆکی (خۆزیــــا) و کــــورتیلە چیرۆکی (پرســـیار) و هـــی دیکەشـــدا لە خەمـــی نەتەوەیـــی تەعریبـــی کوردســـتان دواوم.لە رۆمانەکانیشمدا بە هەمان شێوە، کەم تا زۆر قەتماغەی ئەو برینانەی مرۆڤی کـوردم هەڵقەنانـدووەو کـێم و زوخـاوی جەستەی ئەنفال و براکوژی و جینۆساید و کـۆچ و زینـدان و زۆر بـابەتی تراژیـدی کـوردم بـۆ خـوێنەرانم بـاس کـردووەو بە شێوەیەکی هونەری بەشداری ئەو خەمـانە بوومە.

*** نیشتمان لە کوێی چیرۆکەکانی خۆتـا دەبینی؟**

- نە، مـــن لە نیشـــتیمان دەتـــۆرێم، نە نیشـتمانیش لە هـزر و بیـری منـدا بـار دەکـــات،بەڵکو بەشـــێکە بە ڕۆحـــمەوە نووساوەو لێی جیانـابمەوە،بۆیە ئەگەر لای هەندێک هەڵپەرستی نیشتمان بەرژەوەنـدی بەسـەر نیشـتماندا خۆشەویسـتییان بـۆی کـــاڵبووبێتەوە، ئەوا مـــن لە چیـــرۆک و رۆمانەکانمدا لام لێیکردۆتەوە و ڕووبەرێکی فراوانی تەنیوە. خەمەکانی نیشتمان، کۆچ و کۆڕەو و ئەنفال و کیمیاباران و براکوژی و گرانـــی و قـــاتوقڕی و گەنـــدەلی و جینۆسـاید و هەمـوو پرسـێکی، هەمـوو تێـداژیانێکی، هەمـوو ژان و ئازارەکـانی مرۆڤی کورد و ستەم لە هەر کوێیەک، کە هەستی پێدەکات، گیـانی منـیش لەوێیە و لە ناو هەموو تراژیدیایەکی کورد و مرۆڤـی وڵاتەکەمـدا دۆنایـدۆن دەبـم و دوایـیش لە بەرهەمەکانمـدا هونەرییـانە، دەیـکەمەوە نووسـین و دەمەوێ هەمـوو دنیـاش لەم تراژیـدیاو ئـێش و ئـازارانە بگـات. خەمـی گەورەی مـــن ئـــازادی و سەربەســـتی نیشـتمانەکەمە، کە کوردسـتانە و لەنـاو هەموو خەون و خولیاو خەیـاڵ و تەنـانەت دیـــمەنە فانتازیـــا ئامێزەکانیشـــمدا لە مینیمـــاڵە چیـــرۆک و کـــورتیلەچیرۆک و کـورتەچیرۆک و نۆڤلێـت و رۆمانەکانمـدا، لێـی ڕزگـار نـابم، لەگەڵ ئەمەش خەمـی مرۆڤـایەتیش شانبەشـانی خەم و خولیـاو سەربەسـتی و ئـازادی نیشـتمان، تـێکەڵ هەســـتی مرۆڤبـــوون و مرۆڤـــایەتی و ڕزگـاربوونی هەمـوو کـۆیلەو چەوسـاوەو ئـازادیخوازانی دنیـا بـوومەوە، لە کـوێ چەوسانەوە و ناعەدالەتی و ڕەگەزپەرستی و ئـازار و ئەشـکەنجەو جینۆسـاید و ڕقـی ئەسـتوور هەبێـت بەرانـبەر مـرۆڤ، مـن لەوێم، چیرۆکنووسەکەی هەمووشتزانی نـاو نـاخم هەمیشـە بەرزەفـڕەو لە کـوێی دنیـا

بیەوێت، دەمنووسیێتەوە و دەینووسمەوە. ڕەنگە زۆرجار ئازارەکانی کەسێتییەکانی چیرۆک و ڕۆمانەکانم ئازاریان دابم، بەڵام چارەم نییە ئەگەر نەیاننووسمەوە،چۆن لە خوێنەرانی بگەیەنم، چۆن ئەم ئازارانەیان بۆ بگوازمەوە، گەلێک جارانیش بۆ چارەنووسی تراژیدی کەسێتی ناو ڕۆمان و چیرۆکەکانم دەستەوەستان ماوم، تەنیا بە گریان توانیومە خامۆش ببمەوە، هەندێک جار ئازارەکانی مرۆڤی چەوساوەی میللەتەکەم و دنیاش ئەوەندە بە سوێن، بەڵام دەبێ بیاننووسمەوە، تا لەوانی تر بگەیەنم ئازار چییە، خۆشەویستی خاک و وڵات و نیشتمان چییە!

*** هەست بە ئێش و ئازارەکانی کەسانی ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانت دەکەی؟**

- نووسەر، هەست بەم ئازارانە دەکات، بەڵام دەری نابڕێت، کە یەکێکی تر دەیگێڕێتەوە، یان دەخوێنرێتەوە، یانیش خۆی دوای تەواو بوونی دەقەکەی، بە وردی دەیخوێنێتەوە، ئەم ژان و ئازارە بە جۆرێکی تر دەبینێ، بۆ نموونە کاتێ ڕۆمانی شمشێری مووسام نووسی و بڵاوکردەوە، دووجار چاپمکردەوە و دوای چاپیش دەمخوێندەوە، کەچی توانیبووم بەسەر هەستی خۆمدا زاڵ بم و تێپەڕی، بەڵام کە برای بەڕێزم هەمزە هەڵاڵان بە ئەلقە ڕۆمانەکەی خوێندەوە و وردە وردە بڵاوم کردەوە، لەو ئەلقەی، کە دەستی ڕەشی دڕەندەکان دەگاتە ئیسحاق مۆشێ و مامۆستا یۆنانی برای دەکوژن، هەروەها لەم ئەلقەشدا کە یونای جوو بۆ لێسەندنی خۆشەویستەکەی بەدەستی کوڕی ئاغا دەکوژرێ، هەردووجار بە سەعات گریام و ئەو ڕۆژە دەستم نووسین و خوێندنەوەی نەگرت و دەمگوت: خۆزیا نەمکوشتبان، بەڵام کار لە کار ترازا بوو ئەو شەوە هەموو کەسێتییە زوڵم لێکراوەکانی ڕۆمانەکەم هاتنە ناو خەونەکانم، تا بەیانی گەوزە گەوزم بوو و نارەحەت بووم، دوایی بەیانی هەر خۆم دڵی خۆم داوە و گوتم: ئەوە قەدەری نووسینە و تراژیدیاش هەر دەبێ بنووسرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش دڵخۆش بووم کە زانیم ڕۆمانەکە جێی دڵخۆشی خوێنەران و بینەرانی کتێبەکە و فێسبووکە. من پێم وایە ئەم هەستە، ئاوێتە بوونی نووسەرە لەگەڵ کەسێتی چیرۆک و ڕۆمانەکانی و هەر ئەم پێوەندییەشە دەق بە نەمری دەهێڵێتەوە. بۆیە من لەگەڵ کەسێتییەکانی چیرۆک و ڕۆمانەکانم بوومەتە هاوڕێ و لێیان دانابڕێم، لەگەڵ خەمەکانیان خەمبار دەبم،

لەگەڵ شـــــادی و خۆشیشــــــیان هەڵەکەسەمامە و دڵخۆش دەبم.

*** مەرجەکانی نووسینی چیرۆکی باش لای بەڕێزت چییە؟**

**- بۆ نووسینی چیرۆکێکی باش، چەندان مەرج هەن، دەبێ پێڕەوی بکرێت، وەکو:**

١- پێویستە سەرەتایەکی بەهێز و سەرنج ڕاکێش و پڕ لە تەشویق بکرێتە دەستپێک بۆ ئەوەی خوێنەر لە خوێندنەوەیدا بەردەوام بێت و واز لە خوێندنەوەی نەهێنی. سەرەتای چیرۆک دەتوانرێ وروژێنەر بێت، یانیش ئاڵۆز بێت، یانیش ڕەگەزێکی بەهێزی سەرنجڕاکێشی تێدابێت.

٢- کەسێتییە واقیعییەکان، وا پێویست دەکات، کە فرە ڕەهەند و پاڵنەری ڕوونییان هەبێت. پێویستە لەگەڵ پەرەسەندنی چیرۆکەکەشدا، بگۆڕێن و پەرەیان پێبدرێت.

٣- گرێچنی چیرۆکەکە پێویستە لۆجیکی و لەگەڵ سێیانەی(سەرەتا، گرێچن، کۆتایی)دا پێکەوە گونجاو و تەواوکەری یەکتر بن. ئەگەرچی لە چیرۆکی نوێدا ئەم سێیانییەی، کە پێیدەڵێن سێیانەی مۆپاسانی، وەک جاران پەیڕەو ناکرێ و چیرۆکنووسی نوێخواز پێیانەوە پابەند نابێت، وەک ئەوەی جاران لە چیرۆکی ئاسایی جاراندا، مەرج و گرنگ بوو.

٤- پێویستە وەسف پڕ لە وردەکاری و کاریگەر بێت، لە هەمان کاتیشدا یارمەتیدەری دروستکردنی کەشی جوان و بەرەو(سیاق)ی چیرۆکەکە بێت. ئەوەی گرنگیشە لەم زەمەنی خێراییەی ئێستا و پەرەسەندنی چیرۆک و بۆ نوێکاری لە چیرۆکدا، دەبێ وەسف درێژدار و دووبارەبوونەوەی بێزارکەری تێدانەبێت، بەڵکو کورت و کاریگەر بێت.

٥- دیالۆگ پێویستە ئاسایی و واقیعی بێت و گوزارشت لە ئاست و بیرکردنەوەی کەسێتییەکانی ناو چیرۆک بکات، هەمدیس هەست و سۆز و پاڵنەرەکانی ئەو کەسێتییانە بەدیار بخات.

٦- ئەگەر چیرۆکەکە وەک شێوەی ئاسایی جاران کۆتایی هەبوو، پێویستە کۆتاییەکەی پەسند و جێی ڕەزامەندی خوێنەر بێت، بەڵام ئەگەر چیرۆکی نوێ بێت، کە نووسەر بە کۆتایی پابەند نابێت، ئەویش پێویستە بە شێوەیەکی هونەریی جوان و سەرنجڕاکێش کۆتاییەکەی بۆ خوێنەری زیرەک و بەشدار جێبهێڵرێت، کە خوێنەرەکە خۆی حەز بکات لە مێشکی خۆیدا کۆتایی بۆ دابنێت، یانیش ئەو خۆی چۆن لەلای چیرۆکنووس جێهێڵراوە، بە هەڵپەسێردراوی بیهێڵێتەوە.

٧- پێویستە شێوازی چیرۆکەکە ناوازە و جیاواز بێت و دەربڕی ڕوانینی جوانی نووسەرەکەی بێت. هەمدیس شێوازی چیرۆک پێویستە لەگەڵ ئاستی چیرۆکەکە و تێمەکەیدا گونجاو بێت، بشزانێت چۆن خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات.

٨- پێویستە چیرۆکەکە هەڵەی چاپ و هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی ڕێنووسی تێدا نەبێت، چونکە کار لە جوانی و گرنگی دەقەکە دەکات و ناوی چیرۆکنووسەکە لەکەدار دەکات.

٩- بابەت و تیمەی چیرۆک پێویستە قووڵ و گرنگ و شوێنی پەسندی خوێنەر بێت، هەروەها بتوانێ بیرکردنەوەی خوێنەر بوروژێنێ، بۆیە هەڵبژاردنی تیمە و بابەت نابێ نامۆ و نالۆجیکی و بێ مانا بێت، بەڵکو ئەگەر نوێش بێت، پێویستە وەها بن،کە لای خوێنەر وەرگیراو بێت و هەست بەوە بکات بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە چێژمەند و سوودمەندە.

*** هەندێک ڕەخنەگر پێیان وایە وەسف لە چیرۆک و ڕۆماندا درێژدادڕی و زیادەیە، بە بیانووی ئەوەی خوێنەر بێزار دەکات. تۆ چی دەڵێی؟**

- وەسف وەک ڕەگەزێکی گرنگی تەکنیک لە چیرۆکدا، پەیڕەوی دەکرێت، بوونیشی پێویست و زیادە نییەو بەشدارە لە گێڕانەوەدا، هەمدیس خێرایی گێڕانەوە هێور دەکاتەوە. لەبەر ئەوەیە ((باختین)) وایدەبینێ، کە وەسف بەشێکی دانەبڕاوە لە گێڕانەوەدا، بە شێوەیەک کە بەشدار دەبێت لە بنیادنانی دنیای چیرۆکەکە و دەستنیشانکردنی ناسنامەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کەسێتییەکان (غیلیان)یش تەئکید لە بایەخی وەسف دەکات لە دروستکردنی کەشی چیرۆکەکە و دەستنیشانکردنی میزاجی گشتی، کە ئەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ڕووچوونە ناو چیرۆکەکە. هەمدیس وەسف ئامرازێکە بۆ پەرەسەندنی کەسێتییەکانی ناو چیرۆک. بۆ نموونە (ئای. تی. هۆفمان) وایدەبینێ،کە دەکرێ وەسف ببێتە ئامرازێکی بەهێزی پەرەسەندنی کەسێتییەکان لە گێڕانەوەدا، بە شێوەیەک لەمیانیدا دەتوانرێ سیمای کەسێتییەکان و هۆکارە پاڵنەرەکانییان بدۆزرێتەوە. هەروەها (هێنری جێمس)یش تەئکید لەسەر گرنگی وەسف دەکات لە دروستکردنی کەسێتییە ئاڵۆز و فرە ڕەهەندەکاندا. بە جۆرێک کە وەسف دەتوانێ لایەنە شاردراوەکانی کەسێتییەکان بەدیار بخات. لایەنێکی تری (وەسف) یش ئەوەیە، کە دەتوانین بڵێین هۆکارێکە بۆ دروستکردنی شڵەژان و دڵەڕاوکێ و تەشویق. (ئەدگار ئالان پۆ)) وایدەبینێ، وەسف دەتوانرێ ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی پڕ لە شڵەژان و تەشویق، بەو شێوەی، وەسف دەتوانێ پێشوەختەزانین، یان پێشبینی لای خوێنەر دروستبکات و تینووی ئەوەبێت هێشتا زیاتر بزانێ. هەمدیس (ستیڤن کینج))یش تەئکید لەسەر گرنگی وەسف دەکات بۆ دروستکردنی کەشێکی پڕ لە ترس و تەشویق، بە جۆرێک، کە وەسف دەتوانێ بارودۆخێکی

پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ لای خوێنەر بخولقێنێ.وەڵامی ئەم بۆچوونانەی ڕەخنەگرانیش، کە وەسف بە گرنگ نازانن و پێیان زیادەیە و پێویست نییە لە چیرۆک و ڕۆمان لای من ئەوەیە، کە:

١- وەسف درێژدادڕی نییە، دەشتوانین بە شێوەیەکی تر بڵێین ئەگەر هاتوو وەسف ئەرکێکی دیاریکراوی هەبێت لە چیرۆک و ڕۆماندا، وەکو لە نموونەکانی پێشتر لە بابەتی پەرەسەندنی کەسێتییەکان و دروستکردنی کەش و بارودۆخێکی پێویست لە گێڕانەوەدا باسمکرد، ئەوا ئامانجی بەردەوامی گێڕانەوەکە دێنێتەدی و بەهیچ شێوەیەک ناتوانین بە درێژدادڕی و زیادە و ناپێویست و بە بیانووی ئەوەی، لای ئەوانە گوایە (مۆدیلی چیرۆکی نوێیە و باوی نەماوە!)، ئەو بۆچوونەیان لێوەرگرین، چونکە چیرۆکی نوێخوازی و پاش نوێخوازیش بایی خۆی وەسفی تێدایە، گێڕانەوەی بێ وەسفیش خاسییەتی هەواڵیی بە دەق دەبەخشێ و وشک و برنگی بۆ دەق دروست دەکات و چێژی خوێندنەوە دەگۆڕێ.

٢- دەتوانین ئەمەش بڵێین،وەسف لە چیرۆک و ڕۆمان و تەنانەت نووسینی بیرەوەریشدا پشت بە بەرڕەو (سیاق)ی دەقەکە دەبەستێ کە تێیدا دەبینرێ، چونکە لە هەندێک جاردا لەوانەیە پێویست بێت، ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی وردەکاریی گرنگی ناو چیرۆک، یان ڕۆمانەکە. هەمدیس وەسف گرنگیشە بۆ هێورکردنەوەی خێرایی گێڕانەوە، تا وردە وردە خوێنەر بخاتە ناو وردەکارییە گرنگەکانی وەک: دەرخستنی ناخ و حاڵەتەکانی دەروونی و هۆکارە شاردراوەکانی پشت جووڵەی کەسێتییەکان.

لەبەر هەندێ من پێچەوانەی ئەو ڕایانەم و وەسف بە گرنگ و پێویست دەزانم لە چیرۆک و ڕۆماندا.

لە دنیادا ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی زۆرمان هەن پشت بە وەسفی زۆر دەبەستن لە بەرهەمەکانیاندا بۆ نموونە:مارسێل پرۆست، جۆرج ئۆرویل، فرانز کافکا، نەجیب مەحفوز، یەشار کەمال، مەحموود دەوڵەت ئابادی... زۆری تریش، لە ئەدەبی کوردیشماندا نموونەمان زۆرە، ناکرێ لێرە باسی یەکە یەکەیان بکەین، بێگومان ئەگەر وەسف لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانە دەربێنین، ڕۆمان و چیرۆکەکانیان وەک لاشەیەکی بێ گیان دەمێننەوە. گرنگی و بایەخی وەسف، هەر تەنێ لە بەرهەمی ئەدەبیدا، نا بەڵکو لە فەلسەفە و زانستی تریشدا جێی مەبەستی نووسەرانی ئەم بوارانەش بووە، بۆ نموونە لە فەلسەفەدا، (گاستۆن باشلار)ی فەیلەسووفی بەناوبانگی فەرەنسی، بەوە بەناوبانگ بوو، کە وەسفی پڕ وردەکاری کردووە بۆ تاقیکردنەوە مرۆییەکان و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دنیا، دیارترین بەرهەمەکانیشی لەم بوارەدا کتێبی (فەلسەفەی وەسف)ەکەیەتی، کە

باسی بایەخ و ئەرکی وەسف دەکات لە تێگەیشتن بۆ تاقیکردنەوە مرۆییەکاندا.

بێگومان هەموو ئەو ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە بەناوبانگانەی دنیا و وڵاتانی دەوروبەر و لای خۆشمان لە بەرهەمەکانیدا، بۆ دروستکردنی دنیا خەیاڵییەکەیان و ڕوانینییان بۆ دنیا پشتیان بە وەسف بەستووە.

*** لە دەستپێکی نووسیندا کاریگەری کامە چیرۆکنووست لەسەر بووە؟**

- لە چیرۆکنووسە جیهانییەکان ( (ئەلبیر کامۆ و هەمەنگوای و ئەدگار ئالان پۆ و کافکاو کولن ولسن و کازانتزاکی و ئۆریانا ڤالاچی و کۆتسانتین گۆرگیۆ). زیاتر بەرهەمی ئەوانەم دەخوێندەوە، دوایش خزامە ناو دنیای هێرمان هیسەو ئۆرویل و جیمس جویس و فرجینیا وولف و ساغان، دوایش بۆ ئەدەبیاتی ڕۆمانی ڕیالیزمی سیحری: مارکیز و یۆساو بۆرخیس و هی دیکەیش. ئەمانە وەکو شێواز نا بەڵکو توانای نووسینی چیرۆک و رۆمانییان لا خۆشەویستتر کردم و زەخیرەیەکی ڕۆشنبیرییان خستەسەر خەرمانی بیرکردنەوەم.

لە عەرەبانیشدا سەرەتا کاریگەری زەکەریا تامر و نەجیب مەحفوز و حەنا مینە و جەلیل قەیسی و محەمەد خزەیر و عەبدولستار ناسرم لەسەر بوو، تەنانەت لە چیرۆکێکمدا بە ناونیشانی (مناڵەکان فێری خۆشەویستی دەبن)، لە ژێر ناونیشانی چیرۆکەکەدا بە گەورەیی نووسیومە: (لەسەر شێوەی چیرۆکەکانی چیرۆکنووسی عەرەب زەکەیا تامر نووسراوە). لای خۆشمان لە چیرۆکی کوردیدا لە سەرەتاکانی نووسینمدا لاسایی محەمەد مەولوود (مەم) و حوسێن عارف و محەمەد فەریق حەسەن و لەتیف حامید بەرزنجیم دەکردەوە، دوایی وردە وردە پەرەم بە خۆمدا و بووم بە دەنگ و ڕەنگی خۆم.

*** بۆ قەڵەمی ژن و پیاو لەبواری ئەدەبدا بەگشتی چی دەڵێن؟**

- من بڕوام بە جیاکردنەوەی ئەدەبی ژن و پیاو نییە، ئەدەب هەر ئەدەبە، چ ژن بینووسێ و چ پیاو. کاتێ ڕۆمانەکانی: فرجینیا وۆلف، فرانسوا ساگان، ئۆریانا ڤالاچی، ئەلیف شەفەق و لای خۆشمان: ئەحلام مەنسوور، شیرین. ک، مهاباد قەرەداغی، بوشرا کەسنەزانی، بەیان سەلمان، تارا شێخ عوسمان، پەری خەیلانی... تاد دەخوێنمەوە، وەکو ئەدەب دەیانخوێنمەوە، بیر لەوە ناکەمەوە، ئاخۆ

ژن، یان پیاوێک نووسیویەتی، بەڵکو لای مـن بەهێـزی و جـوانی دەقەکە سـەنگی مەحەکە. بابەتی فێمینزمیش بۆ سیاسـەت و لایەنی کۆمەڵایەتی بە کەڵک دێت، نـابێ بچێتە نـاو چیـرۆک و بکـرێنە دوو ئەدەب: هی ژن و هی پیاو.

*** نووسینی کامیان بۆ بەڕێزتان ئاسانترە، چیرۆکی وەرگێڕدراو، یان خۆماڵی، یانیش ڕۆمان؟**

- هیچ نووسـینێک ئاسـان نیـیە، بەڵکو لە هەر بوارێکـــدا بێـــت، چ نووســـین و چ وەرگێڕان، پێویستی بە توانا و ئامادەکاری و سـەلیقەی نووسـینەوە هەیە. لای مـن نووسـین پرۆسـەیەکی گـرنگە و نـاتوانم بەسـەر پێیـی بینووسـم، چـونکە زۆربەی کتێبەکـانم تـوێژینەوەن و ئەکادیمییـانە نووسیومە، بۆیە پێویستی بە سەرچاوە و ژێـــــدەری زۆر هەیە، پێویســـــتی بە بەدواداچوون و خوێندنەوە و ئاگاداربوونی بەردەوام هەیە، بـۆیە پێیـانەوە مانـدووم و دواجاریش ئەم کتێبانەم لەبەر پێویستییان لە کتێبخـانەی کوردیـدا، بـوونەتە جێـی متمـــانەی قوتابیـــان و مامۆســـتایان و پســـپۆڕانی گێڕانەوەناســـیی کـــوردی، بەتـــایبەتیش قوتابیـــانی کۆلێژەکـــانی ئەدەبیـــات و زمـــان لە زانکۆکـــانی کوردستاندا. بۆیە،من وایـدەبینم،کە هەمـوو نووسینێکی جیـدی، لە هەر ژانرێـک بێـت، ئاسان نیـیە و مانـدوو بـوونی دەوێ، بەڵام ئەوەی مەعلان بێت بە باسکە مەلەش بیت دەتـوانێ لەم دەریـا قـووڵە مەلە بکـات و بپەڕێتەوە.

*** بەرهەمە چاپکراوەکانـت چەنـدەو لە چ بوارێکدان؟**

- تـــا ئەو کـــاتەی وەڵامـــی ئەم دیمـــانە دەدەمەوە (٢٥) کتێبی چاپکراوم هەیە، لە بوارەکـانی: چیـرۆک، ڕۆمـان، نۆڤلێـت، وەرگێڕان، توێژینەوەی ئەدەبـی، ڕەخـنە و تـــوێژینەوە لە بـــواری گێڕانەوەناســـی، بابەتەکانی: یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، بیبلیۆگرافیا، ئینسکلۆپیدیا ... تاد.

هەنـــدێک لەم کتێبـــانە لە دەزگـــای چاپەمەنییەکـان چـاپکراون، هەندێکیشـیان لەسـەر حسـابی خـۆم چـاپم کـردوون، ئێسـتاکە زۆربەی ئەم کتێـبە چـاپکراوانەم نە لای خـــۆم، نە لە کتێبخانەکـــانیش نەمـــاون، خـــوێنەری زۆریـــش داوای چـــاپکردنەوەم لێـــدەکەن، بەتـــایبەتی قوتابیانی بەشە کوردییەکـانی کۆلێژەکـانی ئـاداب و زمـانی زانکۆکـانی کوردسـتان. چەند کتێبێکیشم لەوانە بوونەتە پرۆگرامـی خوێندن لە بەشە کوردییەکانی کۆلێژەکانی

ئاداب و زمانی زانکۆکانی کوردستان. هەندێکیانم لە جارێک زیاتر چاپ کردوونەتەوە، بەڵام هەمدیس نەماون، خۆشبەختانە چەند کتێبێکم لەلایەن چەند هاوڕێیەکمەوە بە PDF لە چەند سایت و ماڵپەڕی کوردی دانراون.

*** پڕۆژەی داهاتووت چییە؟**

- پڕۆژەم زۆرن، کتێبێکی گرنگم ساڵێک زیاترە لە دەزگای موکریانییە بە ناونیشانی (کاروانی چیرۆکی کوردی)، ئامادەی چاپە، بۆ قوتابیانی بەشە کوردییەکانی کۆلیژەکانی ئاداب و زمانی زانکۆکانی کوردستان دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ، داخەکەم لەبەر قەبارەی کتێبەکە، کە کردوویانە بە دوو بەرگ، بریتییە لە هەزار لاپەڕە، بۆیە لە چاپکردن دواکەوتوون. لەم کتێبەدا زیاتر لە (٦٠٠)سەرچاوە بەکارهاتووە و بە شێوەی ئەکادیمی بە سیستەمی شیکاگۆ نووسراوە.

کتێبێکی تریشم هەیە وا کاری لەسەر دەکەم و لە نووسینی تەواو نەبووومە، ئەویش هەر بۆ قوتابیانی بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی کوردستان نووسیومە و پڕ لە زانیارییە لە بارەی توخم و پێکهاتە و تەکنیکەکانی هونەری چیرۆک بەگشتی، ناویشم لەم کتێبە ناوە (تێگەیشتن لە چیرۆک)، کە سوودم زیاتر لە (٦٥٠) سەرچاوە، بە زمانی کوردی و عەرەبی وەرگرتووە. لە قۆناغەکانی کۆتایی نووسینیم. چەند پڕۆژەیەکی تریشم هەیە، یەکەمیان: ئەوەیە کە کتێبەکانم لە کتێبخانەکاندا نەماون زۆریش لەلایەن خوێنەر و قوتابیان و مامۆستاکانەوە داوام لێدەکرێت، بۆیە خەریکم بیر لەوە دەکەمەوە جارێکی تریش بە دەسکارییەوە چاپیان بکەمەوە. هەندێک پڕۆژەی دیکەشم هەیە لە ناو ئەرشیفەکانمن، دەمەوێ ڕزگاریان بکەم وبیانکەم بە کتێب.دوای تەواوکردنی ئەم پڕۆژانەشم بڕیارم داوە چیتر توێژینەوە و ڕەخنە و بابەتی تر نەنووسم، بەڵکو خەریکی کاری ئەدەبی خۆم دەبم، کە چیرۆک و ڕۆمانە و لەمێژە لێیان دابڕاوم، دەمەوێ خۆم بۆ نووسینی چیرۆک و ڕۆمان تەرخان بکەم، بزانم تا کوێ بڕ دەکەم.

# شەڤ تو تەنایی



## هلبین محەمەد باقر

ئەگەر پنگاڤێت ژیانا من ببنە پەیمان
ل ئاشنایێ ژیانێ
پەنایێ دبم مێرگەساتا خەونێن باژێلە
هەناسەێن تەنگ ژبێدەران راچینم
سیمەرخێن توفانان پێلێن هار دگەل خو برم
جانێ منێ وەستیایی
ل پێلان سوارکرم
پەژراندنا شەڤێن ڤی باژێری
سترانەکا محمد شێخوی ژ بێهنا بارانێ ڤەهینم

تژی پاخلا سترانێ دنالم

ل ناڤ تاخ و چینێن ڤی باژێری بەندەبووم
ل بەختێ خەمان ببوم کویلەکا بەدەو
بیرەوەرێن لێ بوینە ئێش
روندکێت من ڤەستریێن
نالێن لسەر لەشێ ئاخێ دبارن ئاخین
لبەر بەدەنا عەسمانی بکە قوربان
پیروزیان بشکێنە
نە ستێر دبنە پارێزەر
نەهەیڤ جوانیا ئاشتیێ لسەر پشتا تاویان
زیندی دمینن
ژدەست دانا کەلشتێن تاریێ لسەر لەشی
دەربازی شیراڤا خەریبیێ دبن
جوانیا سروشتی لبن کەفشێ خوە لیس دکەت
دوی دەمی دا
گویا زەمینی ژبیرڤەدچوو
دبیردانکا خو یا گەنی دا
ب داڤ و دەلنگێن ژیانێ ددەڤێ تەدا دهات جیتن
دبوو علکەکێ دارچینی
خوزیا من بارانەکا تژی ژیان
دتابلویەکێ وەربکم و فەتسینم
و پاڤێمە سەر روویێ کورەهییێن هیڤیان
هەمی گیانێ من بشوت

دناڤ ئاسویێ بیانی دا بەرزەبووم
دبەرزەبوونێ دا قەیرەبووم
دویێ ناوسکێ دا تامدەمە ماچەکا ژلێڤان
و کەمە پەرتوکەکا نهێنی ل پەستگەهەکا پیروز
ل سەر هەیڤێ داپوشم
سەرێن رێیا تاری بکم
گەرم بکم
بئێش و ئازارێن خوە ێن راهێلە
دەربازی با و ئاگر و ئاڤێ بکم
ل سنورێن هەر چار وەرزێن سالێ
تژی هیڤیێن خوە دشوستەیان دا بەردەم
دابرینن من بکن هەدارا جاران
دباخچەیەکێ بەختەوەریێ داپوشکری
ببم پاکرەوانەک لبەر لێڤێن ئاقاران
ب دەنگێ بلند هەوار بکم
ئەی خودا
من چ تاوان نەکرینە

# کچێک ناوی قوباد جەلیزادەیە

## (بۆ قوباد خۆی)



**گوشاد حەمەسەعید**

کچ ئە و بونەوەرە جوانەی
هیچ بونەوەرێکی لێ جوانتر نییە
گوڵ لە کچ دەچێ
بەهار و پایز ، هاوین و زستان
لە کچ دەچن شەقامی رازاوەو
بالەکۆنی پڕ لە مەرکانەی گوڵ ولاولاو
لە کچ دەچن

***

کانی لە کچ دەچێ
مانگی چوارەو
خشت و پڕ لە کچ دەچێ
هەر شتێک ناسک بێ
لە کچ دەچێ
بەڵام کچ لە خۆی نەبێ
لە هیچ شتێک ناچێ
***
هەر بۆنێکی خۆش هەیە
لە بۆنی کچ دەچێ
بۆنی خاکی دوای باران
بۆنی شیری گەرمی دایک
بۆنی مێخەک هی وەنەوشە
بۆنی نێرگزی بەهاران
بۆنی کافور
هی نیشتمان و نەتەوە
هەموویان بۆنی کیژ دەدەن
بۆ هەمیشە
لەسەر هەموو گڵکۆکان
بۆنی پاکی تریفەی مانگ،
... ئەشکەوتە فێنکەکان دەدا
... تنۆکە هەنگوینی کلۆری دار
.... دلۆڤانی لێ دەگۆڕێتەوە
***
....ت کیژ ئازاری نەتەوەیە
کە کچان ڕادەپەڕن
ئازاد دەبن
چەکوچ و داسی زەحمەتکێشان و
ئاڵا سوورەکەیان
لە کچ نەبێ لە هیچی ناچێ
***
چەند چەلەنگن کچ
لە دەمی تیغی خەنجەر تیژترن
قسە لەمی کچان دەبێتە گەڕۆک
بۆیە سەنگەریش شیرین دەکەن
***
ئەگەر کچێکت رازی کرد
دڵنیابە نیشتمانێک ئازاد دەبێ
هەرچوار پارچەی
وڵاتێکی ورد و خاش
بە یەکدی دە لێرەوە
ئەگەر کچێک دەستی گرتی
میللەتێک سەربەخۆ دەبێ
***
تەنیا کچە بە نیازەوە
لە پردەکەی سیرات
دەمانپەڕێنێتەوە
بۆ دیدەنی خۆامان دەبا
خودای سۆز و خودای گەورەی
خۆشەویستی
لەبەر ئەو هەموو گەورەییە
بە نیشتمان دەڵێن دایک

# تەعتیل دەبم

# لە هەرچی پیاسە و چەترە

**سوهەیلا میهەمی- سنە**



ڕەدووی ئێوارانێک
تەرکی ئەو ژنەی دەکەم
قەیرەیی گومانەکانی ناشواتەوە
دەیدووڕێنم
بە نارنجیترین هەنگاو
نیگام!
لە خاڵێکی ئەم غوربەتە
خۆرێک دەدەم لە کەلی دابڕان و
دان دەنێم
بە دیاسپۆڕای ئاوێنە
درێژتر لە خەمۆکییەکانی خیابان
منێکە لە" بلقێکی شووشەیی"دا
بێ ئێزنی هاوسەرەکەی
لای لێ ناکاتەوە جادەیەک
سوێند بە دێڕە دڵتەنگەکانی "سیلڤیا"

برینێک نەماوە
دووگیانی نەبم
هێژموونی گڵۆفیاوی خەونەکان
دەمرژێنێتە بەر لاساری بونبەستێک ڕا
ڕەدوی هەنگاوە نارنجییەکانیش کەوم
ئەم ئێوارەیە
لە ئاوابوونی زەردەخەنەیەتی
شێوەم دەگۆڕم
خۆم دەدەم لە تخون ئێوارەیەکی درەنگ
تەعتیڵ دەبم لە هەر چی پیاسە و
چەترە
با باران لێم ببووریٚ
من هەورەکان لە چاوما لەنگەریان گرتووە
ئەی خوای خاترجەم لە بێ خەیاڵی
خەیاڵەکانم لە خاکەڕایی باراندا
هەڵڕێژە
ئەزانم دێڕێکی تەڕ سیاسییە و
هەتاویش
بێ یەک و دوو
دوورییەکان بەجێدەهێڵم
کە بە ژانەوە ئاوا دەبوون
ئاوا بوون بە ژانەوە
دێڕێکە بێ دەرکە
جانتایەکە بێ نیشتمان
لە هەمیشەیی شەختەبەندانێکا
بزەکانمی تێیا ڕچاند...

***

# دڵ دزی نارسیست



**شلێر ئارۆشا – کامیاران**

دزێک بوو
پێش ئەوەی هەموو شتێکم ببا
پێکەنینەکانی خۆر بوون
پێش ئەوەی بە چنگە تیژەکانی
یەخەم بدڕێ ،
بۆ بردنی دڵی قورسم
فووی ئەکرد لە گڕی سینگم
ئەیلێستەوە
خۆڵەمێشی بێقەراریم
ئینجا پۆکی لێئەدا و هەڵیئەمژی
تەواوی وزە و ڕۆح و گیانم
قەپی ئەگرت لە چناکەی خەمم
ئینجا خۆی ئەکرد بە دوکتورم

هاتبوو بۆ دزی

منیش هەرچی شتمە
خستمە نێو زار و مشت و گیرفانی
هاتبوو خاڵیم بکات
لە وەسوەسەی دووبارەی ڕامووسان
وتی:
تۆ کانیاوی
و منیش ڕێبوارێکی تینوو
تێپەڕی
تێپەڕیم
تێپەڕی...
وتی:
مەگەر تۆ کاتێ ئۆتۆموبیلەکەت خراپ دەبێ
ئەگری بۆی؟!
منیش
دەرگاکانم بە قوفڵ و زەنجیر داخست و
کلیلەکەشم بەرەو دەریای فەرامۆشی بڕک دا

# بێ هیڤیبوون



د. نەفیسە ئیسماعیل حاجی

هندەک جاران ژ نشکەکێڤە هندەک راستی بۆ مرۆڤی رون دبن یان دبت نە ژ نشکەکێڤە بت، بەلکو ژ نشکەکێڤە باوەری بۆ مرۆڤی دروست دبت. دبت ژ دەمەکێ، گەلەک ئاماژە بەرێ مرۆڤی بدەن راستییان، یان گەلەک پێزانین ل دەف مرۆڤی هەبن، بەلێ پێکڤەگرێدانا وان ژنشکەکێڤە دروست ببت، یانژی دبت هەر ژ دەستپێکێ مرۆڤ راستیێ دزانت، بەلێ خوە دخاپینت و ل بەر چاڤێن خوە مژەوی دکت. گەلەک جاران ڤەشارتنا راستییێ مرۆڤی ئارام دکت، ئەوژی دەمێ راستی ژ ژانان بارکری بت. شەڤێدی د کاروانێ هەستکرنا مندا ب بەرزەبوونا هیڤییا من، چاڤێن من نە کەتینە سەرئێک. شڤێدی هەمیێ هزرا من و تارییا شەڤێ د شەرەکێ دژواردا بوون، هەر ئێکێ ژ وان رادهێلا یێ دی و ئەزا بێ هیڤی و دودل د ناڤبەرا واندا راوەستیای بووم. بۆ سالێن درێژ ئەڤ هیڤییە هەڤالا رێکا من و ئەگەرا کەیفخوەشییا من بوو. د ڤی تەمەنێ چوویدا گرنگترین ئەگەرێ ژیانا من و کێمکەرێ ئازارێن من بوو، دەرمانکەرێ نەخوەشیێن من و ئەگەرێ هەدارا من بوو .

دەنگەک ژ ناخێ من دکت هاوار 'ڤێ هیڤییێ ئەڤ هەمی سالە ژ تە دزین'، ئەڤ هەمی سالە، د هزرا مندا سالێن ل هیڤیا بجهئینانا وێ بوون، سەبر و هەدار

بوو کو رۆژەکێ ئەو هیڤی ببت راستی، سالێن هەدارا جوان بوون کو ب ئومێد و کولێن سور و پەروشێ دنەخشاندی بوون. ل گەل ئەلندێ و هەمبێزکرنا تیشکێن رۆژێ پەنجەرەیا ژۆرا من، روناهییا ڤێ سپێدێ نە ب تنێ چاڤێن من سمتن، بەلکو خوە ب سەر مێشکێ منژیدا گرت، دا دەنگوباسێن سەکەراتا هیڤییا من یا ئێکانە و سەرمەدی بگەهینتە من، دا کەلەخەکێ بێ گیان د دلێ خوەیێ هەژاردا ببینم. ل گەل گەرماتییا ڤێ سپێدەیا هاڤینی، بارانەکا دژوار و خەمگین وەکو دژوارییا ئازار و خەمگینییا دلێ من خوە ب سەر مندا گرت. ئەگەر رۆژەکێ بەری ئەڤرو کەسەکێ گۆتبا من: ئازارێن بارکرنا هیڤییان و بەرزەبوونا وان هندی یێن بارکرنا خۆشتڤییانن، من باوەر نە دکر، بەلێ ڤێ سحارییێ باوەرییا من ب ڤێ چەندێ گەلەک موکومە. مرنا هیڤییان وەکو مرنا عەزیزانە، ئەز ئەوا ژیانێ ل نیڤا رێ هیڤی لێ کوشتی، ڤێ چەندێ باش دزانم. ل ڤێ سپێدەیا گەرم و هشک، سەرما و برویسی و بارانەکا دژوار گیانێ من داگیرکرن، بێ ئاڤدانا ئاخا دلی، ترسەکا دژوار لێ چاند. گەلەک جاران مرن بێ ئاگەهداری دهێت، مرنا ئومێدا من وەسان نەبوو، بەلکو هێدی هێدی بوو، گەلەک جاران ئزرائیلێ وێ سەرێ خوە نیشا من ددا و خوە بەرزەدکر. ل گەل ڤێ چەندێژی ئازارێن وێ کێمتر نینن. من ژ مێژە هەست ب چوونا وێ دکر، بەلێ من خوە دخاپاند، چونکو من باش دزانی، ژیان پشتی وێ دێ مرت. هەر وەکو دلێ من ئەردێ جوتیارەکی و بریاردا بۆ چاندنێ بەرهەڤ بکت، ل گەل لێدانا هەر گێسنەکی، گوشت و خوین تێکەل دکر و دبوو ئاخەکا رەش. چەوان ئەڤ دلێ ئەڤە چەندین سالا ل بەندا بجهئینانا هیڤییێ، ب مرنا وێ بهێتە داگیرکرن، دێ شێت بەردەوام بت. چەوان ئێکانە ل نیڤا رێ دێ لێدت. ڤێ سپێدەیا نە وەکو چ سپێدەیان، یا گەرم و بەستی، یا زوها و پڕی باران، یا سمفونییا مرنێ دژەنت، ل گەل ئەلندا خوە کەرنەڤالێ مرنا هیڤییا من دگێڕت، ئەز باوەر ناکم ل ڤی ئاخا رەش ژیانەکا دێ دەستپێ بکت، تەمەنی چەندین سالێن دی نەماینە دا ل هیڤییەکا دی یا ساخ بگەڕت. ئەگەر مابنژی دێ مری بن.

دهۆک ٢٠٢٥/١٠/٣١

# گـــــۆڕان



**سەلام عومەر**

(بـارانێکی بـەخوڕ گڵکـۆی دوو گـۆڕی شـل کردبـۆوە، ئـەو گڵکۆیانـە بـەجۆرێک ڕژابوونە نێو یەکتری وەک ئەوەی بەعەمدەن ئاوێتەی یەکتری کرابن، هیچ نێوانێک بـۆ کچێکی تەنیا نەمابۆوە تا فرمێسک بۆ براو دەستەخوشکەکەی بڕێژێ و چـوار کێلـیش تەواو لێکدوور کەوتبوونەوە و دوو گڵکۆش ببوونە یەک)

❊❊❊

هـەر کـە گەیشـتمە تەمـەنی هـەرزەکاری تێگەیشـتم کەسـێکی سـەرەڕۆم و جگـە لـە خێزانەکەم جیرانەکان و مامۆستاکان و تەنانەت حکومەتیش لێم بێزارە، ئـاخر تەمـەنم حەوت ساڵ بوو،کە ئاگرم لە ماڵی جیرانەکەمان بەرداو بابم هات و بەدەستی خۆی بۆ پۆلیسخانەی بردم و چەند کاتژمێرێک بەند کرام، دواتر لە پۆلی دووی سەرەتایی بووم

بەدارلاستیق سەری مامۆستایەکم شکاند و جگە لەوەی لێدانێکی باشم خوارد لە قوتابخانەش دەریانکردم، بزر بوونی پارەکانی ناو ئەنگوچکی دایکم من دەمبردن، هەندێجار بەزۆر رۆژانەی خوشکەکەشم خەرج دەکرد، هێندەم کەتن کردبوون ئی ئەوانیدیش بەسەرمندادەهات، پەنجەرە و سەری هەر منداڵێک شکابا بەردەرگای ئێمەیان دەگرت، داک و بابەکان نەیاندەهێشت منداڵەکانیان لەگەڵ من یاری بکەن یان برادەرایەتیم بکەن، بۆیە جگە لەوەی لەماڵەوە تەنیا بووم، لە دەرەوەش یەک برادەرم نەبوو و کەس نەیدەوێرا توخنم کەوێ، لە ماڵێش هێندەیان لێدەدام ئەگەر رۆژێک کەتنێکم نەکردبا و لێدانم نەخواردبا ئەو شەوە خەوم لێنەدەکەوت، بۆخۆشم نەمدەزانی بۆچی وا شەڕانگێزم؟ ئاخر بەوە هار دەبووم کاتێک دەمدی لە کۆلانێ منداڵەکان بەیەکەوە یاری دەکەن و کە منیش دەچوومە ناویان جۆبڵاویان لێدەکرد، تەنیا کچێک نەبێ کە دەستەخوشکی خوشکم بوو، ئەو نەلێمدەترسا نە لەبەرم رایدەکرد، تەنانەت کە بەلاشی تێپەڕیبام خۆی شلوێ نەدەکرد، سەرنجی دەدامێ و دیاربوو ئەو شەللاتی بوونەی من لەلای کارێکی ئاسایی بوو، بۆیە تاکە منداڵی جیرانەکان بوو لێمنەدەدا، ئەوەندەنا خوشکەکەشم بەهۆی ئەوەوە پارێزرابوو، خۆ خۆشمنەدەویست و هەر نەمدەزانی عیشق چییە، کەچی نازانم بۆ ئەو لەلای من جیاواز و منیش لای ئەو جیاواز، هەر بەراستیش جیاواز بوو ژن و پیاویش خۆیان لێلادەدام کەچی ئەو نا نەترسانە کەمنی دەدی هەر حسابی بۆ نەدەکردم.

سەرتان نەیەشێنم زۆر سەرەڕۆبووم لە قوتابخانە کەس برادەرایەتی نەدەکردم و تەنانەت مامۆستاکانیش بۆ یەک وانەش هەڵیاننەدەستاندم، هێندە تەنیابووم ناچاری ئەوە بووم تا باسم بکەن و ناوم بهێنن دەبوو کەتنێک بکەم، ئەوەی لەلای من گرنگ بوو ناوهێنانم بوو، خۆ کە گەیشتمە تەمەنی هەرزەییش هەر ئەو کەسە شەڕانگێزە بووم کە وەک میرات لەمنداڵیەوە بۆم مابۆوە، یەک کەس و یەک خزم و یەک جیرانیش قسەیەکی خۆشیان لەگەڵ نەدەکردم، بۆیە هەر بە عەنتەری گەیشتمە پۆلی دووی ناوەندی و یەک مامۆستاش نەیدەوێرا دەرمنەچوێنێ، چونکە یان شەڕم پێدەفرۆشتن یان تەواوی ریحلەی پۆلێکم دەشکاند، پێموانییە لەو جیهانەدا تەنانەت هیتلەر و تەواوی دیکتاتۆرەکان بەقەت من چێژیان لە ئازاردانی ئەوانیدی وەرگرتبێ.

کۆتا کەتنم جارێکیان لەنێو ژووری مدیری دزیم کرد و کردمە شەڕێکیش ئەوسەری دیار نەبێ، پۆلیس هات و منیان دەستگیر کرد، شەش مانگی رەبەق لە بەندیخانە بووم، لەوێ فێری زۆر شت بووم، لەوانە تریاک خواردن و تاکتیکی شەڕ و کەتەر وەشاندن و تەنانەت دزی گەورەش، شەش مانگ لە بەندیخانە بووم، یەک لە کەسەکانم و جیران سەردانیان نەکردم، هەفتانە هەندێک لە بەندیەکان لەماڵەوە خواردنیان بۆ دەهات، کەچی بۆ من هیچ نەهات و کەسیش قاپێک خواردنی بۆ نەهێنام، بەم هۆکارەوە ئەوانەی لەوێ کە وەکویەک بووین و ببوونە برادەرم بانگی سەر خوانەکەی خۆیان دەکردم و منیش هەموو هەفتەیەک چاوبەرەژێریان دەبووم، یەکجار نەبێ لە پۆلیسێکەوە دەسرەیەکی چنراو و هەندێ پارەم بەدەست گەیشت، بەندیخانە زۆر ناخۆش بوو بەڵام ئەوەی لەوێ دۆزیمەوە کەسانی وەک خۆم سەرەڕۆ بوو تەمەنیان لەمن گەورەتر بوو، ئەوانە یەکەم برادەرم بوون کە شەو و رۆژ بەیەکەوە بووین، پێشتر نەمدەزانی برادەرایەتی هەر مانای چییە؟ بەڵام لەوێ هیچ هیچم دەستنەکەوتبێ گونجان بوو لەگەڵ ئەوانیدی، بەرگریمان لە کارە خراپەکانی خۆمان دەکرد و بەڵێنمان دابوو ئازاد بین تۆڵە لەهەموو ئەوانە بکەینەوە کە هەڵیانداینە بەندیخانە، ئەوەی جێگەی تێڕامانم بوو یەک لە بەندیەکان زوو خۆی لێنزیک کردمەوەو هەر ئەویش فێرە تریاک خواردنی کردم، بە بەلاش دەیدامێ و پێموابێ هەر بەبەلاشیش بۆی دەهاتە ژوورێ، ئەوەندە نا لەنێو بەندیخانە سۆزم بۆ برادەرەکانم دەجولا کاتێک کەسێک غەدری لێکردبان بەرگریم لێدەکردن و ئەوانیش هەروا، بۆیە لەوێ لەپاڵ فێربوونی زۆر کردەوەی خراپ هاوڕێیەتی و خۆشەویستیم دۆزیەوە، گوێم لەوانیدی دەگرت و گوێیان لێدەگرتم، تێگەیشتم ژیانی بەکۆمەڵ خۆشترە و ناکرێ هەر بەتەنیابم و پێویستم بە پشتە کەسە و گوێگرتنە.

***

دوای شەش مانگ ئازاد کرام، کە هاتمە دەرێ چاوم لەبەر تیشکی خۆر هەڵنەدەهات، بەشێک لە بەندیەکان بەگەرمی بەڕێیان کردم و هەندێکیشیان بۆم گریان، ئەو بەڕێکردنەو دڵسۆزیەی هاوڕێیانی بەندیخانە، دواتر رەگداکوتانی خۆشەویستی یەکتری گۆڕانێکی لەناخیدا چاندم، دووری شەش مانگ لەماڵەوە سۆزی کەسەکانی جولاندم،

کەچی لە دەرەوە یەک کەسیش لـە پێشـوازیم نـەبوو، بـەتاقی تـەنێ رووم لـە ماڵـەوە کرد، غـەمێکی زۆرم خـوارد، لەلایـەک لـە بەندیخانـە برادەرەکـانم جێهێشـت کـە قـەت برادەرم نەبوو، لەلایەک لـە دەرەوەی بەندیخانـە بەتـەنیا مامـەوە و جیرانێـک خزمێـک ئـامۆزا و بـراو تەنانـەت سـێبەرەکەی خۆشـم خـۆی لێدەشـاردمەوە، کـە گەیشـتمەوە گەڕەکەکـەی خۆمـان دەرگـای ماڵـەوەمان کرابـۆوە بۆیـە بـەبێ لـە دەرگـادان چوومـە ژوورێ، ماڵێکی بێدەنگ و ئارام کەوتە نێو دیدەمـەوە، هەسـتمکرد لەلایـەک کەسـێکی شـەڕانگێز و هـەڵگری تۆڵـە هاتۆتـەوە و لەلایـەکی دیکـەوە کەسـێک بـە هەگبەیـەک خۆشەویستیەوە دەگەڕێتەوە شوێنی لەدایکبوونی.

یەکەم کەس کەمنی دی دایکم بوو، لە دوورەوە ئێسـتێکی کـرد و گـوتی: کـوڕم لـە بەندیخانە سپی سپی بوویەتیەوە، رۆڵەکەم ئیشائڵڵا ناخیشت ئاوا سـپی بۆتـەوە، ئـەو گوتی: دەوەرە کوڕم وەرە با تێر لە باوەشت بکـەم بـەڵکو بگـۆڕێی و گـۆڕابی، دایکـم زۆر بەسۆزەوە باوەشی لێدام تامی شیری منداڵی چۆڕایە نێو دەمم کە ئەو دایبـوومێ، سینگێکی گەرم بۆنی مێخەک و سۆزێک کە دەمێک بوو نەمدیبوو منی منداڵ کردەوە، هەر لەو ئانوساتەدا خۆشەویستییەک کە لەبەندیخانە دۆزیبوومەوە زیندوو بۆوە.

راستیەکەی ئەوەندە توڕە بـووم دامنـابوو هـەر ئـەورۆژە کـەتنێکی گـەورە بکـەم و بچمـەوە لای بـرادەرە بەندیـەکانم، کـەچی کـە دایکـم باوەشـی لێـدام بـۆنێکی خـۆش سـینگێکی نـەرم و مـاچێکی تـەڕی لێکـردم، گـۆڕانێکی خێـرا بەجەسـتەمدا تێپـەڕی، بۆیەکەمجارم بوو دوای ئەوەندە ساڵ کەسێک لە باوەشم کا، ماچمکا و خۆشەویسـتیم داتێ، بۆیەکەمجارم بوو کەسێک خۆم بـەقوربان کـا و پێمبڵـێ سـپی و جـوان بـووی، دەستێکی میهرەبانانـەم بەسـەردا بێنـێ و لـە شـوێنێک دامنیشـێنێ و پیمبڵـێ حـەزت لەچییە بۆت لێنیم؟

ئەمن زۆر خاو بوومەوە بۆیە گیانی خۆشەویستی خۆی کوتایە گیانمەوە، دانیشتم و دەستم بەگریان کرد، گریانێک بەکەس ژێر نەدەبوومـەوە، لـەنێو ئـەو گریانـەدا بێئاگـا رقی کەسەکانمی خاو دەکردەوە، فرمێسکەکانم سۆزی دەجوڵاندن و لاوازبوونم خـوێنی دەکوڵاندن، بۆیە خوشک و براکانم هاتن هەموویان بەترسەوە پێشوازیان لێکردم بـەڵام کەمێک سارد بوون وەکو دایکم نەبوون، ئـەوانیش ناهـەقیان نـەبوو هێنـدەم لێـدابوون

هێشتا پەڵەی شینی جێشەقی من بە جەستەیانەوە بوو، بەڵام لە چاویانڕا سۆزم دەخوێندەوە، لە کوڵمەیانڕا هاوخوێنیم دەدیت، ئەوەندە نا بەهۆی گریانەکەی من و رشتنی ئەو هەموو فرمێسکە ئەوانیش سۆزیان بزووت و ترسیان نەما، ئەورۆژە پێش کاتی نانخواردن خوان رازایەوە، دایکم چی خواردنی خۆشە لەسەر خوانەکەی دانابوو، راستیەکەی زۆر زۆرم حەز لە خواردنی دایکم بوو، چونکە شەش مانگ بوو نەمخواردبوو، بۆیە هەرکە فەرموویان لێکردم چوومە سەر خوانەکە و دایکم کۆمەڵێک لە گۆشت و شلە و ئەو شتە خۆشانەی بۆدانام و منیش زۆر بەئیشتیاوە دەستم بۆ برد، خوشکەکەشم کە ئەو نەرم و نیانیەی منی دی یەک دۆلکە ئاوی هێناو بۆیەکەمجار بەبێ ترس لە تەنیشت من دانیشت بۆ نانخواردن و دەستیشی ماچکردم، منیش سەریم ماچ کرد، برایەکەم ئەوەی هێشتا مۆراتی لێدانی من بە جەستەیەوە بوو، ئەویش سۆزی برایانەی جوڵا و بەشە گۆشتی خۆی بۆمن دانا، یەکەم پاروم هەڵگرت بۆ دەممی ببەم بابم بەسەردا هاتەوە و ئاگر لەنێوچەوانی دەباری و گوتی: ئەو ناکەس بەچەیە چ دەکات لێرە؟ ئەوە بەناخێری دیسان بەرەڵایان کردووە؟

راستە پێشتر زۆر سەرەڕۆ بووم، گەلێ بابم و کەسەکانم و تەواوی شارەکەم عەزێت دابوو، وەلێ سەرەتایەکی باش بوو بۆ گۆڕانم چوونکە بۆنی سینگی دایکم و خواردنەکەی و پێشوازیەکەی خەریک بوو نەک گەدەم مێشکیشم تێرکات، بۆنی خوشکەکەم کە لەتەنیشتم بوو لەگەڵ برایەکەم کە سەرەڕای ئەوهەموو لێدانەی لێمداوە بەشی خۆی دا بەمن، ئەوانە منیان تەریق کردبۆوە.

پاروەکەم لەدەست بەربۆوە و بەو برسیەتییە هەستام بڕۆم چەندی دایکم گریا و پاڕایەوە، چەندێک خوشکەکەم دەستی ماچ کردم و تکای لێکردم، برایەکەم هەردوو لاقی گرتبووم و ئەویش بۆیەکەمجار سەرزەنشتی بابمی دەکرد، لە کەشێکدا منیش بۆ یەکەمجار بوو بەرگریم لێبکرێ و دژی بابم بوەستنەوە کەچی بابم لەسەر رایەکەی خۆی نەهاتە خوارێ و گوتی: ملی بشکێ با ئەو بەڵایە لەکوێ هاتووە با بچێتەوە وێ.

بەبرسیەتێکی زۆرەوە لەماڵێ دەرچووم، هێشتا بۆنی خواردنەکەی دایکم و نووزانەوەی خوشکم و هات و هاواری بابم گوێ لێبوو، کە گەیشتمە کۆڵان، چاوەڕێ بووم بەدوومکەون و بمگەڕێننەوە کەچی بابم نەیهێشت، هەستمکرد دایکم هەتا

ئـەودیوی دەرگـای کـۆڵان هـات بـابم رایکێشـایەوە ژووریّ، گـوێم لـە دەنگـی گریـانی خوشکەکەم بوو و هەروا برایەکەشم خوانەکەی تێکەڵوپێکـەڵ کـردو نەیهێشـتبوو یـەک کەس ئەو نیوەڕۆیە نان بخوا.

تا لەکۆڵانی خۆشمان ئاودیو بووم هەر چاوەڕیّ بـووم بەدوومکـەون و بمگەڕێننـەوە، چونکە لەلایەک برسیم بوو لەلایەکـەی دیشـەوە بۆیەکـەمجار هەسـتم بـە پاڵپشـتیەکی بەهێز دەکرد لەنێو خێزانەکەمان، دەرۆیشتم و یەک شوێن نەبوو رووی تێکـەم و یـەک دیناریشم لە بەرکی نەبوو، لەناکاو گـوێم لـە دەنگـی برایەکـەم بـوو بـەغاردان بـەدووم دەکەوت، لەگەڵ ئاوڕدانەوەم گەیشتە مـن و یـەک سـەفتە پـارەی دامـیّ و گـوتی: هـا کاکە ئەوە ئی دایکمـە، کـە برایەکـەم بـەو سـۆزەوە دیـت و رەحمـی دایکـم و هـەواڵی تیکوپێکدانی خوانەکە لەلایەن براکەمـەوە، پارەکـەم وەرگـرت و بۆیەکـەمجار برایەکـەم لەباوەشکرد و لەسەر شەقام لەبـەرچاوی چەنـد دۆسـتێک دەسـتمان بـەگریانێک کـرد، فرمێسکی حەفدە ساڵی تەمەنم وەراندە سـەرخاک، بـۆ یەکـەمجارم بـوو خۆشەویسـتی سـۆزی خێـزان و برایـەتی ئـاگر لـەناخم بـەردا، برایەکـەم تونـد دەسـتی گرتبـووم و نەیدەتوانی بەریدا، منیش لەنێو کۆڵانی خۆمان بەنامۆیی دەهاتمە بەرچاو، بەکەسـێک کـە ژیـانی دۆڕانـدبیّ و مردنـی بردبێتـەوە، مرۆڤایـەتی لێکـەوتبیّ کـەس نـەبیّ بـۆی هەڵگرێتەوە، خۆشەویسـتی دۆزیبێتـەوە و لێـی بسـتێننەوە، بۆیـەکـەمجار شـەڕانگێزی بیرچوبێتەوەو بیری بێننەوە، بەو بێکەسـانە دەچـووم کـە وەک دەلـوو بەشـەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون، پێشتر پڵنگ بووم و نێچیرەکان لەبەرم هەڵـدەهاتن، ئێسـتا خـۆم وەک نێچیر دەهاتە پێش چاو، چما کەس هەبوو لە ماڵیّ بتوانیّ دەرمکا کەچی ئێستا پارووم لەدەست بەردەدەنەوەوە و ناتوانم هیچ بکەم.

برایەکەم لێمبۆوەو منـیش بەسـیمای پـڕ لـە فرمێسـکەوە پـێش ئـەوەی لـە یەکـەم کۆڵان پێچکەمەوە هێشتا چاوەڕیّ بووم کەسێک بێـت و بمباتـەوە مـاڵیّ ئاوڕمدایـەوە، دیتم برایەکەم زۆر بە نامۆیی دەڕواو دەستەخوشکی خوشکەکەشم تەماشـام دەکـات و دیار بوو هەموو دیمەنەکەی بەچاوی خۆی دیبوو.

بەسەر خۆم نەهێناو بەدڵتەنگیەوە چوومە بازاڕی شار و لە چایخانەیەک بەتـەنیّ و لەسەر مێزێک تەنیا بیرم دەکردەوە، بیرکردنەوە لەوەی بچم بەوپارەیە تریـاک بکـڕم و

بابم وەبەر کەتەران دەم و هەڵیدەمە نەخۆشخانە، دەبەیەک نەوت ببەم و قوتابخانەکە بە مامۆستاو قوتابیانەوە بسوتێنم، نا دەچم چەند پیاوێکی حکومەت بەچەقۆ پارچە پارچە دەکەم و تفەنگەکانیشیان دەڕفێنم و تا گوللەم مابێ خەڵک دەکوژم، بەتەنیا لەسەر مێزی چایخانەیەک بەسکی برسی، کە دەڵێن برسیەتی هاری بەدواوەیە هار ببووم، بیر لە ئەنجامدانی تاوانی گەورە دەکەمەوە، تاوانی کوشتن و ئەوەی لەدەستمبێ بیکەم و بابم شەرمەزار بکەم و بەگرتی دەم، تا بزانێ بەندیخانە چەند ناخۆشە، تابزانێ ئەو قوتابیانەی لە بەندیخانە دەردەچن دەبنە بکوژ، چونکە لەنێو بکوژانەدان، بەتەنیا لەسەر مێزێکم و ئەوەی بەوێدا رادەبووری لێمدەترسێ و هیچکامیان ئاگایان لە هەڵوەشانەوەی ناخم نییە، نازانن لەنێو ناخی ئارامبووەوەم چ شەڕانگێزیەک خەریکە دەمکاتە بکوژ و دۆودۆشاو تێکەڵکەم، لێوم وشک وشک ببۆوە لە برسان، ئارەزووم بوو هەموو شار، نا هەموو دنیا بڕوخێنم، رێک لەو بیرکردنەوانەدابووم ئەوەندەدەمزانی خوشکم و دەستەخوشکەکەی لەبەردەمم قیت بوونەوە، ئارەقەی رەش و شینیان دەردابوو، پرێسکەیەکیان بەدەستەوە بوو بۆنی هەمان خواردنی ماڵەوەی لێدەهات، بەڵام نەخشی سەر پرێسکەکە هەمان ئەو نەخشە بوو کە لە بەندیخانە بە هەندێک پارەوە گەیشتە دەستم، بۆیە رێک تێگەیشتم ئەو دیاریەی بەندیخانە ئی کچەکەی جیرانمانە، هەر کە بۆنەکەم بۆهات ئیشتیام بۆوە و نازانم لەبرسان بوو یان خۆشەویستی بۆ خوشکم هەستام و خوشکم لەباوەش کرد و منی براگەورە دەستیم ماچ کرد، ئەوەندەنا بەدزیەوە بەسەر زوڵفەکانیشیدا گریام، ویستیان پرێسکە خواردنەکە بکەنەوە نەمهێشت و گوتم: بۆ بابمی بەرنەوە با ئەو بیخوا، هەر کە ئەو قسەیە لە دەمم دەرچوو دەستە خوشکەکەی خوشکم شتێکی لەنێو دەستم هاویشت و گوتی: گیانەکەم لەبەرخاتری من بیخۆ.

تەزوویەکی خۆشەویستی و سۆز لەبنی پێمەوە هات و لە تەپڵی سەرم دەرچوو، گیانەکەم و گوتەیەکی کچانە ئەمنی وەها نەرم کردەوە وەک ئەوەی هەرگیز مێرولەیەکم ئەزیەت نەدابێ، گیانەکەم ئەو بیرکردنەوانەی لێ رەشکردمەوە کە خەریک بوو شارێک بسوتێنم، دەست لەکەس نەپارێزم و شەقام نوقمی خوێن کەم، ئەوجارەشیان بۆ یەکەمجارم بوو کچێک بمدوێنێ و نامەم لەدەستی هاوێ، تومەز هەر

لە ڕێگا خوشکەکەم باسی هەموو شتێکی بۆ کردبوو، بۆیە گۆڕانێکی خێرا بەنێو دەمارەکانمدا ڕەتبوون و خاو خاو بوومەوە.

ئێستا لەنێو بۆنی خواردنێکی خۆش و پاڕانەوەی خوشکێکی میهرەبان و گیان و نامەی کچێک بوومە پەشمەک و بەدەستی خۆم پرێسکەکەم کردەوە و لەو کاتەدا خوشکەکەم دوور کەوتەوەو دەستە خوشکەکەشی نیگایەکی ئاگرینی تێگرتم و بەرەو ماڵ لەچاوان بزر بوون، منیش زۆر بەئیشتیا و دڵخۆشیەوە نانم دەخوارد، وەکو هەمان ئەو نانەی دایکم درووستی کردبوو، هەمان ئەو بۆنەی لەماڵێ کردم، ئەوەی لەنێو پرێسکەکە بوو خواردم، کەس هەقی بەسەرمەوە نەبوو منیش هێندە برسی بووم سەیری یەک کەسم نەدەکرد، تەنیا لەبیرکردنەوەی خوشک و براو دایکمدا بووم، نامەکەم هێشتا نەخوێندبوەوە، شاگردی چایخانەکە هات و چایەک و ماستاوێکی تەزی لەبەردەم دانام، بەبێ ئەوەی داوام کردبێ، خواردمنەوەو دواتر سێ چایان هێناو لەسەر مێزەکەیان دانا، ئەوە سەیرترین شت بوو لەژیانم بمدیبێ، بۆیە ئاوڕم لە دواوە دایەوە برایەکەم و بابم چاودێریان دەکردم و هاتن و پێش ئەوەی لە تەنیشتم دانیشن بابم دەستی لە ملی کردم و وەکو داکم ماچێکی تەڕی لێکردم، دانیشتن و لەگەڵ من دەستیان بەچاخواردنەوە کرد، ئەوەندە نا بابم پاکەتێک جگەرەشی دامێ، دوای لێبووردنی بابم و نزیک بوونەوەی تاقە برایەکەم منیش ئەوەی روویدا کردم بەرابردوو، پارەی چایخانەکەیانداو منیان بردەوە ماڵێ، بەڵام پێش ئەوەی بگەینەوە بەردەرگای خۆمان برایەکەم لە دەرگایەکی داو دەستە خوشکەکەی خوشکم هاتە دەرێ و پێش ئەوەی پرێسکەکەی لێوەرگرێ دووەم نیگای لەمندا و چۆوە ژوورێ، ئەوە هێشتا نازانم لەنێو نامەکەیدا چ نووسراوە، خۆ کە خۆشمان بەژوورێدا کرد دایکم و خوشکم بەجۆرێک پێشوازیان لێکردم وەک ئەوەی لە مردن گەڕابمەوە، ئەوەندەنا ئەورۆژە تا شەوێ نووستم کەبەخەبەریان هێنام بابم هەموو کەسەکانی کۆکردبۆوە، تا نیوەشەوێ ئامۆژگاریان کردم و ئەوەندەنا بابم بەڵێنیدا تەنیا یەک مانگ لە دووکانێ لەگەڵ من دەبێ و کلیلەکەی دەداتە من و دەمکاتە گەورەی ماڵێ، هەموو ئەو رووداوانە روویاندا و هێشتا نامەکەم نەخوێندۆتەوە، بۆنی خواردنەکەی دایکم و نیگای کچێک و نەرمی باب و برایەکەم ئاگری شەڕانگێزیان کوژاندمەوە، ئەو شەپۆلە توڕەیەی منداڵی

لوولدەدام و هەرزەیی وێران کردبووم ببوونە دەریایەکی هێمن وەک ئەوەی هەرگیز پێلم نەبێ و پێشم لە مێرولەیەک نەنابێ.

***

سبەی، کە لەخەو هەستام هێشتا وامدەزانی لە بەندیخانەم، کاتێک هاتمەوە سەرخۆ دیتم بابم نەچۆتە دوکانەکەی و خوانیش ئامادەیە و لەسەرمن راوەستاون تا بەیەکەوە نان بخۆین، منیش وەک ئەوەی هیچ رووینەدابێ هەستام چوومە حەمام و چڵکی شەش مانگم رژاندە سەرزەوی و کە هاتمە دەرێ بابم لەتەنیشت خۆی دابنام و لەگەڵ دایکم هێندەیان ئامۆژگاری کردم بایی هەموو ژیانم سوودم وەرگرت، دواتر پێش ئەوەی بۆ یەکەمجار بچمە دوکانەکەی بابم و هاوکاری بم، یەکەم کارم ئەوە بوو نامەکە بخوێنمەوە، کردمەوەو تەنیا یەک دێڕ نووسرابوو: ( بە شەللاتیەتیش خۆشمدەوێی، سەرسەریش بی هەردەمەوێی، چوونکە تۆ هەموو شتێکت لێجوانە گیانەکەم).

قەت لەو باوەڕەدا نەبووم کەس منی خۆشبوێ کەچی ئەوە نامەی خۆشەویستی لە جوانترین کچەوە بەمن دەگا، رەنگم سوور سوور بۆوە هەموو دەمارەکانم کرانەوە، لەزەتێک گیانی داگیر کردم و بەڵێنمدا تەنیا بۆ ئەم نامەیە بژیم، ئەو دێڕەم بۆ دەیانجار خوێندەوە، لەجێی خۆم جوڵەم بۆ نەدەکرا و هەستمکرد ئەو گوتانە و گیانەکەمی دوێنێی ئەو کچە خوێنی گۆڕیم، هەستەکانی نەرم کردمەوەو بۆ جاری دووەم خۆشەویستی هاویشتە ناومەوە.

***

هێشتا چەند مانگێکم لە دوکانەکەی بابم بەڕێنەکردبوو کە بابم منی بەتەنیا جێهێشت و بەڵام لە رێگەی خوشکەکەمەوە پەیوەندیم لەگەڵ کچی جیرانەکەمان زۆر بەهێز بوو، تا ئاستی عاشقبوون و بەجۆرێک منی گۆڕی بوومە کەسێکی جیاواز و وردە وردە بەهۆی مامەڵە باشەکانم لەگەڵ جیران و مشتەری و تەنانەت پیاوە بەتەمەنەکانیش برادەر و کەسی باش لەدەورم کۆبوونەوەو هەر هەموویان ئامۆژگاریان دەکردم و رێگە راستەکەیان پیشان دەدام.

ساڵێک بەسەر ئـەو ئارامبوونـەوەی مـن و شـار تێنەپـەڕی کـە دەستەخوشـکەکەی خۆشکم ئەوەی ناوەندی دڵی داگیر کردبـووم بۆیـان خواسـتم و مـاڵی سەربەخۆشـیان بۆدانام، ئیدی خۆم هەستم بەخۆم دەکرد، کە پێشـتر چ دڕندەیـەک بـووم و ئێسـتاش چــۆن گــۆڕاوم، بەڕاســتی ئاســوودە بــووم و لەباوەشــی ئــەو کچــەدا ژیــانم زۆر خۆشدەویست، بەجۆرێک ئەوەی لە رابردوو روویدا بوو نەمدەوێرا بیریشـی لێبکەمـەوە، لەباوەشی ئەودا ئایندەیـەکی گەشـم دەدی و خـەڵکی بەنموونـە باسـیان لێـوەدەکردم، لەبری ئەوەی خەڵک لەبەرم هەڵبێن دەهاتن و برادەرایەتیان دەکردم، ماڵە خـەزوورانم سوێندیان بەسەرم دەخوارد و خەزوورم لەتەنیشت خۆی دادەنـام، پەشـیمان بوومـەوە لەهەموو ئەو کارە خراپانەی کردبوومن، بـۆ خوێنـدن چوومـەوە قوتابخانـەی شـەوێ و جـارێکیش چوومــە قوتابخانەکـەی پێشـتر و دەسـتی بەڕێوەبـەرم مـاچ کـردو داوای لێبـووردنم لێکـرد، بـۆ بەندیـەکانی بەندیخانــەش چەنـدین جـار خـواردنم بـۆ بـردن و سەردانم دەکردن.وەلێ ئەو ژیانە خۆش و ئارامە زۆری نەخایاند و هێشتا سـاڵێک لـەو لەزەتەی ژیاندا نەبووم کە هاوژینەکەم ئـەوەی منـی لـە دڕنـدەوە گـۆڕی بـۆ مرۆیـەکی ئاسـایی و خـاوەن ویـژدان، بەسـەر منداڵـەوە رۆیشـت و جـارێکی دی تـەنیای کـردم، غەمێکی قورس داگیری کردم شەو و رۆژ دەگریام، ئەو خۆرەی منی روونـاککردەوە بـۆ هەمیشە کوژایەوە، هەرچەندی دایکم و خەسووم و کەسەکانم لـە دەورم کۆدەبوونـەوە کەچی هەر وامدەزانی تەنیام، شەو و رۆژ لە گۆڕسـتان بـووم، بـابم هــەر سـاڵێک بـوو پشـووی دابـوو جـارێکی دی لەگـەڵ برایەکـەم چـۆوە دووکـان، چونکـە بـەمن بـەڕێوە نەدەچوو، تەواو رووخابووم، ئاخر هەموو حەزەکانم لە ژن و ئەو منداڵـەدا کۆکردبـۆوە کـە لەگـەڵ دایکـی رۆی، بەتــەنیا مامــەوەو شــەوانەش لــە مــاڵێکی تــەنیا تــا بــەیانی دەگریام، خۆ دەهاتنە لام و ئامۆژگاریان دەکردم و تەنانەت خەزوورم رێگەی ژیـانێکی نوێشی پیشاندام کە کچێکی دی ماوە دەمتاتێ، کـەچی چـاوم گیـانم هەسـتەکانم لـەو بترازێ کەسی دی نەدەویست، بەدەست خۆم نەبوو بەقەت هەموو دنیا خۆشمدەویست و کەچی جێی هێشتم.

دەمەو ئێوارەیەک کە چەند شەوێک بوو نەنووستبووم و ریشیشم بەردابۆوە، یەک لە برادەرەکانی بەندیخانەم دیت و کەمێک تریاکی دامێ، منیش لە دڵیخۆمدا گوتم دیـارە

ژیان منی بەئارامی ناوێ بەبێ دوودڵی خواردم و ئەو شەوە تابەیانی نووستم، سبەی هەستام وەک جاران ماڵی بابم زۆر دوور نەبوو چووم لەوێ نانم خوارد و چوومەوە گۆڕستان، بۆ ئێوارەکەی چەندێک لەو برادەرە گەڕام بۆ ئەوەی تۆزێک لەو دەرمانەم داتێ نەمدۆزیەوە، هەموو خوێنم داوای دەکرد، چونکە بەبێ ئەو دەرمانە خەوم لێنەدەکەوت، بەناچاری چوومە ئەو شوێنەی لەبەندیخانە فێریان کردم، لەوێ کەسێکم دیتەوەو هەندێک لەو دەرمانەی دامێ و هەر لەوێ دانەیەکم هاویشتە ژێر زمانم، کەمتر لە نیو کاتژمێر و هێشتا نەگەیشتبوومەوە ماڵێ کۆمەڵێک چەکدار بە دەرمان و بێهۆشیەوە دەستگیریان کردم، هیچ بیانوێکم نەبوو، چونکە ئەوەی کەلەپچەکەی لەدەستکردم هەمان ئەو کەسەبوو کە دوێنێ دەرمانەکەی دامێ و لە بەندیخانەش فێری کردم، تێگەیشتم کە چ پلانێکم لێکراوە، بێئاگاش لەوەی ئەو شوێنە لەژێر چاودێریدایە و حکومەت یەک یەک بەدووی تریاک خۆرەکانەوەیە، پیاوی خۆشیان هەر لەوێن.

دەی جارێکی دی منیان هەڵدایەوە نێو بکوژ و تریاک خۆران، هێندە شەرمم لەخۆم دەکرد، پێشتر کە لەوێ پلانم بۆ کوشتنی هەموو ئەوانە دادەنا کە خۆشمنەدەویستن، ئێستا تەنێ پلان بۆ ئەوە دادەنێم لەگەڵ ئازاد بوونم یەکەم کارم ئەوە بێ ئەو کەسە بکوژم کەفێرە تریاکی کردم و بەگرتیشی دام، دواتر خۆم بکوژم، چونکە رووم نەدەهات بچمەوە بەردەم کەسەکانم بەتایبەت باب و خەزوورم، دەمویست کۆتایی بەو ژیانە بهێنم کە منی ناوێ و لە کەسێکی سەرسەریەوە کچێک منی گۆڕی و کەچی لێیان ستاندمەوە، بۆیە حەزم لەمردن بوو تا هەر لەتەنیشت هاوژین و منداڵەکەم بمنێژن.

ئێستا لەنێو بەندیخانەدام و برادەرایەتی یەک کەس ناکەم،وەک جاران تەنیام، ئەگەر ئازادبووم پلانەکەی خۆم وەک خۆی جێبەجێ دەکەم، ئەگەرنا زۆر نابا دەچمەوە تەنیشت هاوژینەکەم.

# کوشتن



**نووسینی: موستەفا مەستوور**
**کوردان‌دنی: مەحموود هۆمەر باوزی**

بە ناخێری گیانمان چووبووین وێنە بگرین. دوو هەفتە بەر لەوەی بمانهێننە ئێرە، هەواڵەکەم لە ڕۆژنامە خوێندبۆوە. خۆزگە نەمخوێندبایەوە. من و ئەلیاس بەیەکەوە ڕۆیشتبووین. گوتم حاڵی تێکدەچێ. قبوڵی نەکرد. خۆ ئەلیاسی دەناسی. لەو کوڕە قیچمەس و کەللەڕەقانەیە. گوتم؛ پێویست ناکا تۆ بێی، خۆم وێنە دەگرم و لەگەڵ لایەنی بەرانبەر قسان دەکەم. گوتی؛ حەز دەکا بزانێ لایەنی بەرانبەر کەسێکی چۆنە. گوتی دەیەوێ لە چاوانی ڕامێنێ. گوتی بەڵکو دەستێکیشی بگەیەنمێ. گوتی بۆشی هەیە بەدرێژایی ژیانی خۆی کەسێکی وا

سەرنج راکێشی نەدیبێ. بۆیە بەهیچ شێوەیەک نایەوێ ئەو دەرفەتە لەدەست بدات. ئەمانە دەقی قسەکانی بوون. ئەو وەک هەمان سەردەمی زانکۆی بە جموجۆڵ و پێداگر بوو. لەبیرتە تەنیا لەبەر خاتری سۆفی ـ هەمان کچە عەینەک لە چاوەکەی بەردەوام لەنێو پۆلدا لە ڕیزی پێشەوە دادەنیشت و ئەلیاس پێی وابوو ئاشقی بووە ـ سێ کاتژمێری ڕەبەق لەبەردەم بەشی ناوخۆیی کچان لەنێو بەفردا بە قاچی رووتەوە بەپێوە وەستا، تا نەخۆشی هەوکردنی سییەکانی گرت؟

باشە، هەڵبەت من زۆر لە ئیش و کاری ئەو دونیا نەفرەتییە تێناگەم. یەکێکیش لەو شتانە هەمان بابەتە، کە هەواڵەکەی لە نێو ڕۆژنامەکەتدا چاپکردووە. یەکێکی دیکە لەو ڕووداوانەی بەسەر ئەلیاس هاتوون. ماوەیەکی زۆرە قەناعەتم بەخۆم هێناوە، کە عەقڵم نایبڕێ لەو دونیا نەفرەتییە تێگەیشتبم.

کاتێک کیمرام بینی پێمگوت:" لەروانگەی منەوە تۆ یەک تەختەت نوقسان نییە. واتا هیچ کام لە ئێمە تەختەیەکمان نوقسان نییە و ئەگەر بڕیار بێ لەو دونیایە کەسێک یان شتێک تەختەیەکی نوقسان بێ، بە باوەڕی من خودی ئەو دونیا نەفرەتییەیە. دونیای نەفرەتیی بە یاسایەکی نەفرەتی تر. کاتێ دونیا تەختەیەکی نوقسان بێ، ئەوکات بۆی هەیە هەرشتێک ڕووبدا. پێمگوت: «بە باوەڕی من تۆ هیچت نوقسان نییە.» ددانەکانی ساغ و ڕێک بوون. سپی و درەوشاوە. دەبوو ببینی دەستەکانی، قاچەکانی، چاوانی، ساغ بوون. باشە، هەڵبەت باوکو دایکێکی نموونەیی نەبوون، بەڵام لەنێو هیچ کتێبێکدا نەیاننووسیوە ئەگەر کەسێک باوکو دایکێکی نموونەیی نەبوون، دەبێ کارێکی لەو شێوە بکات. نووسیویانە؟!

جارێک بۆم نووسی،کە هەر هیچوپووچییەک لەو دونیایە هەیە لەژێر سەری بنیادەماندایە و ڕاستییەکەی هیچ، هیچوپووچییەک نەبووە،کە لە بنیادەمانەوە سەرچاوەی نەگرتبێ. دوێنێ هەمان قسەم بە کیمرام گوت. گوتی ڕاست دەکەم. لەڕیزی چوونە حەمامدا ئەو قسەیەم پێگوت. دوای ئەو ڕووداوە،کە سەرەی ئەلیاس هات و منیان هێنایە ئەو شوێنە، تەواو تێک چووبووم. بە تایبەتی ڕۆژانی سەرەتا، بەڵام دواتر،کە لەگەڵ کیمرام بووینە ئاشنا بەرەبەرە حاڵم باش بوو. کیمرام

کەسێکی باشە. منداڵی زۆر خۆشدەوێن. گوتی بەڵێن دەدا ئەو نامەیەت پێش ڕۆژئاوا بوون بەدەست بگەیەنێ.

خەریک بوو دەمگوت هەرچی هیچ و پووچی دونیا هەیە لەبن سەری بنیادەماندایە، بەڵام خۆ ئەو قسە هیچ لە هیچ و پووچی دونیایەکە کەم ناکاتەوە. ڕاستییەکەی یەکێک لە هۆکارەکانی هیچوپووچبوونی دونیا ئەوەیە، کە بنیادەمەکانی هەر هەڵەیەک - بەمانای ڕاستیی وشە"هەر هەڵەیەک" - کە ویستوویانە بیکەن گرێو دەکەم ئەگەر هەڵەیەک هەیە کە نەکرابێ، لەبەر دڵسۆزی و شەرافەت و ئەو شتانە نەبووە. لەوانەیە نەیانتوانیبێ بیکەن. ئەوە شتێک نییە من تازەم داهێنابێ. هەزاران ساڵە هەر کەسێک تۆزقاڵێک هۆش و گۆشی هەبێ ئەوە دەزانێ. سەرەڕای ئەوەش هەواڵی ڕۆژنامەکەت شتێکی سەیر بوو. مەبەستم ئەوەیە من پێم سەیر بوو. ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە داهێنان. جۆرێک لە بنیاتنان. مەبەستم لەو کارەیە، کە کابرا کردوویەتی. ئەگەر سەد ساڵ من بیرم لێ کردبایەوە بەخەیاڵمدا نەدەهات، کە دەشێ بەو جۆرە مرۆڤ بکوژی.

کاتێ گەیشتینە بنکەکە کابرا خەریک بوو نانی ئێوارەی دەخوارد، لۆبیای ئامادەکراو و پەتاتە. ئەلیاس سەرنجی لەسەر دەستی بوو، بەگوێیدا چپاندم و گوتی: «ئەوانە گرینگترین و لەوانەشە سەیرترین دەست بن کە تا ئێستا بینیومن.» ئەو نامەیەت بۆیە بۆ نانووسم، کە ئەو شتانەت بۆ ڕوون بکەمەوە. ئەو بابەتە زۆر پەیوەندی بەتۆوە نییە. ئەو نامەیە بۆیە دەنووسم تا شتێکی گرینگترت پێبڵێم. تەنانەت ناپرسم: «لەبەرچی کەسێک کتوپڕ بڕیار دەدا کەسێکی دیکە بکوژێ؟» چونکە ئەو پرسیارە لەو جۆرە قورسانەیە،کە وەڵامەکەی لای کەس نییە. بەهۆی پارە، یان برسێتی یان عیشقەوە؟ هەڵبەت پارەو برسێتی و عیشقیش بۆخۆیان کەم نیین، بەڵام لەو کاولستانە ملیۆنان خەڵک هەن گیرفانیان بەتاڵە و خەریکە لەبرسان دەمرن، یان شکستیان لە عیشقدا هێناوە، بەڵام بۆچی هیچ کامیان پەنا بۆ مرۆڤ کوشتن نابەن؟ کیمرام دەڵێ مرۆڤەکان بەو هۆیەوە کەسانی دیکە دەکوژن تا شتی زیاتریان هەبێ، بەڵام من پێموانییە ئەو قسەیە ڕاستبێ.

چونکە ڕێگەی ئاسانتر بۆ ئەو هەوڵە هەیە. بە باوەڕی من هۆکاری ئەوە ـ وەک زۆر لە کارەکانی دیکەـ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. مەبەستم ئەوەیە، کە بۆ هۆکارەکەی نابێ بەنێو مرۆڤەکاندا بگەڕێین. دەبێ ئەگەر بۆ جارێکیش بووە بچین بەشوێن هۆکاری دیکەدا بگەڕێین. یەکێ لە هۆکارەکان هەمان دونیای پڕوپووچە. کەواتە بەڕای من مرۆڤەکان بەو هۆیەوە خەڵکی دەکوژن، چونکە ئەو دونیایە پڕوپووچە و دونیاش بەو هۆکارەوە پڕوپووچە، چونکە بنیادەمەکان هێندەی جوینی زارجووە بنێشتێک کوشتنی مرۆڤیان بەلاوە قورس نییە.

لێکۆڵەری بنکە گوتی: «ڕێک دەڵێی مەیدانی جەنگە. بەیانیان تەرمێک، نیوەڕۆیان تەرمێک و شەو تەرمێکی دیکە.» کاتێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کەسەکە دەکرد، ئەلیاس بە ئەسپایی بەگوێیدا چپاندم و گوتی: «چۆن دەبێ کەسێک مرۆڤێکی کوشتبێ و ئاوا بەبێ باکی دانیشێ لۆبیای ئامادەکراو و پەتاتە بخوا؟» سوێند دەخۆم ئەگەر ئەو ئەلیاسە لە جیاتی بەشی ئەدەبیات چووبا بەشی فەلسەفەی خوێندبا دەبوو بە فەیلەسووفێکی نموونەیی. ئەگەر بە باشی بیری لێ بکەیەوە ئەوە یەکێک لە قورسترین پرسیاری مێژووی مرۆڤایەتییە. ئەگەر هەزار فەیلەسوف بێن و ئاوەزیان بەسەر یەکدا بدەن ناتوانن وەڵامێکی بۆ بدۆزنەوە و بەڕاستی تێبگەن چۆن دەشێ کەسێک مرۆڤ بکووژێ و دوایی بەکامی دڵ دانیشێ و لۆبیای ئامادەکراو و پەتاتە بخوا. تا ئێستا بیرت لەو بابەتە کردۆتەوە؟ یەکێ لە هۆکارەکانی ئەو نامەیە هەمان پرسیارە. هەڵبەت ئەگەر«گرینگتر» لەو کاولستانە دا مانای هەبێ.

لێکۆڵەر کووپە چایەکەی هەڵگرت و کەمێکی لێخواردەوە، لە کابرای، کە دەکرا سەد هێندەی شەیتان نەفرەتی لێبکرێ، پرسی: «لەبەرچی ئەوەت کرد؟ بۆچی ئەمانەت کوشتن؟» بەشێوەیەک پرسیاری لێدەکرد وەک ئەوەی بیەوێ ناونیشانی ماڵێکی لێبپرسێ"ئەمڕۆ چەند شەمەیە؟ «یان» نیوەڕۆ چیت خواردووە؟" یان" جگەرە ناکێشی؟" یان شتێکی لەو جۆرە. وایدەزانی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە هێندەی پرسیارەکە ئاسانە. ڕاستییەکەی نەدەزانی،کە هەندێ پرسیاری یەک

ڕستەیی بە سەد بەرگی کتێب وەڵام نادرێنەوە. رێک وەک ئەو پرسیارەی کە پەیامنێری رۆژنامەکەت - ڕێک وەک دەبەنگترین مرۆڤی دونیا - بە تەلەفۆن لێیپرسیم: «بە باوەڕی تۆ لەبەرچی ئەلیاس ئەو کارەی کرد؟»

دەزانی لەلای لێکۆڵەر چی گوت؟ راستییەکەی هیچی نەگوت و تەنیا پرسیارەکەی بە پرسیارێکی دیکە وەڵامدایەوەو گوتی:«دەتوانم بچم بۆ سەرئاو؟» بە پۆلیسێکدا ناردییە سەرئاو. کاتێ گەڕایەوە دووبارە لێکۆڵەر هەمان پرسیاری لێکردەوە:" لەبەرچی منداڵەکانت کوشتن؟"ئەلیاس لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو کامێراکەی لەسەر دەستانی بکوژەکە زووم کردبوو. راستییەکەی من جیاوازییەکم لەنێوان دەستەکانی بکوژ و دەستی لێکۆڵەر و دەستی خۆمدا بەدی نەدەکرد. راستی نەمدەبینی. ئێستاش نایبینم. بە باوەڕی من دەستەکانی مرۆڤ لە پێش و لە دوای هەر کارێک گۆڕانیان بەسەردا نایەت. تەنانەت ئەگەر ئەو کارە کوشتنی مرۆڤێکیش بێ. کابرا گوتی: «لەبەر ئەوەی ماندوو ببووم.» تێدەگەی؟ گوتی: «ماندوو ببووم!» راستییەکەی وەڵامێکی ئاڵۆز بوو. دەتوانین ئەمەش بخەینە پاڵ تەواوی ئەو هۆکارانەی، کە مرۆڤێک وا لێدەکەن دەست بۆ کوشتنی خەڵکی ببەن: ماندوو بوون. لێکۆڵەر پرسی:" لەچی؟ لەچی ماندوو ببووی؟" ئەوجارەیان کابرا لە کامێراکەوە ڕاما، چەند ساتێک بێدەنگ بوو دوایی گوتی:" لە ژنەکەم. لە منداڵەکانم. لە خۆم. لە ژیان. پارەم نەبوو. نانم نەبوو." کاتێ وردەکاری کوشتنی منداڵەکانی باس دەکرد، ئەلیاس حاڵی تێکچوو. کامێراکەی لەسەر مێزی لێکۆڵەر داناو لەسەر کورسییەک دانیشت. کابرا گوتی بەیانییەکەی منداڵەکانی لەخەو هەستاندوون و پێی گوتوون دەیەوێ بۆ سینەمایان ببات. گوتی جلی پاکوخاوێنیان کردە بەریان و سەرو پرچیان داهێناوە، دواتر چاکەتە مەخمەڵییەکەیان،کە جەژنی ساڵی ڕابردوو دراوسێیەک بۆی هێنابوون، لەبەر منداڵەکانی کرد و چووینە دەرەوە. هەردووکیان کوڕ بوون. هەشت ساڵ و دە ساڵان.گوتی لە ڕێگە یەکێک لە منداڵەکان گوتی دەبێ بچینە سینەمایەک کە فلیمی (تەرەزان) لێبدات، ئەوی دیکەشیان گوتی دەیەوێ فلیمی کینگ کینگ ببینێ. گوتی لەسەر هەڵبژاردنی

فلیمەکە منداڵەکان لێیان بوو بە دەمەقاڵێ. نازانم ئەو وردەکارییە گرینگی چی هەبوو، کە ئەو نەفرەتییە دەیەویست ئاوا بەبێ پەردە و پەڕاندن بیگێڕێتەوە. بە هەرحاڵ لە جیاتی سینەما منداڵەکان دەباتە سەر لێواری رووبارێک. بە منداڵەکان دەڵێ پێش سینەما دەیەوێ کەمێک یارییان لەگەڵ بکات. قاچی منداڵەکان بەو پەتەی لەگەڵ خۆی هێنابووی توند دەبەستێ و دواتر گیرفانی منداڵەکان پڕ دەکا لە وردە چەو. بەشێوەیەک گوتی:" گیرفانم پڕ کردن لە وردە چەو."دەتگوت چوکلیات و شەکرۆکەی بۆ لە گیرفانان کردوون. گوتی بەو شێوەیە گیرفانی کراسەکانیان و چاکەتە مەخمەڵیەکانیشم بۆ پڕ لە وردە چەو کردن، گوتی بۆخۆشیان پێشبڕکێیان لەسەر پڕ کردنی گیرفانەکانی خۆیان دەکرد. گوتی کاتێ ئەو کارەی منداڵەکانم بینی بۆ ماوەیەک گەرووم پڕ بوو لە گریان، بەڵام زوو توانیم بەسەر ئەو هەستەمدا زاڵبم. لەو کاتەدا ئەلیاس بەپەلە لە ژوورەکە چووە دەرەوە. لەپێشدا وامزانی چووە لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی پاتری تازە بۆ کامێراکەی بێنێ. لێکۆڵەر گوتی:" لەبەرچی وردەچەو؟" و پەرداخە ئاوەکەی سەر مێزەکەی هەڵگرت و خواردیەوە. دواتر بەپشتی دەستی لێوە تەڕەکانی خۆی سڕینەوە. کابرا گوتی: "بۆ ئەوەی بە باشی لە ئاوەکەدا نقوم ببن.. لێکۆڵەر پرسی:"گوتت چی؟" کابرا گوتی:" بۆ ئەوەی بەهۆی قورساییەکەوە باش بکەونە ژێر ئاوەکەو سەرئاو نەکەونەوە. لێکۆڵەر لەسەر پەڕە کاغەزەکانی بەردەستی دەینووسی:" بۆ ئەوەی لەژێر ئاودا بمێننەوە." ئەو رستەیەی بە زەحمەت نووسی، چونکە مەرەکەبی نێو قەڵەمەکەی تەواو ببوو، ناچار بوو بۆ نووسینی ئەو ڕستەیە چەند جارێک نووکی قەڵەمەکە لە پەڕەکە بخشێنێ.

لاشەی ئەلیاسمان لەنێو تەوالێتەکەی بنکەی پۆلیسدا دۆزییەوە بەو چەقۆیەی کە لە فرۆشگای بنکەکەی وەرگرتبوو، شادەماری خۆی لەسەر مەچەکی بڕیبوو. پێموایە بەرگەی نەگرتبوو. پێموایە ئەگەر کەسێک تۆزقاڵێک قوڕمساغ نەبێ، دەبێ هەمان کار بکا کە ئەلیاس کردی، نەک ئەو کارەی کە تۆ خەریکی دەیکەی. تۆ تاکە کارێک کە کردت ئەوە بوو کە هەواڵی کوشتنی منداڵەکان لە لاپەڕەی

هەژدەی رۆژنامەکەتدا چاپ بکەی. واتا لاپەڕەیەکی لە هەژدە باشترت نەبوو؟ واتا هەر بەڕاست تۆ پێتوایە ئەو هەواڵانەی لە لاپەڕەی یەکدا دێن لەو هەواڵانە گرینگترن کە لە لاپەڕەی هەژدەدا دێن؟ ئاگادارم تەواوی رۆژنامەکانی دونیا هەر وا دەکەن، بەڵام ئەمەشیان هەمان شتە تا دەمرین ناتوانین هۆکارەکەی بزانین. بە باوەڕی من بێبەهاترین هەواڵی لاپەڕەی هەژدە لە گرینگترین هەواڵی لاپەڕەی یەک، کە بە فۆنتی ٧٢ و بە ڕەنگیی دەنووسرێ، گرینگترە.

دەبەنگ، واتا تەنانەت ریکلامی شلەی قارچک کەباب و ئەو جۆرە شتانەی وەک سەفەر بۆ ئەنتالیا و مارماریس،کە لە بەشی خوارەوەی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکەت چاپت کردووە، لە هەواڵی مردنی جەرگبڕی ئەو دوو منداڵە، گرینگترە؟ لەو دونیا وێرانەدا رۆژێ هەزاران کەس دەمرن ئەو کاتە هەموو رۆژنامەکانی دونیا کاریان ئەوەیە هەواڵی دانیشتن و خەوتنی ئەو کەسە بە باقوبریق و شیکپۆشانە لەلاپەڕەی یەکەمدا چاپ دەکەن. کاتێک دەڵێم ئەو دونیایە تەختەیەکی نوقسانە لەبەر ئەو شتانەیە.

ئاخر ناشێ هەموو هەواڵە گرینگەکانی دونیا لە لاپەڕەی یەکەمدا کورت بکرێنەوە. تۆ ئەگەر تۆزقاڵێک لە ئەلیاس چووبای دەبوو هەواڵەکانی تایبەت بە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکەت بە لاپەڕەی هەژدە گۆڕیبا. مرۆڤەکان بەردەوام خەریکن لەنێو وردەکارییەکانی لاپەڕەی هەژدەدا لەنێو دەچن، کەچی تۆش هەر بەلاپەڕەی یەکەمتەوە گرتووە؟ من تێناگەم تۆ کەی دەتەوێ لەو بابەتە حاڵی بی. ئەمەش یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی پڕوپووچی ئەو کاولستانەیە، کە سەرچیخ و گشتییەکان لە وردەکارییەکان گرینگترن. من کاتێک وێنەی ئەو مرۆڤە شیکپۆش و ددان سپیانەی، کە بە جوانی و لووسی قسان دەکەن و رۆژێ سەدجار شامپۆ و ژیل لە قژیان دەدەن لەسەر لاپەڕەی یەکەم دەبینم هەرچوار ئەستووندەکی جەستەم دەلەرزن. پێتوایە ئەگەر نیوە دێڕێک بنووسرێ یەکێک لەو کەسە ناسک و نازدار و شیکپۆشانە بەبێ هۆکار ملیۆنان کەسی کوشتووە، چی روودەدا؟ سوێند دەخۆم موویەکیان لێنابزوێ و گوڵیان لێ کاڵنابێتەوە. واتا چەند کەسی شیکپۆشی

ددان سپی وەک خۆیان نایەڵن شتێک ڕوو بدات، ڕاستییەکەی بە هاوکاریی هەزاران پارێزەر و یاسایی بەدفەڕی وەک خۆیان بە سەلامەتی لێی دێنە دەرەوە، بەڵام ئەگەر کەسێکی ئاسایی و پۆشتە نەبێ تەنیا یەک کەس بە هەزاران هۆکارەوە بکوژێ، بێ سێ و دوو لە داری دەدەن.

ئەلیاس لەمەڕ ترس لە مرۆڤ باوەڕێکی سەیری هەبوو. جارێک پێیگوتم لەهەر کەسێک، کە کەمتر بگریی زیاتر دەترسێ. گوتی بە بڕوای مەترسیدارترین و ترسناکترینی مرۆڤەکانی ئەو دونیا پڕوپووچە ئەو کەسانەن،کە تەنانەت بۆ جارێکیش نەگریاون. سوێند دەخۆم ئەو شیکپۆشە پڕوپووچانە مەگەر یەکجار لە ژیانی خۆیاندا گریابن، ئەویش ئەو جارەی،کە لە سکی دایکیان هاتوونەتە دەرەوە.

کیمرام دەڵێ تا ئوتومبێلەکە نەڕۆیشتووە پەلە بکەم. ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە بڕوات نامەی ئەمشەوت بەدەست ناگا. ئەگەر ڕێت دەکەوێتە بەهەشتی زەهرا لە جیاتی من مۆمێک داگیرسێنە. بڕیارمداوە هەرکات حاڵم باش بێ و لێرە بێمەدەرەوە، یەکسەر دەچم بۆ بەهەشتی زەهرا و حەز دەکەم بەو دەستانەی خۆم مۆمێکی درێژی جوان لەو مۆمانەی لەسەر سفرەی مارەبڕین دایدەنێن لەسەر تابووتی گۆڕەکەی داگیرسێنم. دونیات نەدیوە؟ بەڵکو دوو مۆمی درێژی جوانی کەسک...

# دایەنی



**لیلیکا ناکۆس (١٩٠٤ . ١٩٨٩)***
**و. لە فارسیەوە: مەجید هەرشەمی**

زیاتر لە مانگێک تێپەڕیبوو کەمپەکەی پەنابەرانی ئەرمەنی لە ناوەڕاستی شاری مارسیلیابوو، هەر لەگوندێکی بچووک دەچوو. ئەوان چۆنیان بۆ ڕێککەوتبوو وا نیشتەجێ ببوون: دەوڵەمەندەکان لە چادر و هەژارەکان لە کەلاوەکان، لە کاتێکدا زۆرینەی ئەو پەنابەرانەی هیچی باشتریان نەدەدۆزیەوە، لە سەر چەوە فەرش کراوەکاندا دەژیان،کە لە شێوەی چوار گۆشەییدا داریان چەقاندبو وبەرزیانکردبوەوە، پێیان وابو بەختیان باش بووە، کە پارچە پەڕۆیان دەدۆزیەوەو بە لایەکانیدا شۆڕیان کردبۆوە بۆ ئەوەی لە چاو تێبڕین و دیتن بەدووربن. دوای ئەوە هەستیان بە هەبوونیماڵێک دەکرد. پیاوەکان کاریان دۆزیەوە، هەر جۆرە

کارێک، دەبوا شتێک بدۆزنەوە ،تا برسێتی هێرش نەکاتە سەریان، بژێوی ژیانیان و منداڵەکانیان پێبدات.

سەبارەت بە میکالی، ئەو نەیتوانی هیچ بکات، بەو نانە خێرە دەژیا کە دراوسێکان پێیان دەبەخشی. ئەمەش بێزاری دەکرد، ئەو گەنجێکی نزیکەی چواردە ساڵانە،و تەندروست و بەهێزە. چۆن بیر لە گەڕان بە دوای کاردا بکاتەوە لە کاتێکدا بەرپرسیارێتی مەلۆتکەیەکی لە ئەستۆ گرتوە، لەو کاتەی لەدایک بووە دایکی مردووە، لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەبەر برسێتی دەگری.

کێ خزمەتی میکالی قبوڵ دەکات، دوای ئەوەی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی خۆی لە گەڕەکەکەیان دەریانکرد، چونکە بەرگەی ئەو گریانە بەردەوامەیان نەدەگرت،کە بەدرێژایی شەو بەئاگایانی دەهێنانەوە، تەنانەت خودی میکالیش بەم گریانەی سەری سوڕمابوو. بەهۆی کەمخەوی و دڵەڕاوکێی زۆرەوە هەستی بە ماندوێتییەکی زۆر دەکرد، باری قورسی منداڵێکی هەڵگرتوە کە لە ناخۆشترین ساتدا لەدایک بووە، بە لە بەدبەختی خۆی زیندووە ، هەمووان هەستیان بە ئازاری دەکرد، بە نائومێدیەوە ئاواتی مردنیان بۆ دەخواست، چونکە بارگرانیەکی زۆریان بەسەرەوە بو، بەڵام منداڵەکە بە زیندوویی مابوەوە، لە هەژمەتی برسێتی زریکەی دەکرد. میکالی وەک سەرخۆشێک دەهات و دەچوو.

فلسێکیشی پێنەبوو، تاکو شیر بۆ مناڵە ساواکە بکڕێت، ژنێکیش نەبوو بیخاتە بەر مەمکی و شیری پێبدات، ئەمەش هۆکارێکی بەس بو بەرەو شێتی ببات.

دوای چەند ڕۆژێک میکالی بە لەدەستدانی تواناکانی خۆی، بە ئازارەوە بەرەو ئەودیوی کەمپەکە ڕۆیشت، خێوەتگای ئەنادۆڵییەکانی لێبوو، لە کۆمەڵکوژییەکانی تورکیا لە ئاسیای ناوەڕاست هەڵاتبوون، دوای ئەوەی پێی گوترا دایانگەیەک هەیە، دەتوانێت ئاگاداری منداڵەکە بێت. ئۆردوگاکەیان هێندەی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژیا شپرزەتربوو، پیرەژنەکان لەسەر بەڕە حەسیری داخراوی سەر زەوی دانیشتبوون، منداڵە پێ پەتیەکانیشیان لە گۆماوێکی پیسدا یارییان دەکرد. کاتێک

نزیـک بـووەوە، چەنـد پیرەژنێـک لەبەری هەسـتان بـۆ ئەوەی لێیبپرسـن چـی دەوێت،بەڵام ئەو بەردەوام بوو لە ڕۆیشتنەکەی، لەبەردەم چادرێکی کراوەدا وەستا، لە ناوەوە ئایکۆنێکی پاکیزەی پیرۆز دەرکەوت، گـوێی لە دەنگـی گریـانی منـداڵێک بـوو، بەرەو ڕووی ئـایکۆنە پـاکیزەکە بەزمـانی یونـانی گـوتی: ڕەحـم بەم هەتیـوە ئەرمەنـیە هەژارە بـکەن، کەمێـک شـیری پـێ بـدەن، کچێکـی قـژزەردی جـوان و میهرەبان، منـداڵێکی بە دووچـاوە نـیمچە داخـراو لەسـەر قـۆڵی هەڵگرتبـوو شـیری خۆی پێدەدا. وەڵامیدایەوە:

- منداڵە تازە لەدایکبووەکەمان پیشان بدە. کچە یان کوڕ؟

دڵـــی میکـــالی لە خۆشـــیدا وەســـەما کەوت، ژمـــارەیەک لە ژنـــانی دەوروبەر نزیکبوونەوە بۆ یارمەتیدانی تا قونداخەی پشتی کە منـداڵەکەی تیایـدا هەڵگرتبـوو دایبنێـت، داچەمـانەوە بۆسـەیرکردنی، بە ترسـەوە قیژانـدیان، چـونکە منـداڵەکە لەمــرۆڤ نەدەچــوو.ئەو ئەهریمەنێــک بــوو! ســەرێکی ئاوســاو بــوو، جــگە لە پەنجەگەورەی بە مـژین ئاوسـاوی ، کە لەنـاو دەمیـدا جێگـای نەدەبـوەوە. شـیری نەخواردبوو، بینینی ئەوەندە ترسـناک بـوو تەنـانەت خـودی میکـالی بە ترسـێکەوە پاشەکشـــەی کـــرد. یەکێـــک لە پیرەژنەکـــان هـــاواری کـــرد: ئـــای مەریەم! ئەوە خوێنمژێکی ڕاسـتەقینەیە. ئەگەر شیریشـم هەبـوایە نـاوێرم پـێ بدەم. پیرەژنێکـی دیکە زیادی کرد: ئەوە بەربەرییەکی ڕاستەقینەیە. کـوڕێکی ڕاسـتەقینەی تورکـانە. جارێکی تر هەرگیز پێت لەم شوێنە دانەنێی. پیرێژنێکی ناشـیرین ڕوی تێکـرد؛ تـۆ بەختێکـی خراپمـان بـۆ دەهێنیـت، بەهەڕەشـەی هەمویـان چاوەکـانی پـڕ بـوون لە فرمێسک، چونکە منالەکە لەبرسان دەمرێت، بروسکەیەکی سارد بەدەماری پشـتیدا گەڕا. کـاتێ بیـرۆکەی ئەوەی بـۆ هـات منـاڵێکی کێـوی پێیە، میکـالی هەسـتی بە تەنیایی و ونبوون دەکرد هێشتا هەوا گەرمبوو ویستی لە سێبەری کوخێکدا پشـوێ بـدات، وڵاتەکەی لەبەردەمـدا وەک پانتـاییەک و دیمەنێکـی چۆڵەوانی بـێ موبـالات خۆی دەنواند. گـوێی لە زەنگـی کـاتی خـواردن بـوو، دەنـگەکە بیـری هێنـایەوە لە

دوێنێ شەوەوە تامی خواردنی نەکردووەو ناچار دەبێت بە شەقام و دەوروبەری چایخانەکاندابگەڕێت، بەو هیوایەی پاشماوەی سەرەقاپێک یان زبڵێک بدۆزێتەوە لە خواردنی سەگەکان مابێتەوە، بۆیە دەموچاوی بە دەستەکانی داپۆشی و لە نائومێدیدا گریا، کاتێک سەری بەرزکردەوەو بینی پیاوێک لەبەردەمیدا وەستاوە، چاوی لێی بڕیوە میکالی زانی ئەو پیاوە چینییەیە،کە هەمیشە دێتە ئۆردوگاکە بۆ فرۆشتنی حەتحەتۆکە وکاغەزی دیکۆرات، ئەو شتانەی کە هەرگیز کەس لێی نایکڕێت، دانیشتوانی کەمپەکە بە هۆی ڕەنگ و چرچ و لۆچەکانی و چاوەکانیەوە گاڵتەیان پێدەکرد، منداڵەکان هاواریان دەکرد: "پیاوی چینی پیس" میکالی تێبینی کرد، کە پیاوەکە بە میهرەبانییەوە سەیری دەکات،لێوەکانی دەجولێنێت بۆ ئەوەی قسە بکات: "واز لە گریان بێنە کوڕم." - لەگەڵم وەرە. تاکە وەڵامی میکالی ئەوە بوو، بە نابەدلی سەری لەقاند و بیری لەوە کردەوە،کە ڕابکات، چونکە زۆر لە دڕندەیی ڕۆژهەڵاتییەکانی بیستبو، لە ئۆردوگاکەشدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبوبوەوە کە وەک جولەکەکان منداڵی مەسیحی تێیدا دەدزن دەیانکوژن و خوێنیان دەخۆنەوە،بەڵام پیاوەکە بە وەستاوی مایەوەو نەجوڵا بەو پێیەی میکالی لە ناڕەحەتییەکی زۆردا بوو، بەدوایدا ڕۆیشت. لەوە زیاتر چی بەسەر دێت؟ لە کاتی ڕۆیشتنیاندا پێی میکالی خلیسکا، خۆی و منداڵەکە خەریک بوو بکەونە خوارەوە پیاوە چینییەکە لێی نزیک بووەوە و منداڵەکەی بە دەستیەوە هەڵگرت و بە میهرەبانیەوە بەسەر سنگیەوە لە باوەشی گرت.

چەند کێڵگەیەکی چۆڵیان بڕی، پاشان کابرا بەو کوچە بچووکەدا ڕۆیشت، بەرەو کوخێکی بچووکی دار دەچوو، بە باخچەیەکی بچووک دەورە دراوە. لەبەردەم دەرگاکە وەستا و دووجار ترینگەی کرد. هەنگاوێکی سووک بیسترا و ژنێکی بچووک هات دەرگاکە بکاتەوە. کاتێک ئەو دوو پیاوەی بینی، دەموچاوی سوور بووەوەو دواتر بە دەربڕینی زەردەخەنەیەکەوە گەشبووەوە دڵخۆشی بوو. سوکە

کرنۆشێکی بۆ بردن. لە کاتێکدا مایکلی ڕەش هەڵگەڕاوبوولە پاڵ پانیژەوەکەوە وەستابوو، پیاوە چینییەکە پێیگوت:

– تکایە مەترسن. ئەو ژنی منە.

میکالی چووە ژوورەکەوە کە پێدەچوو گەورە بێت، بە پەردەیەکی کاغەزی لە ناوەڕاست جیاکرابووەوە. سەرەڕای زێدە هەژاریەکەیان پاک و خاوێن بوو، لە گۆشەکەدا بێشکەیەکی لە لقەدار چنراوی بینی.

- ئەمە کۆرپەکەی منە.

ژنەکە سەری داگرت و بە زەردەخەنەیەکەوە لەسەر لێوەکانی وتی: زۆر بچوک و جوانە. وەرە بیبینە.

میکالی بەبێدەنگی نزیک بووەوە بە منداڵەکە سەرسام بوو. منداڵێکی کۆمپاکت بوو، تازە لە جەستەی تاریکی دایکی دەرچووبوو. بە ئارامییەوە خەوتبو، بە سەرپۆشێکی زێڕین داپۆشرابوو، وەک ئەوەی پاشایەکی بچووک بێت. دوای ئەوە پیاوەکە دەنگۆی بۆ ژنەکەی کرد و داوای لێکرد لەسەر حەسیرەکە دابنیشێت بێ ئەوەی هیچ بڵێت، منداڵە بچووکەکەی کە بەهۆی برسێتی هەنسکی لێبڕابوو ، لە کۆشی دانا. ژنەکە بە سەرسوڕمانەوە لێیڕوانی و پەڕۆکەکەی کردەوە ئێسکەپەیکەرێکی منداڵێکی بچووکی ترسناک دەرکەوت، هاوارێکی تیژو خەمباری لێ دەرچوو، پاشان منداڵەکەی لە باوەشناو بە سنگیەوەی گرت، بە ئاماژەیەکی بەئەدەبەوە، لێواری کراسەکەی بەسەر مەمکە قیتە بە شیر ئاوساوەکەی هەڵکێشا، شیری بە منداڵە برسیە کەدا.

***

(*) خاتو لیلیکا چیرۆکنووس، ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس، ژنە نووسەرە بەراییەکانی یونانە و لەشەڕی جیهانی دووەم لە ناو ئالۆزیەکانی داگیرکاری نازییەکان بۆ یۆنان وەک پەرستارێکی خۆبەخش لەمەیدانی شەڕ مایەوە، ئەو کاتە ژنەڕۆژنامەنووس بوو، (دۆزەخی منداڵان) یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بوو. ئەمەش یەکێکە لە کورتەچیرۆکە بەناوبانگەکانی،کە بۆ زۆرینەی زمانە جیهانییەکان وەرگێڕدراوە.

# ڕەشەڕەیحانە



o مستەفا سوڵتانی- سوید

ڕۆمانی ڕەشەڕەیحانە، تێکڵاوێک لە ئەڤین و تراژدیدی و ڕۆمانێکی غەرامی و ڕۆمانتیک و دڵنشینە. ڕۆمانێکە هەڵگری ئەڤینی بێگەرد و سیحراویە، کە شێوازی گفتوگۆکان وئارگۆمێنتەکان[1] پڕ ئاریشەیە. سەرجەم ١٩٤ لاپەڕەیە و لە حەوت بەش پێکهاتووە.

جەنابی کاک حەمەڕەزا بەهمەنی، نووسەری ڕۆمانی ڕەشەڕەیحانەیە و ڕەمزەکانی بەجۆرێکی پسپۆڕانە و لێزانانە ڕیزکردووەو ئافڕاندووە، کە شووشە عەتری لێخولقاوە. ڕەمزەکان قسەی دڵی ئەڤینداران دەگێڕێتەوەو سنوورەکانی چێژی خوێندنەوە، تا خەیاڵ بڕ بکات بەرفراوان دەکات. جەنابی کاک سەرکاو فیرۆز ڕۆمانەکەی بە دیالکتی سۆرانی تەرجومە کردوەتەوەو وەشانخانەی (٤٩)ی کتێب، لەسالی ٢٠٢٥ی زاینی لە سوید چاپ و بڵاوی کردوەتەوە.

خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە ناسک و پڕ ناوەڕۆکە، بە گشت ڕێبوارانی ڕێگای ئەدەبیات و هۆگرانی چارەنووسی گەلی کورد و توێژی خوێنەری وردبینی ژیر، رادەسپێرم و پێشنیار دەکەم.

## یەکەم: پێڤاژەی داڕشتنی ڕۆمانەکە!

فەزا و بەستێنی ئەڤین و دڵداری لەم ڕۆمانەدا بۆ دەڤەری زۆر جوان و دڵڕفێنی هەورامان تەرخان کراوە. بژاردەی هەوەڵ لە گوندی خانەگا کە لە خوارەوەی شاری پاوە هەڵکەوتووە دەس پێدەکات. هەڵگری تان و پۆی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی هەورامانە، کە بەشێوازی دڵگەشین داڕژاوەو وەک حەڵقەی زەنجیر وتار و باسەکان پێکەوە چۆڵە پێچن دراون.

کاراکتەرەکان لە ڕێگای گفتوگۆکانیانەوە خۆیان دەناسێنن. ژینگەی هەورامان هەوێن و ئامیانی پەیوەندیەکانە. لە ئیستعارە و میتافور[٢] وەک ئامێری بێ هاوتا، بە جوانترین فۆرم لە وتارەکاندا کەڵک وەرگیراوە وپەخشانی ناسک و جوانی خولقاندووە. نموونەی بەرچاوی میتافۆر




وەک: هەرسێک بوو کتوپڕ نیشتە ناو ڕەوتی ژیانییەوە، سێبەری عەشق، لەوە دەچێت شەرا بردبێتمی، چۆخەو ڕانکی ژەرەژیی[٣]، نەیجەی شمێران[٤]، هەناسەی کاڵ، سەگ با هەر لە مانگە شەو بوەڕێ، گوێی سرووشت، شنەی بای بەیان، ئەشکەنجەی عەشق، ملی ڕێگا، نغرۆی خۆشەویستی، گەورەیی شەرمەکە، تای[٥] خۆشەویستیەکەی، کڵپەی سۆزی دڵی، شەوقی دەیدەی لەگەڵ شەوقی مانگە شەوەکەدا، کە تازە لە دەم کەل سەری دەر هێنابوو، یا گاڵ دێنێ یا گەنم، شەرمی نیگای نازەنین، دەروونی وەک کڵپەی تەنوور

نـرکەی دەهـات، مەلـی خەیـاڵی دای لە شەقەی باڵ.

## دووهەم: هـــزر و بیـــری نویخـــواز وبژاردەکان

ڕۆمـان دەتوانێـت ڕۆڵێکـی دیـار و گرینـــگ لە داهێنـــان و ناســـاندنی " نەتەوە" بگێڕێــــت و بە زهنیەتـــــی شـــارۆمەندان فـــورم و قەوارەی نـــوێ ببەخشـێت. ڕۆمـان بـۆ نەتەوەیەک کە خـاوەنی دەوڵەتـی خـۆی نیـیە(*) فـرە هەستیار و گرانبەهایە. ڕۆماننووسەکان، شاعیران و نووسـەرەکان وەک مـوعەلیم لە ســـەر هـــزر و فیکـــری جەمـــاوەر کارتێکەری و تەئسیری بەنرخیـان هەیە و ڕاسـتەوخۆ وشـیاری نەتەوەیـی بەرز دەکەنەوەو پێکهێنـانی دیاردەی نەتەوە هەمـــوار دەکەن. ڕۆمـــانی کـــوردی دەتوانێـــت دەســـەڵاتی فەرهەنگـــی و کولتوری زمانەکانی عەرەبی، تـورکی و فارســـــی بەرتەســـــک کـــــاتەوە و بەشارۆمەندان متمـانە بـدات، کە زمـانی کوردی فرە دەوڵەمەندە. ڕۆماننووس لە کانـاڵی داسـتانەوە ئاسـتی وشـیاری شـارۆمەندان لە بەرانـبەر چارەنووسـی خۆیـان بەرز دەکـاتەوە. باسـەکان لە قەوارەی ڕۆمانـــدا دەبێـــتە ئـــامرازی پەیوەنـــدی نووســـەر و دەورووبەری لە ئێستا، ڕابردوو و بگرە لە داهاتوویشدا.

ڕۆمان لە وڵاتـی کوردسـتان خەریـکە شانبەشـانی مۆدێرنیزاسـیون و پۆسـت مودێرنیزم گەشـە دەکـات. ئەرکـی سـەر شـانی ڕۆمـانە کە برینـی کـۆن و نـوێی شـــارۆمەندانی کـــورد ســـاڕێژ بکـــات. شـێوەی نووسـینی رۆمـانەکە پەخشـان ئاســـایە و لە زۆر بـــواردا شـــارەزایانە وەسـفی شـوێنی ژینگەیـی هەورامـانی کـــردووە. چ نووســـەر و چ وەرگێـــڕ لە دارشـــتن و هەمـــوارکردنی باســـەکان و ئامـاژە بە فۆڵکلـۆری کـوردی و یاسـا نەنووســـــراوەکانی نێـــو کۆمەڵگـــا و گواســـــتنەوەی پەیـــامە ئاشـــکرا و نهێنیەکـان، سـەرجەم فـرە بەخـتەوەر و سـەرکەوتوون و پیرۆزباییتـان پـێ عەرز دەکەم و هەردووکیـــان شـــیاوی ڕێـــز و حـــورمەتن. لەم ڕۆمـــانەدا ئامـــاژەی ڕاســـتەوخۆ بە کولتـــوری دڵخـــوازی عەدالەتخـــوازانە و مرۆڤدۆســـتانەی هەورامـان کـراوە. بەو مانـا کە کچـان و کـوڕان تـاڕادەیەکی دڵخۆشـکەر ئـازاد و

سەربەستن و دەتوانن پێکەوە قسە بکەن و لە شەرم و داب و نەریتی کۆن تائاستێکی ڕێگە پێدراو دوور کەوتوونەتەوە. لە شایی، گۆڤەند و زەماوەندو لە هەڵپەرکێی ڕەشبەڵک پێکەوە هەڵدەپەڕن. ژنان و پیاوان بە یەکەوە نان دەخۆن. ڕۆمانەکە لە هەڵویستی نازەنین کە چووە بۆ هەوار ئاوا نەقڵی قەوڵ دەکات: نازەنین کاتێک سەیری کچ و کوڕە هەوارنشینەکانی دەکرد، وا بە ئازادی و بەدڵی پاکەوە لەگەڵ یەکتری قسەیان دەکرد و بە گوڵە چنوور دەکێشن بە یەکتردا و یاری دەکەن... لە ڕێگاکەدا کچ و کوڕە هەورانشینەکان، قرموقاڵ و پێکەنینیان لە کەمەرەکاندا[٦] دەنگی دەدایەوە. لە حاڵێکدا، ئەم دیاردەیە لەلایەن یاسا نەنووسراوەکانی کۆمەڵگا زەخت و فشاری بینراو و نە بینراوی لەسەر کوڕان و کچان و پێڤاژەی دڵداری و ئەڤین و خۆشەویستیان لە ناوچەکانی تر قورسایی دەکات. ئەگەرچی جڤاتی کوردەواری لەقان لەقان بواری گەشەو پێشکەوتن دەپێوێت، بەڵام نووسەر لە سەر بنەمای ڕەوتی گەشەنەکردنی بەرچاوی کۆمەڵگا، بە دەستەواژەکانی دادوەری عەشایەری و یاسای نەنووسراوی کۆن و کات بەسەرچوو ئاماژەی کردووە. لە هەمان کاتدا لە دەورانی گلوبالیزم و گەشەی تیژ تێپەڕی تیکنۆلۆژی، ئیشی مرۆڤ بە پیاوانە و ژنانە دابەش ناکرێن. و یەکێک لە خالە پۆزیتیڤەکانی ئەم ڕۆمانە شکاندنی کۆد و یاسا کات بەسەرچوەکانە و لە ڕەوتی بێ ڕاوەستانی گۆڕاندا، بنەما بەربەستەکانی شکاندووە. خوازبینی هەڕالە بۆ مەنسوور لە لایەن سامانەوە، و بێ حوزووری دایک و باوکی، ڕاستەخۆ کۆدە داسەپیوەکان و نەریتەکانی کۆمەلگای شکاندووە و، هەڵگری هزر و بیری نوێخواز و پێشکەوتووە. ڕوودانی کارەساتە دڵتەزینەکان و گێژی گێژاوی کۆمەڵگا، لە ڕۆمانەکەدا وەک تۆڕی جاڵجالۆکە پێکەوە گرێدراون و پەیوەندی دڵگیریان هەیە.

کە شارەزایی و دەسەڵاتی ئەدەبی و بیر و هزری ڕۆمانتیکی نووسەر لە بواری نووسیندا نوێنەرایەتی و پەیامی مودێرن بانگەواز دەکات و فرە لێزانانە

وتارەکـانی ڕازانـدوەتەوە. وەک ئاسـن ڕفـێن بە جۆرێـک خـوێنەر پەلکـێش دەکات، کە تـام و جێـژی خوێنـدنەوەی هەموو ڕۆمانەکە دەخوازێت و سـەرەنجی خـوێنەر هەڵـۆگیر و بەنـد دەکـات. لە هەمان کاتدا جەناب کاک سەرکاو فیرۆز ئازایـانە و زانایـانە کـوردییەکی بـێ گرێوگوڵ و پـاراوی پێشکەش کـردووەو هەسـت و هەڵویسـت و کولتـوری کۆمەڵایەتی و ئاسۆی بیریانی بە جوانی لێکـداوەتەوەو بەشـێوەیەک تەرجـومەی کـردووەتەوە، کە خـوێنەر لە کـردەوەی مـرۆڤە خراپەکـان دڵمەنـدو بێـزی دەشـێویتەوەو لە کـردەوەی مـرۆڤە چاکەکـان فـرە ڕازیە و هاوکـات ڕۆمـانەکەی بەشـێوەیەکی دلخـواز ڕازانـدوەتەوە. هەنـدی وشـەی کـوردی وەک: پەڕان پەڕ، پـاگیرە، بێرەگـا، کەوێـڵ، شـەنیار، سـوەیلی پـاییز، زڕەتووەکـان، قەرەچـۆڵ، هەوار و کەمکـۆڵە گـوێزی بەکارهێنـاوە، کە لە بەر دڵانـن و دەقـی تەرجـومەکەی ڕازانـدوەتەوە. چ نووسـەر و چ وەرگێـڕ ڕەنجی فراوانیان کێشاوە و شـیاوی ڕێـز و حورمەت و قەدرزانین.

**سێهەم: لێکچوونی شێوەکار**

کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی سـەرچاوەی ئەدەبـی جۆراوجـۆر، بە نووسـەرانی پێشـکەش دەکـات. ئەگەر سـەرچاوە و ماتریـال و کەرەسـەکان هـی کۆمەڵگایەکی هاوتراز بێت، خولقانـدنی هونەری ئەدەبی جیاواز فـرە و فـراوان نـیە. کەرەسـەی ژیـانی شـارۆمەندان ئاسـتی بەرز و نزمـی هەیە. نووسـەر لەسـەر تواناکـانی خـۆی هـونەری ڕیالیسـت، ڕۆمانتیـک و سوورەئالیسـت دەخولقێنێـت. پێمـوایە لێکچونێـک لە نێوان ڕۆمانی" ڕەشەڕەیحانە" و ڕۆمـانی گۆنـا[٨] کە جەنـاب دوکتـور نەبـی فەتاحی نووسیوە و هەر دوو نووسەر لە کۆمەڵگـایەکی هـاوتراز ئیلهامیـان وەرگرتـوە بەرچـاو دەکەوێـت. شـک و گومانی تێدا نییە، کە فورمی داڕشـتن و نـوێنەرایەتی پاڵەوانەکـان و قسـەی ئاسایی شارۆمەندان و باسی ژینگە لەم دوو ڕۆمانە دەقاق و دەق وەک یەک نین و جیـاوازی بۆچـون و مەیلـی هـونەری هەر هەیە. لە هەمانکاتـدا خـاڵە هاوبەشـەکانی ئاسـۆی بیرکـردنەوەی هەردوو نووسـەر لە یەکتـر دوور نـین.

چونکە تان و پۆ و بەستێنی هەردوو ڕۆمان و باسەکان دەڤەری هەورامانە. لە داب و نەریت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچەیە و ترادیسیونی[٧] شارۆمەندانی هەورامان کەڵکی چاکیان وەرگرتووە. ئەگەر بە ویجدانی ئاسودەوە ئەم دوو ڕۆمانە لە تای تەرازوو دانێن، هەر دووکیان سەرکەوتوو و دەسکەوتێکی گرانبەهای بواری ڕۆمانن و زەمینەیان بۆ گەلاڵەی دروستبوونی" نەتەوە" هەموار کردووەو بەڕاشکاوی کارێکی بەنرخ و ترۆپکی بەرزیان فەتح کردووە.

## چوارم: فینۆمنی[٨] ژینگە و هەوارنشینی هەورامان

لە ڕۆمانی ڕەشەڕەیحانە، زۆر شارەزایانە و پسپۆڕانە شوێنی ژینگەی هەورامان و بە تایبەت شاخی هەزار بەهەزاری دەڤەرکە و فورمی ژیواری لە چەند پاراگرافدا، ئانالیز و شیکراوەتەوە. وەک نموونەی هەواری سێملە، ڕووەکە بۆنخۆشەکان وەک بەرزەڵنگ، لۆ، چنوور، وەرکەمەر، هەڵاڵە برمە و شللیر. ئاماژەی ورد و لێزانانە بە کولتور وکۆچی دەورانی کۆن و تازەی هەوارنشینی جەماوەر کراوە. شارۆمەندانی هەورامان لە کۆنی کۆنەوە بەرەو بەرزاییەکانی کویستانەکان کۆچ دەکەن و لە جێگایەک بە نێوی هەوار ستار[٩] دەگرن. شارۆمەندان ژیانێکی ساکار و پڕ لە ڕەنج و شادیان هەیە. زۆر ترین پەیوەندی و نزیکایەتیان لە گەڵ ژینگە و سروشت، کەش و هەوای ساف و بێگەرد، ئاوی خاوێن و کانیاوی هەزار نۆش، چاڵە بەفرەکان و بەفراو، سوڕانی نەپساوەی هەتاو و مانگ و ئەستیرەکان، دەنگی خۆشنەوازی ژەرەژ، باڵندە دەنگ خۆشەکانی و سروشتی بێ هاوتای کوێستان دەبێت. ئەگەر چی ئاوی کانی بۆ مەسرەفی ڕۆژانەیە، ئەمما لە بەفرەچاڵەکان بەفر دێنە خوارەوە و بۆ پاراستنی خواردەمەنی کەڵکی لێوەردەگرن و لە بنەڕتدا وەک بەدیل و ئاڵترناتیڤی سەهۆڵخانەو یەخچاڵ دەور دەبینێت.

## پێنجەم: پاڵەوان و کاراکترەکان!

نازەنین و سامان بەتایبەتی دەوری پاڵەوان و قارەمان لەم داستانەدا دەگێڕن.

نازەنین: کچێکی شۆخ و شەنگە، کە لە گـوڵی هەنـار و نێرگـزی لانـزار و، وەنەوشەی ناو پەرژین دەچێت، یەکێک لە پاڵەوانەکـــان و سیماوستاتوســـی ڕۆمانەکەیە. نازەنین خوێندەوارە و وەک مامۆسـتا و پێداگۆگ لە گونـدی نسارە ئـیش دەکـات. لە سـەر بنەمـای وەفـا، خۆشەویستی، عەشقی بێگەرد، بڕیـار و متمانە بەخۆ و گوێ نەدان بە کولتـوری بـاو، تـا ئەو ئاسـتە بـۆی گونجـاوە هەر تەمـایەری گەیشـتن بە سـامان بـووە و ئاریشـــەی کـــۆمەڵایەتی و ڕەوتـــی ڕووداوەکـان بە پـێچەوانە ئارەزووەکـانی هەڵسـوڕاوە. نـازەنین بـۆ گەیشـتن بە ســامان ڕەش بــین نــیە، بەڵکــوو گەشبینە. لە پێچە دژوارەکـانی مێـژوودا ڕەشـەبای نەهـامەت بەرەو خـوارەوەی عێـراق لـوولی داوە وناچـار کـراوە، هەورامان بەجێ بێڵێت و نە خـوازراو لە گەڵ بنەمـاڵەکەی بەرەو عێـراق کـۆچ بکات.

بورهان ئاشنایەکی ناجوامێر، بێزراو، دڵڕەق، بێفەڕ و ئیسکقورس کە چەندین جار خوازبینی لێکردووە لەو سـەفەرەدا لە گەڵیـان دەبێـت. نـازەنین لە گێـژی گیـژاو دەکەوێـت و سـەر لەئوردووگـای. زۆرەملـی دەردێنێـت و تـاڵاوی ژیـان دەنۆشـێت. شــەڕی مــاڵوێرانکەری دوو دیکتـاتۆری ملهـوڕ: سـەدام و خـومەینی دەبێــــتە خــــاڵی وەرچەرخــــانی چارەنووســـەکان و دەڤەرەکە وێـران و کامبــاخ دەکـات. نـازەنین لەو بیابـانە بـێکەس دەبێـت و هـیچ کەسـێک لە نزیکیدا نیە تا دەستی بۆ یارمەتی درێژ کـاتەوە. برینـی نـامۆیی و تەنیـایی و بێــــدەرەتانی ئــــازاری دەدات و لە دۆزەخێـک دەکەوێت کە ژیـانی ڕۆژانەی لە تاڵ تاڵتر دەبێت. لە کۆچی نـابەدڵی هەر وەفـادار و باوەڕمەنـدە و نـامە بـۆ ســامان دەنووسـێت. پەرچە کــرداری نازنین لەو بارودۆخە ترسـناک و تـاقەت پڕووکێنە، پێشوازی لە ژیان و ژانەکانی بووە.

کــابرای هاوســەفەریان کــردەوەی نـاخۆش و ترسـێنەری هەبـووەو بە زڕە مەلایەکی عەرەب پەنا دەبا و نەخوازراو نـازەنین بـۆ جەنـابی مـارەی دەکـات. کتــوپڕ لەگەڵ مێــردی نەخـــوازراوی و هەواری کــوڕی و لە میوانخــانەیەک لە شــاری لەنــدەن ســامان و هاوســەری

هینــدی و ڕەیحــانەی کچیــان دیــدار دەکات. نازەنین هەڵۆ ئاسا لە شـەقەی بــاڵ دەدات و هەمــوو بیرەوەرییەکــان، بەسەرهاتەکان و ڕاستیەکان باسدەکات و بەڕاشکاوی ڕاستنوێنی پێوەدیارە.

کوڵی دڵـی بـۆ مێردەکەی و هەواری کــــوڕی هەڵــــدەڕێژیت، کە چــــۆن پیاوسـالاری، بێکەسـی، لێکەوتەکـان و کەمەنــــد و داوی نەبێنــــراوی شـــەڕ، هەژاری، ســــەرگەردانی، ئــــاوارەیی، مــاڵوێرانی و ئــازار ناچــار بەکۆچیــان کــردووە و لە بــارودۆخی زۆر دژوار و نــادڵخواز، بە کەسـێک کە قەد خۆشـی نەویستوە مێرد بکات.

**ســامان:** خوێنــدەوار و لە زانکــۆ خوێنــدوویەتی. کــوڕێکی جوانخــاس و جوامێرە، ئـیش دەکـات و ڕوونـاکبیرە و خاوەن هەژمونی سیاسیە و هزر و بیری چینــــایەتی هەیە و هەژار پــــارێزە. عەدالەتــــی کــــۆمەڵایەتی لە بنەمــــا فیکریەکـانی شـکۆدار و شـیاوی ڕێـز و نرخی گرانبەهای هەیە.

دەســــەڵاتی سیاســــی و هێــــزی ســــەرکوتگەر کە باڵەکــانی ئــازادی و دیموکراســی هەڵــدەپاچن، بەرەنگــاری نهێنــــی و ئاشــــکرای لێــــدەکەویتەوە. بەمەبەســــتی ڕووخــــانی سیســــتەمی پاشــــایەتی، ئەو وەک پلانــــداڕێژ و بەیــارمەتی هەڤاڵەکــانی، لە پڕۆســەی بەرخــــودان، بەرەنگــــاری و خەبــــاتی مەدەنـی لە شـاری نەوسـوود بەشـداری چالاکـانە دەکـات. پـولیس وشـیارانە یـا ناوشـیارانە دەسـتبەندی دەکـات و بـۆ مــاوەیەک زینــدانی دەکرێــت. زینــدان نەیتوانی جێگای کەسایەتی سامان لێـژ و لەق بکــات. ئەگەرچــی ســامان لە ئەڤینی نـازەنین دەسـوتا، بەڵام شـەڕی نەخوازراوی ئێران و عێراق ژیانی سامان و نــازنینی تێکــدا و لەیەک هەڵبــڕان و بەیەک نەگەیشــتن، بەڵام لە تــاراوگە و دیاســـــپۆرا[١٠] یەکتــــر دەبیــــنەوە. چارەنووســی ســامان بــۆ خــوێنەران هەرس[١١] ناکرێــــت و ئارەزووەکــــانی سامان هەرەس[١٢] دێنێت و بەسـەرهاتی ئەم دوو دڵــــداره تراومــــایەکی[١٣] ئازاربەخشـە. دیـاردەی ڕەدووکەوتنـیش لە هەورامــان ئاســایی نیــیە و بگــرە نەفــرین کــراوە. ئەممــا لە بــواری پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتیەکـان لە لەنـدەن بەیەکگەیشــتنەوە. پێــدەچێت ســامان

کچەکەی بەیاد و تاسەی ڕەیحانەکانی نێو تەلانی مالی نازنین نێو نابێت "ڕەیحانە" کە لە لەندەن لە گەڵ هەوار کوڕی نازەنین و لە زانکۆ یەکتریان خۆشویستوە.

**شەشەم: چلە پۆپەی ڕۆمانەکە!**

ڕۆماننووس لە بەشی حەوت و ئاخرین کاپیتالی ئامانجی بەرزی پێکاوە و دیسکورسی کەم هاوتا و شکۆداری پێشکەش کردووە. بەشی حەوت شاکاری شاکارەکانە و خوێنەر تووشی کونجکۆلی، تێڕامان، خورپەو ڕاچلەکین دەکات. ئاسۆی چاوەڕوانیەکان کاڵ و ڕەش دەبنەوە تاکو خوێنەر، لە خوێندنەوە بەردەوام دەبێت. هەلکەوتی مێژوویی وا دەبێت کە سامان نزیکترین و خۆشەویستترین و لە هەمانکاتدا دوژمنی چەندین ساڵەی پێشووی خۆی دیدار بکات. کاتەکان و چرکە ساتەکان خۆیان قسە دەکەن و ئاوێنەی بەر هەیوانی ماڵەکەی لە نەوسود و ئاوێنەی مێژوو هەموو تراژیدیەکان بەشێوازی فرە خەماوی وەبیردێنەوەو مێشکی سامان بە یەکجاری داگیر دەکەن. خەم و پەژارەی سامان وەک دەریا شەپۆل دەدا و زۆر بە دژواری لەو کەمەندە خۆی دەرباز دەکات. بەرزایی، درێژایی و بەرینایی خەمەکانی سامان سنوور دەربازدەکەن و سەر لە ئاسمان دەکوتن و، بێ هیوایی بەسەر هیوادا زاڵ دەبێت. ژنە هیندیەکەی و ڕەیحانەی کچی لەو دیدارەدا، سەریان سوڕماوە و ناتوانن هۆی ئاریشەکان شی و لێک بدەنەوە.

**هیواکان بەرز دەفڕن**

بەو هیوایە نووسەران لە داهاتوودا، تان و پۆی ڕۆمانەکانیان، تێهەلکێشیک لە کۆمەلگای مودێرن و کلاسیک بێت. و نرخی پڕاو پڕ بۆ کۆمەلگای سەنعەتی وگەشە کردوو دانین، چونکوو ئاسۆی فڕینی هزر و بیری نووسەر و وەرگێڕ یارمەتی دەدات. خوێندنەوەی شاکاری ئەدەبی نێونەتەوەیی یارمەتیدەرە کە تەم و مژ بڕەوێنێت وئاسۆی سنوورە بەرتەسکەکان ڕووناک کاتەوە. بێگومان زایەلەی فڕینی بەرز لە سەر چۆڕاوەی هزر و بیر و ئەندیشەی نووسەر و وەرگێڕ کاردانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت.

پێویستە هەندێ جار پولیمیکی کاراکتەرەکان لە ئیستگای قەتتار، فرگەی فرۆکە ئاسمان ئێوەکان، کەشتیە دەریا پێوەکان، زانکۆ زانستیەکان، کتێبخانەکان، شارە گەورەکان گەڵاڵە کرێن، کە ئەم شێوەکارە حەتمەن، نرخی ڕەنج و تێکۆشانیان بەرزتر دەکاتەوە و، نووسەرانیش ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان ڕاستەوخۆ دەپێکن. پێویستە دەقەکان لە فورمی لۆکاڵی بەرەو فورمی گلۆبال هەنگاو هەڵگرن. قەڵەمبازێکی لۆژیک لە قاڵب و شێوەی نووسینەکان پێویستە تا ڕێگا بۆ گەیشتنی ڕۆمانی کوردی بە ئاستی جیهانی هەموار کرێت. پێموایە خەسارناسی هەمەلایەنەی کۆمەڵگای کوردستان پێویستە.

ئەو خاڵانە تا ئاستێک باری نیگەتیڤیان هەیە و ناکرێ وەک خاڵی پۆزیتیڤ پۆلێنبەندی کرێن.

نەیاران ناتوانن لە دەسەڵاتی نووسەر و وەرگێڕ لەم ڕۆمانەدا ئیراد و پەلپ و بەهانە و ڕەخنەی بێ بنەما بگرن و یاران و هاوڕێیان و دۆستانیش، نرخی پڕاوپڕ و گرانبەهایان بۆ ڕۆمانەکە لەبەرچاوە و بەچاوی ڕێزەوە هەڵیدەسەنگێنن..

ئایا پیتچن، بژار کارو هەڵەچن بەویجدانی ئاسودەوە کاری خۆیان بە ڕێوەبردووە؟ کەموکوڕیەکان خۆیان نەشاردوەتەوە و لێرە و لەوی دیارن و شک و گومان لەم پێڤاژەیەدا کەم نین. خۆزگە ڕەنگی سەرەتای جلد و ئاخری جلد لە ڕەش ڕەشتر نەدەبوو. ڕەنگی ڕەش ئاستی دەسەڵاتی کێشان و سەرنجی خوێنەران کەم دەکاتەوە و زەوقی خوێنەران بەچاکی ڕاناکێشێت. ئەگەر ڕەنگی جلدەکان ڕووناک و شاد دەبوون بێگومان کاردانەوەی لەسەر خوێنەران بە شێوەیەک لە شێوەکان هەر دەبوو. دەستەواژە نامۆکان لە خانەی پۆزیتیڤ پۆلینبەندی ناکرێن. وەک: بەچاوی خۆی دووکەڵی ئاواتەکانی دەبینی کە دەسووتان. ئایا دووکەڵ دەسوتێ؟ هەواڵی بەربوونی خۆی و مەنسووری بە ئوتۆمەبیلێکدا نارد بۆ نەوسوود. چۆن چۆنی؟ مەگەر سەیارە نامەبەر و گیان لە بەرە؟ تەرجومەی وشەی فیلم، کە ئینگلیزیە،

هەرگیز فلیم نیە. هیوادام هەڵەی تایپی بێت. ئایا دەکرێ لەباتی ڕادیۆ بنووسین ڕدایۆ. لە هەندێ لە وشەکان پیت لەبیر چووەو لە زەمینەی وتارەکان پیتی هێ بە وشەکەوە نەلکاوەو جار جار هێ ئیزافی بەوشەکەوە لکاوە. ئایا نووسنی ورچەی ئەستێرەو پێشمەرگە بەم شێوەیە دروستە؟ ڕەنگە کامپیوتر هەڵەی کردبێت. ئەگێنا پێشمەرگە و، ورشەی ئەستێرە گونجاو تر و مەنتیقیترن. پێدەچێت هەبوونی فەرهەنگۆک و ئیندیکس، بەر بژارێکی باش دەبوو.

دیسامبری ٢٠٢٥ی زاینی

**لێکدانەوەو شیکردنەوەی هەندی وشەو زانیاری پێویست:**

(*) نەتەوەیەک، کە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نیە. کورد وەک نەتەوەیەکی گەورە خراوەتە پەراوێزی مێژوو و زلهێزەکان و کولۆنیالیزم تاوانێگی گەورەیان سەبارەت بە گەلی کورد کردووە.

(١) ئارگۆمینت: گفتوگۆ، مناقشە، بەڵگە.

(٢) مێتافۆر: نوسین؛ کە بە شێوە مەجازی و ئیستعارە وتارەکان دەڕازێنێتەوە. بۆ نموونە (کات تیغە، نەیبڕیت، دەتبڕێت!)

(٣) چۆخەو ڕانکی ژەرەژیی: ڕەنگی خۆڵەمێشی، رەنگی بووڵەکەوەیی.

(٤) نەیجە: زەل و قامیش

(٥) تا: گەرمەیاو

(٦) کەمەر: ناوقە، کێو.

(٧) ترادیسیون: دابونەریت، کولتوری گەلەری، پاراستنی نەریتەکان.

(٨) فینۆمن: دیاردە، بەرچاو، دیار.

(٩) ستار گرتن: ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، داسەکنان.

(١٠) دیاسپۆڕا: پرژ و بڵاوبونەوەی نەتەوەکان لە ئاستی جیهاندا. نمونە نەتەوەکانی جوولەکە، ئەرمەنی، فەلەستینی و کورد، کە نەخوازراو ئاوارەو لە تاراوگە دەژین.

(١١) هەرس: تواندنەوە و هەزم کردن

(١٢) هەرەس: داتەپین، داڕووخان.

(١٣) راوما: ڕەوان برین، خەسار، ئازاری دەروونی.

# لە جێگیربوونی مەراقەوە،
# بۆ تیشکدانەوەی کرۆک

ئارام حاجی



**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە؛ لەبارەی کتێبی "کرۆکی تیشک"ی شاعیر و هایکیست، سەردار نۆڕێ-وەیە، کە بریتییە لە دووەمین کتێبی هایکوویی نووسەر، لە ساڵی ٢٠٢٥دا بە چاپی گەیاندووە. دیارە ئەم هەوڵەی نووسەر پاش چاپبوونی یەکەمین کتێبی هایکوویی خۆی دێت بەناوی (کەوتنە خوارەوەی مەراق. ٦٠٠ هایکوو. ساڵی ٢٠١٩ چاپی کردووە). گونجاوە ئاماژە بەوەش بدەین؛ هەردوو کتێبەکە لەلایەن 'وەشانخانەی نووسیار'ەوە چاپ و بڵاو کراونەتەوە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان.




"کرۆکی تیشک" ڕاستە لەسەر بەرگ بە یەک ناونیشان بەشداری لە ئەزموونی هایکووی کوردی دەکات، بەڵام لەناواخندا بریتییە لە چوار کتێب و چوار ناونیشانی جیاوازیش بۆ هەر کتێبێکیان؛ کتێبی یەکەم: ڕژانی گزنگ (١٧٤ هایکووی سروشت). کتێبی دووهەم: گوشینی زمان (٣٣٦ هایکووی مرۆیی). کتێبی سێیەم: ڕامان لە زریوەی ئەڤین (٤٧٠ هایکووی عیشق و ئەوینداری). کتێبی چوارەم: گەوزاندنی گڕ (٢٩٠ هایکووی ئیرۆتیکی و پۆرنۆگرافی). کۆی هایکووەکانی کتێب (دیوان)ـەکە ١٢٧٠ هایکووە لە دووتوێی ٧٠١ لاپەڕەدا. لەگەڵ پێشەکییەکی درێژ سەبارەت بە کتێبەکە و چوار سەرباسی دیکەدا؛ بۆ ساغکردنەوەی هەندێک ژمارە و ڕێکەوت و ساڵ و کەس و بابەت، کە پەیوەستن بە دەرکەوتن و مێژووی هایکووەوە لە کوردستانی گەورە. نایشارمەوە، نۆڕێ یەک لە هەوڵە جدییەکانی دەنگی هایکووی کوردییە و بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەنی پرۆژەی جدیی خۆیەتی. لە نموونەیەکی سەرەتاییدا، وەک قەبارەی کتێبەکان و وەک سەنگی ناواخنیش، دوو گەورەترین کتێبی هایکیستانی باشوور، هی "سەردار نۆڕێ"یە. لەم توێژینەوەیەدا سەرچیخانە لەبارەی "کەوتنەخوارەوەی مەراق"ەوە دەوەستین و زیاتر تایبەتی دەکەین بە کتێبی "کرۆکی تیشک" و نموونەی لێ وەردەگرین و لە زیاتر لە ڕەهەندێکەوە دەیخوێنینەوە، بە گوێرەی فرەمیتۆدییەک کە زیاتر دەستدەدات بۆ ئێمە، تاکوو باسەکەمانی پێ بەڕێوە ببەین.

**یەکگرتنی هەوڵەکان و دەرکەوتنیان لای داهێنەر:**

ڕەنگە ئەو گوتەزایەی "هیگڵ" باشتر کۆمەکمان بکات، بۆ چوونە ناو

بابەتەکەمانەوە، کە دەڵێت: "هیچ داهێنانێک بە تەنها نییە". لێرەدا هیگڵ زیاتر جەخت لە خودی ئەو زەمینەسازییە دەکاتەوە کە دەبێتە پێشمەرج بۆ کارێکی داهێنراو، نەک خودی داهێنانەکە. بە بڕوای ئەو هیچ داهێنانێک کارێکی لە پڕ و خێرا دەرکەوتە نییە، تاوەکوو مرۆڤی داهێنەر لووتی پێیدا بتەقێ. ئەوەی هەیە، چ لە ڕووی ئەزموون چ لەڕووی کات، لەو پێناوەدا، بەرهەمی کۆشش و ڕابردوویەکی تاقیکراوەیە، بە شێوە ئاگاییەکەی. پاشی ئەمانە، داهێنان لای کەسێک یان چەند کەسێک، لە چوارچێوەی ئەو کایەدا، دەگاتە ئاستی داهێنان و چڵەپۆپ. ئەگەر نموونەیەک وەربگرین؛ دەتوانین بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بەو بزاوتە ئەدەبییە لە فەرەنسا بدەین، کە تاوەکوو ڤیکتۆر هۆگۆ-یش جۆرێکی دیکە لە ئەدەب دەبینین، بەرانبەر بە ئەوەی لەسەر دەستی 'بۆدلێر و ڕامبۆ و مالارمێ' دێتە کایەوە. دەشێ وەک زەمەنێکی دیاریکراو، ئەم گۆڕانە لە ١٨٥٠وە دیاری بکەین و ناوی لێ بنێین: "مۆدێرن". هەوڵەکانی ئەم سێ نووسەرە و هەندێکی دیکە، دەبنە جۆرێک لە ئافراندنی زەمینەسازی و ڕێڕۆشنی لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا، یان جۆرێکی دیکەی ئەدەبیات... تا دەگاتە لەدایکبوونی هەردوو شاکاری "وێرانە خاک"ی ئیلیۆت و "ئۆلیس"ی جەیمس جۆیس لە ١٩٢٢دا. زۆرێک لە تیۆریست و ڕەخنەکارە ئەدەبییەکان، ئەم دوو بەرهەمە بە لوتکەی داهێنانی ئەدەبی، لە قۆناغی مۆدێرندا دادەنێن. بە کورتی؛ هەوڵەکان لە ١٨٥٠وە جۆرێکن لە دۆزینەوە و پشکنین و تاقیکاری، تا دەگاتە سەروەختی داهێنان و لەدایکبوونی هەردوو بەرهەمەکەی ئیلیۆت و جۆیس.

**هایکوو؛ لە قۆناغی تاقیکردنەوەوە بۆ پرۆژە.**

لێرەدا نامەوێت باس لەو ساتەوەختە بکەم، کە هایکوو یەکەم جار کێ لە کوردستانی گەورە نووسی، یاخود ئەو مێژووە دوورەی کە لە ژاپۆنەوە سەری هەڵداوە. بەڵکە زیاتر تیشک دەخەمە سەر ساڵی ٢٠١٧ کاتێک لە باشووری کوردستان و بەتایبەتتر لە گەرمیان، "یانەی هایکووی کوردی" لەسەر دەستی

نووسەر و وەرگێڕ "د. ملکۆ ئەحمەد" دامەزرا. بە شێوەیەکی فراوان و دەستەکۆیی، لە لایەن هایکیستانەوە ڕوو لە یانەکە کرا. هەندێک لە نووسەران پاش وەرگرتنی زانیاریی لەبارەی ئەو فۆرمە شیعرە لە ڕێگەی یانەکەوە، ئیتر گەیشتنە ئەوەی لە شێوەی کتێبدا هایکوو چاپ بکەن. پاشان یانەکە گەیشتە ئاستی دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە هایکوو بەناوی "هایکیست- دوو ژمارەی دەرچوو". لێرەدا هەر کتێبێکی هایکوو چاپ کرابێت، مەبەستم نییە نادیدەی بکەم و بە هەندی وەرنەگرم. ئەسڵەن لەبەر ڕۆشنایی ئەو قسەی هیگڵ کە بە نموونە هێنامانەوە، کوتومت ئەو بەرهەمانەی لە یانەکەوە سەرچاوەیان گرت، بوون بە خودی ئەو زەمینەسازییەی کە وای کرد کتێبی "کەوتنەخوارەوەی مەراق"ی شاعیر و هایکیست؛ "نۆڕێ"ی تێدا لەدایک ببێت، چونکە یانەکە هۆکارێک بوو تاوەکوو نووسەران هەوڵە سەرەتاییەکانیان لەوێدا دابنێن. هەروەتر ئەو نووسەرانەی بەر لە "سەردار نۆڕێ" کتێبی هایکوویان چاپ کردووە، دیسان زەمینەکەیان خۆشتر کرد بۆ هێنانەگۆڕێی کتێبی (کەوتنەخوارەوەی مەراق). بۆرخیس لەبارەی واڵت ویتمان-ەوە دەڵێت: (ماوەیەک بڕوام وابوو 'واڵت ویتمان' نەک تەنیا شاعیرێکی گەورەیە، بەڵکوو تاقانە شاعیرە. جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەموو شاعیرانی دنیا تا ساڵی ١٨٥٥ بێجگە لە ڕێخۆشکردن بۆ هاتنی ویتمان، هیچیان نەکردووە). بۆرخیس، لا ١٧. ئێمە ئەتوانین بەراورد بە بەرهەماکانی تر، چ وەک قەبارە، شێواز، تەکنیک، فرەمانایی، زمان، پێشەکییە تیۆری و مێژووییەکەی.. هتد، ئەوا 'کەوتنەخوارەوەی مەراق' بە جۆرێک لە چڵەپۆپە؛ جیاواز دابنێین. هاوکات هەوڵەکانی پێشتریش جۆرێک لە ڕێگەخۆشکردن بوون بۆ "نۆڕێ" و پێکەوە کەوتنەخوارەوەی مەراق'یان لێکەوتەوە. بە واتایەکی تر، ئەو کتێبەی "نۆڕێ"، دەنگدانەوەیەکی وای هەبوو لە چوونە نێو خوێنەران کە بەر لە ئەو، هایکوو بەو شێوەیە نەچووبووە ناو خەڵکەوە. جا ئەگەر قۆناغێکی بۆ

دابنێین. دەتوانێن بڵێین: لەو کتێبەوە ئیتر "هایکوو" لە ناو خوێنەراندا جێگیر بوو.

لای هایدگەر، چەمکی بوونی ڕەسەنمان هەیە، کە بۆ خۆی دۆخێکی ئاسۆیی دەردەخات، بەرانبەر بەو ڕوانینە میتافیزیکییەی ئەفلاتوون، کە هەمیشە لەسەر بنەمای دوالیستی دادەمەزرێت و زیاتر جەخت لە دامەزراندنی دۆخێکی ستوونی دەکات. وەک بەرز و نزم چاک و خراپ و...هتد. هایدگەر پێی وایە (مرۆڤ ئەنتۆلۆژییانە خاوەن بوونێکی داهێنەرانەیە و بۆ گەیشتن بە بوونی، ڕوو لە داهاتوو دەکات) کەمال، لا ٢٥٣. دیارە بە درشتی لە دەربڕینەکەی هایدەگەر، ئەوە دەخوێنینەوە؛ مرۆڤ بنەڕەتییانە خوازیاری داهێنانە و ڕەسەنە، بەڵام ئەوەی دەیکاتە بوونی ناڕەسەن، زیاتر ژینگە و هەلومەرج و دەزگە کۆمەڵایەتییەکەن و لە جیاوازیی بیرکردنەوە و تایبەتمەندێتی دایدەبڕن و تێکەڵی گشتیی دەکەن. دەتوانین بڵێین: هەموو مرۆڤێک خوازیاری ڕەسەنیی لە گیانیدا هەیە و ناڕەسەن دەکرێت. هەروەها لای هایدگەر مرۆڤ 'هەبوو'ە تا ئەو کاتەی دەبێتە خاوەن پرۆژە، ئیتر دەبێتە 'بوون' نەک 'هەبوو'. لەم میانەدا نۆڕێ بە "کرۆکی تیشک" لە دوای کتێبی 'کەوتنەخوارەوەی مەراق'ەوە، جارێکی تر ڕوو لە ئایندە دەکات، لە هەموو ڕوویەکەوە بە نووسینی کتێبی (کرۆکی تیشک)، کتێبی یەکەمی جێ دەهێڵێت. بە واتایەکی تر؛ سەرەتا هەوڵی هایکیستانی دەوروبەریی، داهاتووی 'نۆڕێ'ن. پاشان کتێبی 'کەوتنەخوارەوەی مەراق' ئەو داهاتوویەتی کە پێی دەگات، ئینجا لێرەوە بۆ داهاتوویەکی تر هات، کە کتێبی (کرۆکی تیشک)ـە. کە توانی لە قۆناغی جێگیربوونەوە بگاتە ئاستی تیشکدانەوەی هایکوو. نۆڕێ بۆ گەیشتن بە بوونی ڕەسەنانەی خۆی، داهاتووی هەڵبژراد، لە ڕێگەی پاراستنی جیاوازی و تایبەتمەندێتییەوە. لێرەدا گرنگە ئاماژە بە هەردوو چەمکی 'ترس' و 'دوودڵی' لای هایدگەر بکەین، پاشان بیبەستینەوە بە وشەی مەراقەوە لە ناونیشانی یەکەمین کتێبی هایکوویی

'نــۆڕێ'دا. زیــاتر لە وشــەی تــرس و دوودڵــی، ئـێمە ڕەهەنـدە دەروونیـیەکە دەبینین و زیـاتر بە ئاراسـتەی خراپیی دەروون و داڕووخـانی مـرۆڤ دەبینـین، لە ڕووی هــزری و دەروونیــیەوە. بــۆ هایدگەر ئەم جۆرە ڕوانینە جەماوەری و نــاچیزەیە. لای هایــدگەر "بــوون" ناتەواویی تێدایە، کەوایە مـرۆڤیش وەک دیـاردەی 'بـوون' دۆخـی نیگەرانـی و دوودڵیی تێدایە، بەرانبەر بە پاراسـتنی بــوونی ڕەســەنانەی خــۆی. ئەم نیگەرانییە هەمیشە وادەکات لە مرۆڤـدا دینامیکییەت هەبێت و ڕوو لە داهـاتوو بکـات، بە هێنـانەگۆڕێی داهێنــان. بـۆ ئەوەی ئەو نــاتەواوییە بکــاتە تەواوی. ئەو 'هەبــوو'ە بکــات بە 'بــوون'. لەم میانەیشــدا قەلەقــی (دوودڵــی) سەرهەڵدەدات، لەوەی ئایا لە ئاییندەدا پرۆژەکەی سەردەگرێت؟ ئایـا دەتوانێـت بگاتە ئەو جـێگەی مەبەسـتییەتی؟ ئایـا دوای ئەوەی دەگــاتە لــوتکەی تــر؟ دەمەوێت بڵـێم: ئەو تـرس و دوودڵـیـە، هایــدگەر وەک پێشــمەرجی مرۆڤــی داهێنەر باسی دەکـات، تەنـانەت لەسـەر بەرگــی کتێــبەکەی 'نــۆڕێ' ڕەنگــی داوەتەوە. بیرمــان نەچێــت وشــەی (مەراق) بــــــریتییە لە دۆخێکــــــی پەنگخــواردووی نــاجێگیر لەبەرانــبەر ئاییندە، کە ئایا سـەردەگرێت یـان نـا؟ لێرەیشــەوە ئەم نیگەرانـی و دوودڵـیـە، ئاییـنــدەیەکی دیــکە دەخەنە بەردەم نۆڕێ، بۆ هێنانەکایەی کتێبـی (کرۆکـی تیشک). نیگەرانی و دوودڵی لە خراپیی دۆخــــی دەروونیــــیەوە دەکــــات بە پێشمەرجی داهێنان. بگرە لای هایـدگەر (ڕۆڵــی شــاعیر، لەم ڕووەوە هیچـی لە ڕۆڵی فەیلەسووف کەمتر نیـیە) کەمـال، لا ٥٦. شــــاعیران و هونەرمەنــــدان بە ڕەسـەن نـاو دەبـات، چـونکە ئەمـانە بە نیگەرانیی و ترس و دوودڵییەکەیـانەوە، ڕوو لە داهــاتوو دەکەن، تــا داهێنــان بـکەن. مـحەمەد کەمـال ئاوەهـا باسـی داهاتوو دەکات لای هایدگەر: (داهاتوو؛ ئەو ئەگەرە نیـیە، کە مـرۆڤ ناچـارانە دەبێــت بیگــاتێ؛ ئاسـۆیەکی فراوانــی ئەگەرەکــانی بــوونێتی، کە دەتوانێــت هەڵیانبژێرێــت و بیانکــات بە پــرۆژە. مەبەستدارێتیی داهـاتوو لە دامەزرانـدنی پرۆژەکــانی بوونـدایە. مرۆڤــی خــاوەن پرۆژە داهاتووییە؛ بەو پرۆژانە مەبەست

بۆ بوونی دیاری دەکات و واتای پێ دەبەخشێت) کەمال. لا ٢٢٥. لێرە پەیوەندییەکی بازنەیی دەبینین لەناو بۆچوونەکەی هایدگەردا، بەو واتایەی تۆ بۆ ئەوەی بوونی خۆت ڕەسەن بکەیت، دەبێ نیگەران و دوودڵ بیت، بۆ ئەمەیش دەست بە پرۆژە دەکەیت. پرۆژەکەیش لەناو کاتێتیدا دەکەوێتە ئایندەی مرۆڤەوە، لەو پرۆژەوە نیگەرانی و دوودڵی دیسانەوە یەخەت دەگرێتەوە بۆ پرۆژەیەکی دیکە بۆ ئاییندە.

**گواستنەوەی زمان لە پەسنەوە بۆ گوزارشت.**

ئەدۆنیس، بەم جۆرە جیاوازیی زمان لەنێوان ئەدیبێکی داهێنەر و ئەدیبێکی تەقلیدی دەکات، بۆ نموونە: (فەرقی نێوان 'ئەبوو نەواس' و شاعیرێکی تەقلیدی ئەوەیە؛ شیعری ئەمەی دوایییان لە تێڕامانێکی زەینییەوە بەرهەم دێت، واتا تەماشای شتەکان دەکات و وەسفیان دەکات، بەڵام "ئەبوو نەواس" ئەم حاڵەتە ڕەت دەکاتەوە و لە خەیاڵێکی جیاوازەوە شیعر دەخوڵقێنێ) ئەدۆنیس، لا ٤٧. واتە شاعیرە تەقلیدییەکە بابەت دەهێنێت و لە ڕێگەی زمانەوە پەسنی دەکات و دەیڕازێنێتەوە. زمان دەخاتەوە خزمەتی بابەت. ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا دەردەکەوێت، بردنی زمانە بۆ لای بابەت، نەک پێچەوانە. بەڵام لە لای داهێنەر، ئیتر شتێک نامێنێت بە ناوی بابەت و پەسن، ئەوەی هەیە بریتییە لە گوزارشتکردن و بەرهەمهێنانی واتای جیاواز. لەم دوو ئاراستەیەدا، لە یەکەمیاندا تاک-واتایی دێتە بەرهەم و گواستنەوەیەکی نزیک لە واقعییە. لە دوومیشیاندا فرە-واتایی دێتە بەرهەم. لای "نۆڕێ" لە کتێبی "کرۆکی تیشک"دا شتێک نییە بە ناوی پەسن و بابەت، ئەوەی هەیە گوزارشتکردنە، ئەمەیش ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات بێشومار واتا بەرهەم بهێنێت. هەروەتر تێکشکاندنی ئەو تەسەورە پێشوەختەی خوێنەرە کە هەیەتی بۆ دەرکەوتنی واتای دەق. هەروەها دابەشکردنی دەقە بەسەر بۆچوونی خوێنەردا.

**هەندێک نموونە لە کتێبی 'کرۆکی تیشک':**

(١)

**بە سەرشۆڕی ژیام**

**یاداشتەکانی تەورێک: لا١٥٧**

(٢)

**موژە پەڕەمووچە،**

**بە حیبری ڕۆندک لە پەڕەی لێو**

**دەنووسێ: ماچ. لا ١٤٦**

(٣)

**پشووی هاوسەرم**

**ئازارابییە؛**

**سووڕی مانگانەی. لا ١٤٤**

**لە نموونەی هایکووی یەکەمدا؛** شاعیر/ هایکیست دوو جار ئەرک و واتای جیاوازی خستووەتە ئەستۆی تەور. بە پێچەوانەی ئەرکە واقیعی و ئەرکە تەقلیدییەکەی و نەریتییەکەی لای شاعیرانی دیکە. تەور؛ لە ڕوانینە واقیعییەکەیدا کەرەستەیەکە بۆ بڕین و تلێشاندن و کەرتکردن، بۆ پێداویستییەکانی مرۆڤ، ئەمە وەک ئەرکی یەکەم. ئەوا پاشان لە ئەرکە تەقلیدییەکەیدا کە زیاتر پەیوەستە بەو کۆنتێکستە کولتوورییەی کە هێمایە بۆ خیانەتکردن لە چاند و بنەچەی خۆی. بەو پێیەی کلکی تەور لە خودی دار بەرهەم هێنراوە، کەچی هەر خۆیشی دێت و جارێکی تر خودی دار دەبڕێتەوە و ئامادەی دەکات بۆ سووتاندن و پێداویستییەکانی دیکە. بە واتایەکی تر: لە کۆنتێکستە کولتوورییەکەدا، دار بە تەور دەڵێت: "ئەگەر کلکت لە خۆم نەبووایە، هەرگیز نەتدەبڕیمەوە." واتە: دیسان تەور لە لای نووسەرانی دیکە، هەر بە هێمای خیانەت بەردەوامە و باجی خیانەتەکەی نەداوە. بیریشمان نەچێت لەناو کۆنتێکستە کولتوورییەکەدا واتای ئەوەیش دراوەتە پاڵ تەور، وەک: (تەور هەرگیز کلکی خۆی نایبڕێتەوە). بەڵام ئەمەیان کەمتر بڵاوە، کەمتر وەک نموونە دەهێنرێتەوە.

لای نۆڕێ، ئیتر ئەو ڕوانینە 'بەسەنتەرکراو'ە تێکدەشکێنێت و تەور هێمای خیانەت نییە بە تەنها، بەڵکە بووە بە هێمای سەرشۆڕی و سەرکزیی. لە واتای دووەمیش؛ دەتوانی ئاوها خوێندنەوەی بۆ بکەیت: تەور ئیتر باجی خیانەتەکەی خۆی وەرگرتووەتەوە و سەری شۆڕ کردووە، لە بەرانبەر بڕینی ئەو هەموو دارە/هەموو ستەمە.

واتە؛ دوو جار واتای لە ئەرکی تەوردا گۆڕیوە.

**لە نموونەی هایکووی دووەمدا؛** ئیتر نە ڕۆندک/فرمێسک ئاوێکی شلە و ئاوێکی جەستەیە، و نە موژە وەک موژە ماوەتەوە. لای شاعیرانی دیکە و تایبەتتر کلاسیک، زۆرترین جار جەخت لەوە کراوەتەوە؛ فرمێسک هەر وەک ئاو هێنراوەتەوە ناو دەقەوە و گۆڕان بە سەر واتا فەرهەنگییەکەیدا نەهاتووە. تەنانەت بۆ گوزارەی "موژە"یش دیسان وەک گسک مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. تەنانەت لای زیاتر لە شاعیرێک موژە/مووژە هەر ڕۆڵی گسک-ی بینیوە. بۆ نموونە: لای 'ئەحمەد موختار جاف' و 'بێخود'، موژە هەر گسکە و بووە بە واتایەکی گشتی و جێگە تەسەوری خوێنەر. بەڵام فرمێسک هەر ئاوی جەستەیە و هی دیدەی مرۆڤە:

**لەبۆ جارووبی ڕێگەت حازرم دایم گوڵی ڕەعنا**
**بە گۆزەی پڕ لە ئاوی دیدە و دوو گەسکی موژگانم**

(ئەحمەد موختار جاف)

**بە گۆزەی پڕ لە ئاوی دیدە و گەسکی موژە قوربان**
**لەبۆ تەنزیفی ڕێگەت خادیمی ئاسانەکەی خۆت هات**

(بێخود)

لای "نۆڕێ" ئیتر 'ڕۆندک' ئاوی ڕاستەقینەی دیدە نییە و 'موژە'یش واتای گسک نادات بە دەستەوە. ئیتر لێرەوە واتای دیکە لە 'ڕۆندک' و 'موژە' بار دەکات و ڕۆندک دەبێت بە مۆراو (حیبر) و موژەیش دەبێت بە پەڕەمووچ. تۆی خوێنەر لێرەدا پێشبینییەکانت یاخود وێناکانت کە لەسەر دیدی شاعیرانی دیکە بوونیات نراون، تێکدەشکێت و وەڕاست ناگەڕێت. ئەو وێنا حازرییەی بۆ 'ڕۆندک' و 'موژە'ت ئامادە کردووە، لێرە بە دواوە ئیشی پێ ناکرێت. دەتوانین بڵێین: گوزارشتەکانی نۆڕێی شاعیر/هایکیست لێرەدا هەمیشە ڕوو لە نەزانراو دەکات. لە زانراوەوە بەرە و نەزانراو دەچێت. جێگەی خۆیەتی لێرەدا بپرسین: ئایا موژە و ڕۆندک گۆڕاون بۆ مۆراو و پەڕەمووچ؟ ئاخۆ لێو هەمان ڕۆڵی خۆی هەیە؟ بێگومان،

نەخێــر، لێــرەدا لێــو نە خــونچەی پشکووتووە و نە پیتـی (م)ـەکەی لای 'نـالی'یە، بەڵـکوو ڕۆڵـی لێـو بـووە بە تیانووســێک و نووســەر مــاچی تێــدا دەنووسێت، نەک بۆنی پێوە بکات.

**لە نموونەی هایکووی سێیەمدا؛** گەر دیـقەت بـدەین، لەنـاو دنیـای شـمەک و کەرەسـتەکاندا، جۆرێـک لە جێگیـری و نزیکیـــی ڕوانینەکـــان بەدی دەکەیـــن. هەمـوو شـتەکان بەرگـی پەتیبوونیـان پێوە دیارە. جوان هەر جوان و ناشـرین هەر ناشــرین، ســپی و ڕەش و تــاڵ و شیرین، هەموو واتایەکی پەتییان هەیە. هەمـــوو ئەمـــانە کاتێـــک لە ئاســـتە کۆمەڵایەتییەکەدا لێیان دەدوێین، ئـێمە وێنە و واتای پەتیمان چنـگ دەکەوێـت. بەڵام کاتێک شاعیر دێـت و ئەم وێـنە و واتا پەتییـانە بەسـەر دەکـاتەوە، تەنهـا دەستکاریکردنێکی سـادە نییـە، بەڵـکوو جیـاوازیی لە گوزارشتیشـیاندا درووسـت دەبێت و دەخرێنە سەر ڕێڕەوی تـایبەت و جیاواز. بە واتایەکی تـر؛ وشـەکان لە جـــێگەی خۆیـــان دەردەچـــن و هەڵدەخلیســـــکێن. لە بۆچـــــوونە گشتییەکەدا 'پشوو' هەمیشە بـۆ حەوانە و ئاسوودەیییە. هەمیشە دەستهەڵگرتنە لە کارێک بۆ ئەوەی بە هێزیکی دیـکەوە دەست پێ بکەیتەوە. پشوو؛ لێـرە و لە جێگەیەکـی دی، لەنـاو واقیعییەتـدا بـۆ چێژ و کاتبەسەربردنە. لێبووردنی تـۆیە لە ئەرکەکەت و پێـــدانی ئـــازادییەکە. بەڵام 'نۆڕێ' لێرەدا وشەی "پشـوو"ی لە جـــێگەی خـــۆی هەڵخلیســـکاندووە و کردوویەتی بە مایەی ئازار! دەسـتکاریی جوانیی پەتی کردووە. تەنـانەت خـودی پرۆســـــــــــەکەی لە بـــــــــــنەوە هەڵوەشاندووەتەوە.

گەر دیــقەت بــدەین؛ لە گێــڕانەوە ئایینییەکەدا ژنان کە دەکەوێتە 'سووڕی مانگـــانەی' لە ئەرکە ئایینییەکـــان و بەشـێک لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیشـی دەبوورێن. بۆیە تا ئێـرە لەسـەر ئاسـتی واتاییدا هەر 'پشوو'ە. بەڵام پشـوویەکی بەچێژە یان ئازاربەخش؟ بێگومان ئەوی دووەمیانە. ڕەنگە خـوێنەر بڵێـت: دیـدە ئـایینییەکەیش هەر پشـووی پێـی داوە، بەوەی ئەو ئەرکـانە جێبەجـێ نەکـراوە. بەڵام 'نـــۆڕێ' لێـــرەدا جەخـــت لە 'پشوو'ەکە ناکات، وەک ئەو چێـژەی کە

نــوێژ و ڕۆژوو و هەنــدێ شــتی دیــکە ناکات.

ئەوەنـــــدەی جەخــــت لە دیـــــوە ئــازارووییەکەی دەکــات، کە تێکچــوونی مەزاج و بــاری دەروونــی و بێتــاقەتی و وەڕەزییەکەیەتــی، مەبەســتەکە زیــاتر لەوێــدا ڕوون دەبێــتەوە، کاتێــک تــۆ وێنەیەکی گشتی دەخەیتە مێشکتەوە کە ئەمە 'پشـــوو'ە ئەم ژنەی تێـــدایە. بەڵام لە ڕاستیدا 'نۆڕێ' بە پـێچەوانەی ڕوانیـــنە ئـــایینیی و کـــۆمەڵایەتییەکە، پێمـــان دەڵێـــت: ئەگەر ژن پشـــووی نەبێت، ئاسوودە و بێ ئازارترە.

## لە دوالیستییەوە بۆ یەکەی دانەبڕاو:

ئەگەر لەو جیــاوازییە ســەرەتاییەوە دەســت پــێ بکەیــن: پەخشــانە شــیعر بریتـــی بێـــت لە زمـــانێکی شـــێوە ڕوونکردنەوەیی و شیکاری، و شیعریش بریتـــی بێـــت لەو زمـــانەی کە زیـــاتر ســـەروکاری لەگەڵ ڕێخســـتنی زمانـــدا هەبێـــت، ئەوا هـــایکوو؛ بـــریتییە لە ئاماژەکـانی نـاو زمـان. ئەوەی هەیە لە ڕێـــگەی ئامـــاژەوە نیشـــان دەدرێـــت، خــــوێنەریش یەک یەک ئەو پــــارچە ئامـــاژانە بە یەکەوە دەنووســـێنێتەوە تاوەکوو وێنە گەورەکە ببینێت. هایدگەر لەسەر هەدوو چەمکی ئاشکرا و شاراوە یــــاخود دەرکەوتـــوو و دەرخــــراو دەوەســـــتێت، پێیـــــوایە؛ هەمـــــوو قســـەکردنێک لەســـەر بەشـــی دیـــار، قســـەکردنە لەســـەر نادیـــار. هەمـــوو هەڵوەســـتەکردنێک لەســـەر بینـــراو، قسەکردنێکیشــە لەســەر نەبینــراو. لەم بەستێنەدا؛ "ژاک دریـدا" کتێبێکی هەیە بەنــاوی (ژیــان مەرگ)، پیتـــی (و)ی لێکدەر لە نێوان ژیان و مردندا نییە، واتە ئەم دووە دابـڕاو نـین و یەکەیەکـی درێژکراوەن.

بۆ نموونە؛ کاتێک لەبـارەی مەرگەوە دەدوێـــین، لەهەمـــان کـــات لەبـــارەی ژیانیشـــەوە قســـەمان کـردووە. چـونکە ئەمـانە لەنـاو یەکـدا ڕوو دەدەن. بـۆ نموونە؛ کاتێک دەڵێین: تـۆ لێـرە نیـت، بە ناڕاسـتەوخۆ لێـرە باسـی پێویسـتی بوونی تۆ کراوە. کاتێـک دەڵێـین: "ئەم ڕەنگەت پـێ جـوانە". واتە دەگونجێت ڕەنگیش هەبێت لای تـۆ ناشـرین بێـت. ئیتــر لەم ســۆنگەیەوە ئەو دوالیســتییە ئەفلاتوونییە نامێنێت، جوان و ناشرین،

ڕەش و سپی، بەرز و نزم، چاک و خراپ، بینراو و نەبینراو و...هتد، لە بەرانبەر یەکتر دابنەین، بەڵکوو یەک "یەکە"ن و یەکتر تەواو دەکەن، نەک دوو بەشی دابڕاو. بۆ هایکیستیش بەهەمان شێوە؛ کاتێک دیمەنێک دەبینێت و دەیخزێنێتە بەستێنێکی ئەدەبییەوە، بە یەک ئاماژە ئاشکراو شاراوە دەگوازێتەوە ناو ئەو دەقەوە، بە جۆرێکی ڕوونتر؛ هایکیست ئەم تەواوکارییە (دانەبڕاو) دەخاتە ناو دەق ـەوە لە شێوەی ئاماژە. واتە: ئەگەر بۆ شیعر ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین، زمان لە بینراوەوە ببەینە ناو نەبینراو، ئەوە بۆ هایکیست، ئەوەی هەیە بینین و گواستنەوەی ئەو یەکەیە- یە بە ئاماژە، بۆ ناو دەق.

" عەبدولسەلام مەسەدی"یش ئاوا لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە دەدوێت: ( کە کۆمەڵێک وزەی ئاماژەدارە لە گوتاری ئەدەبدا، چونکێ بەوە دەناسرێتەوە،کە لەڕووی ئاماژەوە چڕە و تێیدا ڕاگەیاندن کەم دەبێتەوە، وە ئەم دیاردەیە لە گوتەی ڕۆژانەدا پێچەوانەیە،کاتێ زمان بەمەبەستی سوود بەکاردەهێنرێت). **مەسەدی، لا ٣٩.**

(١)

**گوڵێ لە پەنجەرەوە**

**چاو لە بولبول دادەگرێ،**

**دیلی و ئازادی!** لا ٨٨

(٢)

**زەردەواڵەی بن دارخورما؛**

**سڕن بە سەرمای پاییز،**

**چاوەڕێی چێشتەنگاون.** لا ٨٥

(٣)

**شەو هێلکەیێ ڕەشە،**

**دەیکێشم بە لێواری گزنگدا؛**

**خۆر زەردێنەیە** لا ٧٨

**لە نموونەی هایکووی یەکەمدا؛** سەرەتا، ئەوەی نادیارە لێمانەوە، نازانین ئاخۆ بولبول دیلە یاخود گوڵەکە؟ ئەوەی چاوی خۆشی و شانازیکردن بە ژیانی خۆیەوە دادەگرێت، کامیانە؟ تەنانەت لێرەدا خودی ئاماژەکەیش دیار نییە، چ لە ئێمەوە بۆ ئەوی دیکەی بولبول و گوڵەکە و چ بە پێچەوانەوە، تا بزانین کامیان دیلن و کامیشیان ئازاد؟ لێرەدا زیاتر لە خوێندنەوەیەک لە بەردەستی

خــوێنەردان. خــودی دەقەکە بــووە بە دەرگەیەکی کراوە بۆ کۆکردنەوەی زیاتر لە بۆچوونێک لە دەوری خۆی. لە دێڕی کۆتاییشــدا، وشــەی 'دیلــی و ئــازادی' هــاتوون، بــۆ تەواوکــردن و نیشــاندانی وێنە گشتییەکە. ئێمە کاتێک سەرەنج لە دوو وشەی کۆتایی دەدەین، دابڕاوی هەست پێ دەکەین. بەڵام کاتێک دیقەت دەدەیــنە بەشــی یەکەمــی هــایکووەکە، هــیچ دوالیســتییەک نــابینین، لە وشــەی 'گوڵ'ــەوە تا 'دادەگرێت'، بە بێ وشەی ئەودیــو، دەرەوە، نــاوەوە، مــاڵەوە، دەرەوە، دەربــــڕدراوە و نەخــــراونەتە بەرانبەر یەک. دەکرێ ئەمە نـاو بنێـین ئاماژەی نائاماژە. بە واتـایەکی ڕوونتـر؛ هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ دیلی و ئـازادی کامیــــان، هاوکـــات ئەم نەبــــوونەیش ئامــــاژەیە، بەڵام لە جــۆری نائامــاژە. کەواتە: نۆڕێ/هایکیســـــت لە بەشـــــی یەکەمدا هەردوو بابەتی 'دیلی و ئازادی' بە دانەبڕاویــی گواســتووەتەوە بــۆ نــاو دەق، وەک یەکەیەکــــــی تەواوکەر (دژە ئەفلاتوونی).

**لە نموونەی هایکووی دووەمدا؛** ئێمە سێ دێڕ/ نووسراو دەبینین لەسـەر یەک دانراون، پاشان لە ناوکۆییـدا شـتێکمان پێدەڵێن. بەتـایبەت کاتێک تـۆ شـوێنی هەرسـێ نووسـراوەکە بگۆڕیت، ئەوکـات زیـاتر دەرک بەوە دەکەیـت، تەنهـا سـێ ئامــاژەن نەک ســێ دێــڕی پەیوەســت. چـونکە بە گـۆڕینی جێگەکانیشـیان تـۆ هەمان واتای ناوکۆییت دەستدەکەوێت. هەر لەم سۆنگەیەوە ئەریستۆ باس لەوە دەکــات: ئەوەی واتــا بە ئــێمە دەدات خــــودی ڕیزکــــردن و کەڵەکەبــــوونی وشــەکان نیـیە بە دوای یەکـدا، بەڵـکوو ئەوە یەکێتیــــی نێــــوان وشــــەکانن ئەم واتایـانە بە ئـێمە دەدەن. بـۆ نمـوونە؛ یەکێتیــــیەک لە نێــــوان 'زەردەواڵە و شــیرینیی خورمــا'، 'ســەرما و پــاییز'، 'دەرکەوتنی خۆر و چێشتەنگاو'دا هەیە. ئــێمە ئەم پــارچە ئامــاژانە بە یەکەوە دەنووسـێنینەوە، تـاوەکوو بـزانین وێـنە گشتییەکە چییە لە ناوکۆییدا. تا بزانین دانەبڕاوییەکە کامەیە.

**لە نمــوونەی هــایکووی ســێیەمدا؛** ئەگەر یەکێتییەکـی ڕووکـارانە هەبـوایە، ئەوا دەبوو بە تەنیشت وشەی هێلکەوە، وشــــەی ســــپی هاتبــــا و بە تەنیشــــت دەکێشـم دیـوار و بە تەنیشـت خـۆریش

گزنــگ هاتبــا. بەڵام لەم نمــوونەیەدا دەقەکە هەمــان بۆچــوونی "مەســەدی" دەرەخــات، کە لە ســەرەوە ئاماژەمــان پێـــی دا. واتە: ئەم دەقە کۆمەڵێـــک ئامــاژەی چــڕ و وردن، بــانتریش بــڕۆین ئەوا کۆمەڵێــک ئامـــاژەی هەڵـــڕژاون لەبەردەم خــوێنەردا. "مــحەمەد کەمــال" بــاس لەوە دەکــات: کاتێــک گرنگــی و پێویســتیی زمــان، تەنهــا لە بەســتنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا بەکار دەبەیت، ئەوا تــــۆ تەنیــــا ســـــوود لە زمــــان وەردەگریـــــت، بەڵام کاتێـــک زمــــان دەناســـیت، ئەوا ڕۆڵـــی پێــدەدەیت لە کەشــفکردنی بوونـــدا. سۆســـێر-یـــش جیــاوازی دەکــات لە نێــوان زمــان و قســـەدا، زمـــان دەکرێـــت ملکەچـــی کەمەڵێـک ڕێوشـوێن و یاسـای زانسـتی بێت، بەڵام قسـە گەڕۆک و توانـاداره لە دروسـتکردنی واتـادا. بـۆیە لە نمـوونەی هــایکووی ســێیەمدا، ئەو دەقە زانسـتی زمــان نــایگرێتەوە، بەڵکــوو نازانسـتیی قســە دەیگــرێتەوە، لەو کــۆمەڵە وشــە هەڵڕژاوە (ئاماژە)دا. واتە: شــەو کاتێـک نامێنێت کە گزنگ دێت و هێلکە کاتێـک سپی دەبێـتەوە کە شـەو دەڕەوێـتەوە و زەردێـــنەیش کاتێــک دەردەکەوێــت کە خۆر هەڵدێت.

**ئەنجام:**

ئەوەی لە میــانی ئەم تــوێژینەوەیەدا، هەوڵمـــــان داوە دەریـــــبخەین، ئەوەیە: نووســـەر/ هایکیســـت دوای هەنـــدێک لە هایکیســـتانی ســـەردەمی خـــۆی کتێبـــی چــاپکردووە، کەم تــا زۆر ســـوودی لە ئەزمـــوونی ئەوانـــی دیــکە وەرگرتـــووە، تاکوو ئەو دابڕانە خۆی بیهێنێتە کایەوە و پاشــان جێگیــری بکــات لە هــایکوودا. هەروەهــا 'نــۆڕێ' لە کتێبــی یەکەمیــدا 'کەوتنەخـــوارەوەی مەراق'، بە مەراقەوە کاری کردووە، تاوەکوو کــۆی ئەزمــوونی هاوهایکیســـــتەکانی لای خـــــۆی گلێـــــر بکــاتەوە و هــایکووی کــوردی لە هەوڵــی سەرەتایی و تاقیکارییەوە بخـاتە دۆخـی جێگیری و خاوەن دەنگی کوردییـانەوە. بە تەنیشت چەند هایکیستێکی تـرەوە. ئێـــــزنەو پـــــاش بڵاوکـــــردنەوەی 'کەوتنەخـــــوارەوەی مەراق'، کتێبـــــی 'کرۆکـــــی تیشـــــک'ی وەک قۆنـــــاغی دەرکەوتـــن و تیشــکدانەوەی هــایکوویی کـــــوردی، نووســـــیوە. ئیشـــــکردنی نۆڕێ/نووســـەر لەم کتێبەیانـــدا، زیـــاتر


ئیشکردنە لە سەر سێ ئاراستە (واتا، ئامـاژە، ئیسـتاتیکا/ ئیسـتێتیک)، ئـێمە زیـاتر دووانـی سـەرەتامان بەسـەر کردووەتەوە و لێرەدا بەگرنگمـان زانیـوە خوێندنەوەکەمان بەو دوو هێڵەدا بڕوات. لە 'کرۆکی تیشک'دا وشەکان هەردەم لە هەڵخلیسـاکاندان و بەردەوام خـوێنەر ئاراستە دەکات بۆ واتای نوێ. بەردەوام کـارکردنە لە دوورخسـتنەوە و هەڵوەشـاندنەوەی پێشـبینیی خـوێنەر. لەبـارەی ئاماژەیشـەوە، لە خۆیـدا فەلسەفەی هایکوو لە گوشینی زمـانەوە زیـاتر بەهـا وەردەگرێـت. وەکچـۆن نووسەر لە بەرایی کتێبەکەیدا ئامـاژەی بەوە داوە: هایکوو جێکردنەوەی زەریـا/ دەریـایەکە لە گۆزەیەکـدا. بـۆیە ئەم مـامەڵە ئـابووریەی هایکیسـت لەگەڵ زماندا، وادەکات ئەوەی لەناو شیعردا بە گرێ و ڕستەی بچڕ بچڕ دەردەبڕدرێت، لەنـاو هـایکوودا بە یەک ئامـاژە دەبـێ بگەیەنـرێتە پـێگەی خـۆی. 'نـۆڕێ'؛ کرۆکی زمـان بەکـار دەبـات نەک زمـانی پەیوەنـدی و پەسـنکردن. ئەگەر شـیاو بێـت باشـترە بڵێـین: لێـرەدا نووسـەر زمانناسـە ئینجـا هایکیسـت. ئەم زمانناسـییەی وەهـای کـردووە هەرچیـی مەبەسـتێک کە هەیبـووە، بە شـێوەی ئامـاژە دەربیبڕیـون وەک لەوەی قسـە و ڕۆشـنکردنەوە بێـت. هەروەتـر، ئەم زمـانەی لە دوالیسـتی دەرکـردووە بـۆ یەکەیەکی دانەبڕاوی ئاماژەدار.

**سەرچاوەکان:**


١- سـەردار نـۆڕێ ٢٠٢٥ "کرۆکـی تیشـک" وەشانخانەی نووسیار، چاپی یەکەم.
٢- د.محەمەد کەمال ٢٠١٤ "فەلسەفەی بوون" بڵاوکراوەی ئەندێشە-چاپخانە: تاران
٣ -کاروان عـومەر کاکە سـوور ٢٠٢٤ "ئامـاژە فەلسـەفییەکانی شـێواز و شێوازناسـی" وەشانخانەی نووسیار، چاپی یەکەم.
٤ -کۆمەڵێک نووسەر ١٠١٦ "ئەدۆنیس؛ شاعیر و بیریـار و تیۆریسـت ٢٠١٦ " چاپخـانە: سەردەم.
٥- کۆمەڵێـک نووسـەر ٢٠١٧ "بـۆرخیس، نووسـین تەنیـا خەونێکـی ئاراسـتەکراوە" چاپخانە: سەردەم.
٦- ئەحـمەد موختـار بەگـی جـاف. دیـوان: ڤەژینبوکس.
٧ - بێخود. دیوان: ڤەژینبوکس.
٨- د. مـحەمەد کەمـال ٢٠١١، ئەنتۆلـۆجی بنەڕەتـی و بـوونی مـرۆڤ. بڵاوکـراوەی یانەی قەڵەم. چاپخانە: یاد

# سنووری زمانەکەم سنووری جیهانی منە

لودویگ ویتگنشتاین
و: فەرەیدوون سامان



کتێبی "Tractatu Logico-Philosophicus" (تراکتاتۆس لۆجیکۆ-فیلۆسۆفیکۆس) بەرهەمی بەرایی زماناس ڤیتگنشتاینە، کە تێیدا هەوڵی کێشانی هێڵەکانی نێوان ئەوەی، کە دەتوانرێت بە ڕوونی لە فەلسەفەدا بگوترێ وئەوەی کە پێویستە بێدەنگ بکرێت، بکێشێت. ئەوە لەو بیرۆکەیەدا سەرهەڵدەدات کە پێکهاتەی زمان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی واقیعە و زۆرێک لە کێشەکانی فەلسەفە لە ئەنجامی تێنەگەیشتن لە لۆژیکی زمانەوە سەرچاوەیان گرتووە. مەبەستی سەرەکی کتێبەکە پێناسەکردنی ئەرکی فەلسەفەیە وەک شیکارییەک بۆ زمان، نەک وەک دارشتنی باوەڕەکان یان حوکمەکان سەبارەت بە جیهاندا.

خاڵە سەرەکییەکان:

- **جیهان وەک ڕاستی نەک ئۆبژە**

ویتگنشتاین جیاوازی دەکات لە نێوان "شتەکان" (سادە، دابەشنەکراو) و "ڕاستییەکان" (تێکەڵکردنی شتە بەیەکەوە گرێدراوەکان).

ئەو جیهانەی ئێمە هەستی پێدەکەین، کۆی ڕاستییە ئەگەری و ڕاستەقینەکانە، نەک تەنها لیستی شتەکان.


- **فۆرمی لۆژیکی واقیع**

ڕستە یان گەلاڵە لە زماندا نوێنەرایەتی "وێنەی" ڕاستییەکان دەکەن.

پەیوەندی نێوان توخمەکانی ڕستەیەک هاوشێوەی پەیوەندی نێوان توخمەکانی ڕاستییەک لە واقیعدا.

- **سنووری زمان و سنووری جیهان**

ئەوەی دەتوانرێت بە ڕوونی بە زمان دەرببڕدرێت، ئەوەیە کە دەتوانرێت بیری لێبکرێتەوە.




هەرچی لەوە زیاتر بێت (بەهاکان، جوانیناسی، میتافیزیکی پاک) لە "دەرەوەی" جیهاندایە و دەبێت "بێدەنگ" بێت.

- **شیکاری لۆژیکی زمان**

ئەرکی فەلسەفە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی لۆژیکی زمان، بەمەش چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ناڕوونی یان سەرلێشێواوی زمانەوانییەوە سەرهەڵدەدەن.

شیکاری ئەو پێکهاتە لۆژیکییە ئاشکرا دەکات کە لە ژێر فۆرمولەی زمانەوانی ڕووکەشدا شاراوەتەوە.

- **گەلاڵەی شیکاری و پێشوەختە**

گەلاڵە لۆژیکی و بیرکارییەکان وەسفی واقیع نین، بەڵکو یاساکانی ڕستەسازی خودی زمانن.

ئەوان وەک "چوارچێوە"ی زمان وان، کە بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو ناعەقڵانییەتەوە تێپەڕێنرێت.

- **زمان و مانا و ناعەقڵانیەکان**

مانا ئەگەری نوێنەرایەتیکردنی لۆژیکی واقیعە.

ئەوەی لە ڕێگەی وێنەیەکی لۆژیکییەوە ناتوانرێت بیری لێبکرێتەوە، ناتوانرێت دەرببڕدرێت و هەر هەوڵێک بۆ دەربڕینی دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی مانا.

**بایەخی کتێبەکە:**

نوێنەرایەتی بناخەی فەلسەفی قوتابخانەی شیکاری فەلسەفە دەکات لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

ئەو کاریگەری لەسەر فەیلەسوفە لۆژیکییە پۆزەتیڤیستەکانی بازنەی ڤیەنا هەبوو، هەرچەندە ڤیتگنشتاین خۆی هەموو دەرەنجامەکانیان هاوبەش نەبوو.

ئەو چەمکی "سنوورەکانی زمان"ی وەک پێوەرێک بۆ ئەوەی کە فەلسەفە دەتوانێت باسی چی بکات، ناساند.

**پوختە:**

کتێبی "Tractatus Logico-Philosophicus" هەوڵێکی ڕادیکاڵە بۆ پێناسەکردنی ئەوەی کە فەلسەفە دەتوانێت چی بڵێت و دەبێت لە چیدا بێدەنگ بێت، بە بەستنەوەی لۆژیکی زمان بە پێکهاتەی جیهانەوە. ویتگنشتاین فەلسەفە وەک کۆمەڵێک بابەتی نوێ نابینێت، بەڵکو وەک چالاکییەکی ڕوونکردنەوە دەبینێت کە ئەو کێشانە چارەسەر دەکات، کە لە تێگەیشتنێکی هەڵە لە زمانەوە سەرهەڵدەدەن. جیهان لە ڕاستییەکان پێکهاتووە و زمان لە ڕێگەی وێنەی لۆژیکییەوە ئەو ڕاستیانە ڕەنگ دەداتەوە. هەر شتێک کە سنووری ئەم وێنانە تێپەڕێنێت، دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی لێدوانی ئەگەری.